

نیچە

وەرگێڕانی

شوان ئەحمەد

Scanned by CamScanner

- کتێب: **نیچە**
- بابەت: **فەلسەفی**
- وەرگێڕانی: **شوان ئەحمەد**
- نەخشەسازی: **شۆڕش ئەحمەد**
- بەرگ: **ئارام عەلی**
- چاپی یەکەم – 2011
- تیراژ: (1500)
- نرخ: (4000) دینار
- لەبلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (2056) ساڵی (2011)ی پێدراوە.

Scanned by CamScanner

پێڕست

کرۆنۆلۆژیا		5
ژیانی نیچە	د. یسری ئیبراهیم	11
بەرهەمەکانی نیچەو قۆناغەکانی ژیانی	د. یسری ئیبراهیم	41
فردریش نیچە	یانکۆ لاڤرین	47
دەربارەی نیچە	عەبدولسەلام حەیدەر	67
نیچە .. بایۆگرافیای بیرکردنەوە	رۆدیگە زافرانسکی	95
نیچەو میتافیزیک	هاشم سالّح	107
نیچەو نیهلیزم	هاشم سالّح	127
نیچەو فاشیزم	هاشم سالّح	141
سۆپەرمان و ئایین لای نیچە	سەمیر عەبدە	151
فردریش نیچە، ئەو فەیلەسوفەی جاڕی مردنی یەزدانی دا	دیما شەریف	165
نیچە لەئاوێنەی فیکری فەرەنسیدا	هاشم سالّح	175
نیچەو روناکی	پیاتریس کۆمۆنگی	191
کاتێک نیچە خۆی دەلاوێنێتەوە	هاشم سالّح	211

Scanned by CamScanner

من رووەکێکم، نزیک کێڵگەی خودا لەدایکبووم!

نیچە

ئەوەی نیچە خوازیاری بوو، بریتیبوو لەژیان،
ژیان نەک بیرکردنەوە..

پۆڵ ڕێ

Scanned by CamScanner

کڕۆنۆلۆژیای



نیچە

Scanned by CamScanner

-لەپانزەی تشرینی یەکەمی ساڵی 1844 لەشاری (رۆکن)ی سەر بەهەرێمی (سەکسۆنیا) هاتۆتە دونیاوە، "لۆدۆڤیگ کارل نیچە"ی باوکی قەشە بووەو "فرانسیسکا ئۆیلەر"ی دایکیشی کچی کابرایەکی قەشە بووە.

-ساڵی 1846 لەدایکبوونی "ئەلیزابیس"ی خوشکی، کەلەداهاتوودا دەبێتە خاتوو "فۆرستەر".

-کاتێک تەمەنی دەگاتە پێنج ساڵی، واتە لەساڵی 1849دا باوکی دەمرێت.

-لەساڵی 1850 خێزانەکەی کۆچ دەکات بەرەو (ناومبرگ)و لەوێ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات.

-ساڵی 1864 دەچێتە (زانکۆی بۆن)و لەوێ لای هەریەک لە"ریچڵو یان"، فیلۆلۆگیاو تیۆلۆگیا دەخوێنێت.

-لەتشرینی یەکەمی 1865 لەگەڵ "ریچڵ"دا دەچێتە (لایبزگ)، لێرەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری "شوبنهاوەر"و سەرەتای پەیوەندی هاورێیەتی لەگەڵ "رۆدە"دا دەست پێدەکات.

-لەساڵەکانی 1867 – 1868 دەچێتە ریزی سوپاوە بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، بەڵام دوای کەوتنە خوارەوەی لەسەر پشتی ئەسپ، دەگەرێتەوە (لایبزگ)و بۆ یەکەمین جار چاوی بە"ریچارد ڤاگنەر" دەکەوێت.

Scanned by CamScanner

- ساڵی 1869 دەبێتە مامۆستای یاریدەدەر لە (زانکۆی بازل لەسویسرا)، یەکەمین لێکچەریشی کەپێشکەشی دەکات بەناوی (هۆمیرۆس‌و فیلۆلۆژیای کۆن)ەوە دەبێت.

-لەکۆتایی ئەو ساڵەدا سەردانی "ڤاگنەر" دەکات لە (تریبشن)، لەسەرەتای ساڵی 1870دا دەبێتە مامۆستا، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەریەک لە"یاکوب بۆرکهارتی "L. Burckhart" مێژونوس‌و "فرانتز ئۆڤەر برکی "F. Overbeck" تیۆلۆژی پرۆتستانتی دەست پێدەکات.

-ساڵی 1872 سەر لەنوێ سەردانی "ڤاگنەر" دەکات‌و تیایدا چاوی بە"کۆزیما ڤاگنەر" دەکەوێت. کتێبی (گورانی تراژیدیا) دەنوسێت.

-ساڵی 1878 "ڤاگنەر" ئۆپێرای "پارسیڤا" پێشکەش بە"نیچە" دەکات‌و پەیوەندییەکانیان بەرەو خراپی دەچێت. هەمان ساڵ "نیچە" کتێبی (مرڤانە، زێدە مرۆڤانە) دەنێرێت بۆ "ڤاگنەر".

-ساڵی 1879 باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچێت. مۆڵەت لەزانکۆی "بازل" وەردەگرێت بۆ پشودان.

-ساڵی 1880 خانەنشین دەکرێ‌و سەردەمی سەفەرەکانی دەستپێدەکات.. زستانان لە (نیس)و هاوینان لە (سیلیس ماریا) بەسەر دەبات، بەڵام دڵگیرترین شوێن لای ئەو (ڤینیسیا) بوو.

-لەبەهاری 1881دا، تەندروستی بەرەو باشتر دەچێت.

-ساڵی 1882 لەگەڵ "لۆسالۆمی"دا پەیوەندی دەگرێت. "نیچە" داوای لێدەکات ببێتە هاوسەری، بەڵام "لۆ" رازی نابێت.

-ساڵی 1883 له (رابالو)، بەشی یەکەمی (زەرادەشت وەهای وت) تەواو دەکات.. "ریچارد ڤاگنەر" لە"بوندوقیە" کۆچی دوایی دەکات.

-هەمان ساڵ لەوەرزی بەهاردا دەچێتە (رۆما)، هاوین له (سلیس ماریا) بەسەر دەباتو بەشی دووەمی (زەرادەشت وەهای وت) دەنوسێت. لەپایزدا دەگەڕێتەوە (ئەڵمانیا)و داواکارییەک پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی لە (زانکۆی لایبزگ) ببێتە وانەبێژ، بەڵام داواکەی رەتدەکرێتەوەو ناچار دەگەڕێتەوە (جەنەوا).

-زستانی ساڵی 1883 – 1884 مانەوە لەشاری (نیس/فەرەنسا)، بەشی سێهەم لەکتێبی (زەرادەشت..) "نیچە" تووشی نائومێدی دێت، لەبەرئەوەی وەکی پێویست پێشوازی لەکتێبەکەی ناکرێت.

-بەهاری 1884 لە (ڤینیسیاو بالو زوریخ) بەسەر دەبات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ (سلیس ماریا). دووچاری ژانە سەرێکی کوشندە دێت.

-زستانی ساڵی 1885 لە (نیسو مۆنتۆن لەفەرەنسا) بەسەر دەبات، بەشی چوارەمی (زەرادەشت) تەواو دەکات، لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی دەگەیەنێت. بەهارو هاوینی ئەو ساڵە لە (ڤینیسیاو سلیس ماریا) دەبێت، پایز دەچێت بۆ (منشن) پاشان بۆ (فلۆرەنسا)و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە (نیس). خۆ ئامادەکردن بۆ نوسینی کتێبی (ئیرادەی هێز) کەلەپاش مردنی خۆی بڵاودەکرێتەوە.

Scanned by CamScanner

-ساڵی 1886 ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی ئاکاری مەسیحییەتو بورژوازیەت.

-بەهاری ساڵی 1887 لە (لۆنگاردین) بەسەردەباتو کتێبی (لەودیو چاکەو خراپەوە) دەنوسێت. هاوین لە (سلیس ماریاو پایز لەڤینیسیا). زستان لەشاری (نیس لەفەرەنسا)و کتێبی (ژینالۆژیای ئاکار).

-بەهاری ساڵی 1888 بۆ یەکەمجار دەچێتە (تۆرینۆ). پەیوەندی بەستن لەگەڵ "جۆرج براندز"ی ڕەخنەگری (دانیمارک)ی کەدواتر لە (زانکۆی کۆپنهاگن) چەند لێکچەرێک دەربارەی (فەلسەفەی نیچە) پێشکەش دەکات. هاوین لە (سیلیس ماریا) دەبێتو پایز دەگەڕێتەوە (تۆرینۆ).

-زستانی ساڵی 1888 – 1889 کتێبی: (کێشەی ڤاگنەر، ئاوابونی بتەکان، ئەنتی مەسیح، ئەمەیە پیاو)، (کەلەدوای مردنی بڵاودەکرێتەوە)، دەنوسێت.

-ساڵی 1889 لە (تۆرینۆ) دووچاری شێتیو وڕێنەکاری دەبێت، بەناوی (دیۆنیزوسو لەخاچ دراوەوە نامە بۆ سترینید بێرگو بۆرکهارت) دەنێرێت. ماوەیەک لەنەخۆشخانەکانی (بازل و بینا) دەمێنێتەوە.

-ساڵی 1890 دایکی دەیباتە لای خۆی لە (ناومبرگ)و لەلایەن (Moebiusm)وە چاودێری دەکرێت.

-لەساڵی 1897 دایکی دەمرێتو "ئەلیزابیس فۆبستەر"ی خوشکی دەیگرێتە خۆی لەشاری (ڤایمار).

-لەبیستو پێنجی ئابی ساڵی 1900دا لە (ڤایمار)، بۆ دواجار ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

Scanned by CamScanner

ژیانی "نیچە"

د.یسری ئیبراهیم

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

"فردریـــک نـــیچە" لەپـــانزەی ئۆکتـــۆبەری ســـاڵی 1844، لەهەرێمی (ڕیکن) لەئەڵمانیا هاتوەتە دنیاوە. "لۆدڤیک نیچە"ی باوکی قەشەیەکی پرۆتستانتیو کوڕی قەشـەیەکی پرۆتستانتی بووە. هاوکات دایکیشی کچی قەشـەیەکی پرۆتـستانتی بـووە. باپیری (باوکی باوکی) چەند کتێبێکی ئـاینی نوسـیوە، لەوانە (البقـــاء الابـــدي للمـــسيحية) کە لەســـاڵی 1796دا بەچاپیگەیانـــدوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێـــت "نـــیچە" کـــوڕی بنەماڵەیەکی مەسیحی بووە کە ئاین لەخوێندندا بووە. پیشەی زۆرێک لەباب‌وباپیرانی قەسابی بووە و هیچ کامیـان لەخـانەدانە پۆڵەندیەکان نەبوون، وەک ئەوەی "نیچە" باسـیکردووە. بـاوکی بـۆیە نـاوی نـا "فردریـک ڤلهلـم"، چـونکە ڕۆژی لەدایـک بـوونی هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە شا "فردیک ڤلهلم"ی پادشای پرۆسیای تێدا لەدایک بـوو. وەک چۆن پادشـای پروسـیا لەدواسـاڵەکانی ژیانیدا شێتبوو، "نـیچە"ش لەکـانونی دووەمـی سـاڵی 1889دا، توشی هەمان حاڵەت بوو. لەوڕەشنوسەی (نیچە) باسی ژیـانی خـــۆی دەکـــات دەڵێـــت: (لەئەیلـــولی ســـاڵی 1848بـــاوکی خۆشەویستم دوچاری نەخۆشی ئەقڵ بوو).

شـــایەنی باســـە ئەو پزیـــشکەی پـــشکنینی بـــۆ کردبـــوو، ڕایگەیاندبوو کە دووچاری نەرمی مێشک بووە. سـەرەوەختێکیش لەسـاڵی1849دا کـۆچی دوایکـرد، پـشکنینیان بـۆ کەلەسـەری

کـردو دەرکەوت کە پزیـشکەکەی بەهەڵەدا نەچـووەو ڕاسـتی پێکاوە. لـەگـەڵ ئەوەشـدا پـسپۆڕان کـۆکن لەسـەر ئەوەی کە دێوانەیی "نیچە" بۆ ماوەیی نەبووە. ساڵی 1850برا بچوکەکەی دەمرێـت کە تەمەنـی دووسـاڵان دەبێـت و دوای ئەوە دایکـی بڕیاردەدات بچن بۆ (ناومبۆرگ). لێرەبەدواوە "نـیچە" بەشـێکی زۆری تەمەنی منـداڵی، لەچوارچێوەی خێزانێکـدا بەسـەردەبات کە لەدایکیوخوشکیو داپیرەی (دایکـی بـاوکی)و دووپـوری کە شویان نەکردووە، پێکهـاتبوو. (1) هەنـدێک لەلێکۆلیـاران پێیـان وایە ئەم ژنـیگە ژنـانەیەی "نـیچە"ی تێـداژیاوە، زۆر جاڕسـی کردوەو ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لەدواتـردا هێرشـی توند دەکاتە سەر ژنو هەڵوێستیان لەدژ وەردەگرێت.

بەهەر حـاڵ "نـیچە" سـەرەتای تەمەنـی بەڕۆحێکـی ئـاینی پەروەردەکراو زۆر دەرگیری ئاین بوو. لێیدەگێڕنەوەو دەڵـێن کە لەتەمەنـی شـەش سـاڵاندابووە، بەشـێوەیەک ئینجیـلو وێـردە ئاینیەکـانی خوێنـدوە، خەڵکـی هێنـاوە تەگریـان، ئەمەش وایکردوە هاورێکانی بە (قەشە بچکۆلەکە) بانگی بکەن. ساڵی 1858 بۆ خوێندن دەچێتە قوتابخانەی (بفۆرتـا)، بـۆ مـاوەی شەش ساڵ ناچار دەبێت لەگەڵ ڕێوەڕەسم وسستمی توندوتۆڵی ئەو قوتابخـانەیەدا هەڵبکـات کەپێـشتر "نۆڤـالیسو فیخـتەو رینکەو شلیگڵ"، تێیدایدا خوێند بوویان.

"نیچە" لەتیۆلۆژیاو ئەدەبی ئەڵمانیاو کلاسیکیدا پلەی باشە بەدەسـتدێنێت، بەڵام لەماتماتیـکو وێـنەدا نمرەیەکـی کەم وەردەگرێت. لەسـاڵی 1861دا وتـارێکی پیاهەڵـدان دەربـارەی

Scanned by CamScanner

"هۆڵـدەرلین" دەنوسـێت کە ئەوکـات کەس نەیدەناسـی. شـەش سـاڵ دوای نوسینی ئەو وتـارە، "هۆڵـدەرلین" وەک مەزنتـرین شـاعیری ئەڵەمانیـا لەدوای "گـۆتە" نـاو دەردەکـات. یەکێـک لەمامۆسـتاکانی "نـیچە" دەرهەق بەو وتـارەی لەسـەر "هۆڵـدەرلین" نوسـیویەتی، پێیـدەڵێت: (ئامۆژگاریت.دەکەم هۆگری شاعیرێکی ئەڵەمانی دیکەبیت، شـاعیرێک کەزۆر لەهۆڵـدەرلین بەهرەمەنـدترو ڕونو ڕەوانتـر بێت)[2].

"کـارل یاسـبەز" بـاس لەوە دەکـات کە "نـیچە" لەتەمەنـی لاوێتیـدا زۆربە "هۆڵــدەرلین" سەرسـام بـووە، بەتـایبەت بەشـانۆگەریە شـیعریەکەی (ئەمبـا دۆکلـیس)[3]. "ئەمبـادۆ کلـیس" یەکێـک بـووە لەفەیلەسـوفە سروشـتیەکانی یۆنـانو لەسـەدەی پێنجەمـی پ.ز لەشـاری (ئەگریگـان)ی پـایتەختی "سـقلیە"دا ژیـاوە. کـارەکتەری ئەو تێکەڵـیەک بـووە لەواقیـعو ئەفسانەو لێیـدەگێڕنەوە کە لەیەک کاتـدا شـاعیرو فەیلەسوفـو سیاسـیو پزیـشک و جادوبـاز بـووە، بەڵام ئەو بەسـەرهاتەی لەسـەر مـردنەکەی لێیـدەگێڕنەوە، ئەوەیە کە بەنەمـری هێشتویەتیەوەو بوەتە کەرەستەیەک بۆ شاعیران، تالەبارەیەوە بنوسنو باسیبکەن.

دەڵـێن بەدەسـتی خـۆی مردنـی هەڵبـژاردووە و بـۆ ئەمەش خـۆی فـڕێ داوەتە نـاو گڕکانەکـانی (ئەتنـا)و پێڵاوەکـانی لەو نزیکانە جێهێـشتووە، تـابەڵگە بێـت بـۆ ئەوەی کەلەوێـدا خـۆی کوشتووەو بزانن چی بەسەرهاتووە.

Scanned by CamScanner

"ئەمبادۆ کلیس" بەلای "هۆلدەرلین"ەوە، قارەمانێکی موقەدەسەکە بەدەم بانگەشەی زەویەوە چووەو لەسەر زەوی دەستبەرداری ژیانی خۆی دەبێت، بۆئەوەی لەناخیدا بەدەستی بێنێتەوە.. ئەوەتا دەربارەی "ئەمبادۆقلیس" دەڵێت:

تۆ بەدوای ژیاندا وێڵیتو بۆی دەگەڕێیت، لەناخی زەویەوە گڕێکی یەزدانی دێتەدەرێ وبۆت دەدرەوشێتەوە، تۆش بەشەوقو شۆرێکی زۆرەوە خۆت دەهاویتە ناوکڵپەو نێڵەنێڵی (ئەتنا) لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ لەلای من پیرۆزی پیرۆزی وەک ئەو هێزی زەویەی هەڵیلوشیت.. ئەی شەهیدە چاونەترسو بوێرەکە![4]. بێگومان سەرسامی زۆری "نیچە" بە "هۆڵدەرلین"و شانۆنامەی (ئەمبادۆکلیسی) بەتایبەتی، بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ستایشی مرۆڤ دەکات، وەک بوونەوەرێکی موقەدەسو گۆرانی بۆ ژیان دەڵێت.

ساڵی 1864"نیچە" دەچێتە زانکۆی (بۆن)، سەرەتا تیۆلۆژیاو فیلۆلۆگیا دەخوێنێت، بەڵام ساڵێک دوای ئەوە واتە لەساڵی 1865دا، واز لەخوێندنی تیۆلۆژیا دێنێتو شوێن "ڕیچل"ی مامۆستای دەکەوێت بۆ زانکۆی (لیبتسگ)[5]. بەرلەوەی بڕوانامەی دکتۆرا وەربگرێت، بەهۆی "ڕیچڵ"ی مامۆستایەوە پێشنیاری بۆ دەکرێت، تاله زانکۆی (بازل) بێتە مامۆستاو وانە بڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە "ڕیچل"ی مامۆستای بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی (بازل) دەنوسێت: (لەنێوان ئەو ئەقڵە گەنجە زۆر و زەوەندانەی لەماوەی ئەم سی‌وتۆساڵەدا وانەم

Scanned by CamScanner

پێوتون، هەرگیز گەنجێکی وەک نیچەم نەبینیووە کە لەوتەمەنە کەمەدا، بگەنە ئەو ئاستە بەرزەی بیرکردنەوەو بەوجۆرە ژیروکامڵ بن. من پێشبینیدەکەم گەرتەمەن دەرێژ بێت ولای خۆشمەوە دۆعای تەمەن درێژی بۆ دەکەم، سەرەنجام لەنێوان زانایانی ئەلەمانیادا، ڕیزی پێشەوە بگرێت.. ئەو ئێستا لەتەمەنی بیستو چوارساڵیدایەو کەسێکی بەهێزو چستو چالاکەو تەندروستی باشە و بەرۆحو بەجەستە ئازاو بوێرەو دڵخوازی تەواوی زانا گەنجەکانی بواری زمانەوانیە لێرە واتە لەلیبتسگ. ڕەنگە بڵێن ئەوەی تۆ باسیدەکەیت موعجیزەیە کە لەموعجیزەکان، بەڵێ وایەو موعجیزەیە.. هاوکات کەسێکی بەلوتفو خاکیەو هەر شتێک بە مێشکیدا بێتو ئەقڵی ڕێنوێنیبکات، ئەنجامیدەدات)[6] بەمجۆرە "نیچە" لەتەمەنی بیستوچوارساڵیدا بووبە مامۆستای فیلۆلۆژیاو بۆ ماوەی تۆساڵ لەزانکۆ (بازل) وانەی وتەوە، واتە لەساڵی 1869تا ساڵی 1879 واتە تائەو کاتەی بەهۆی نەخۆشیو تێکچونی باری تەندروستیەوە وازی لەوانە وتنەوە هێنا.

ڕەنگە بەشێکی ئەو نەخۆشیەی، پەیوەندی بەو ماوە کورتەی خزمەتی سەربازیەوە هەبێت کە لەساڵی 1870و لەماوەی شەڕی پروسیاو فەرەنسادا بەجێی گەیاند. لەو ماوەیەداو سەروەختێک خەریکی مەشقی سەربازی دەبێت، لەکاتی بازدانی بۆ سەرپشتی ئەسپەکەی سنگو پەراسوی زەبریان بەردەکەوێت و بریندار دەبێت، هەروەها سەرئێشەدەگرێتو ڕشانەوەی زۆر لەپەلوپۆی دەخات. ساڵی

1872یەکەم کتێبی خۆی بەناوی (گۆرانی تراژیدیا) بڵاودەکاتەوە. کتێبەکە لەئاست چاوەڕوانی زانکۆدا نەبوو، لەبەرئەوەی پشتی بەهیچ سەرچاوەو ژێدەرێکی یۆنانی نەبەست بوو بۆ سەلماندنی ڕاوبۆچونەکانی. هاوکات ستایلی نوسینەکەشی توندو ئاگرین بوو، هیچ ستاتیکاو جوانیەکی تێدانەبوو. سەرەڕای ئەوەی بەهۆی زیادکردنی نۆ بەشی خراپ و لاواز دیکە کەتیایدا ستاشیی "ڤاگنە" دەکات، بۆ سەر ئەو پەنچابەشەی کتێبەکەی لێ پێکهاتبووو، بابەتەکەی بێئەهمیەتکرد. هەر بۆیە دواجار کتێبەکە وەهادەرکەوت کە وتارێکی سەیروسەرنجڕاکێش بێت، نەک توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بێت(7). لێرەدا دەبێت ئیستێک بکەین، بۆئەوەی بەوکارەکتەرە گرنگانە ئاشنابین کە لەژیانی "نیچە"دا ڕۆلیان بینیووەو لەڕووی ئینسانیو فیکریەوە، شوێن دەستیان بەسەریەوە دیارە. یەکەم کەس لەوانە "پۆڵ دۆسین"ە (1845-1919). "دۆسین" هاوڕێی "نیچە" بووەو یەکێکە لە بەناوبانگترین وەرگێڕو شرۆڤەکارانی فەلسەفەی هندی لەقوتابخانەی (بڤۆرتا)و زانکۆی (بۆن) لەگەڵ "نیچە" دا بووە، بەڵام دوای ئەوە بەجێیدەهێڵێت و دەچێت بۆ (تۆبنگن). ئەویش وەک "نیچە"، سەرسام بوو بە فەلسەفەی "شۆپنهاوەر". لە (لیبتسگ) بەرێکەوت "نیچە" چاوی بەکتێبی (جیهان وەک ئیرادەو وێناکردن)ی "شوینهاوەر" دەکەوێت، دەست بەخوێندنەوەی دەکاتو تەواو دەکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچونەکانیەوە. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە "دۆیسن"

Scanned by CamScanner

بەوەفـادار تربـوو بـۆ "شـۆپنهاوەر" لە "نـیچە". "دۆیـسن" کە بەمێژووی فەلسەفە دەستپێکرد لەفەلسەفەی هندی کۆنەوە تـا ئەوروپای مـۆدێرن، سـەرەنجام بە فەلـسەفەی "شـوپنهاوەر"ەوە گیرسایەوە، چـونکە بەبـڕوای ئەو "شـوپنهاوەر" ئەو کەسـەیەکە لەفەلـسەفەکەیدا رۆحـی خـۆرهەڵاتو خۆرئـاوا ئـاوێتە بەیەک دەکات. هەرچەند "نـیچە" دواجـار وازی لە "شـوینهاوەر" هێنـاو دەسـت بەرداری فەلـسەفەکەی بـوو، بەڵام تاکۆتـایی "دۆیـسن" وەک هاوڕێیەکی بە ئەمەکی مایەوە.

هەرچـی هـاوڕێیەتیەتی لـەگـەڵ "بـارڤن رۆدە" دا (1845-1898)، ئەمەن کـورتتر بـوو. لەزانکـۆی (لیبتـسگ) هەر دووکیـان بەو پەڕی خـۆینگەرمیەوە دەرگیـری ئەدەبـی کـۆنی یۆنانی بوون، تاوایان لێهات بوونە دوو هـاوڕێی گیـانی بەگیـانی یەکتـرو کـار بەوە گەیـشت، "ڕیتـشل"ی مامۆسـتایان نـاوی (دایـسکیۆری)[9] یـان بەسـەردا ببڕێـت. ئەو کتێـبەی وایکـرد "بـارڤن ڕۆدە" وەک زانایـاکی بـواری فیلۆلۆژیـای کلاسـیکی ناوبانـگ دەربکـات، کتێبـی (الـنفس) بـوو کەتیایـدا باسـی لە دیـدوتێڕوانینی یۆنانیەکـان کردبـوو بـۆ دەرون، ئەویـش لەبەر ڕۆشنایی و تووێژو مشتومڕەکانی بوو لەگەڵ "نیچە"دا لەزانکۆی (لیبتـسگ)، بەڵام ئەو لاپەڕە زۆرانەی کە "ڕۆدە" تیایـدا باسـی لە "دیۆنسیۆس" کردبوو، هیچ جۆرە ئامـاژەیەکی بۆ نوسـەری کتێبـی (گـورانی تراژیـدیا) نەکردبـوو. ئەمەش بـووە مـایەی سـەرەتای کۆتـایی ئەو پەیوەنـدی هـاوڕێیەتیەی، مـاوەیەکی دووردرێـژ لەنێوانیانـدابوو[10]. بەمجـۆرە دەبینـین کە فیکـر

Scanned by CamScanner

ئاڕاستەی ژیانی "نیچە"ی کردوەو بۆ چونی هاوڕێیەکی لەسەر کتێبێک لەکتێبەکانی، یاخود فەرامۆشکردنی بەرهەمێکی لەلایەن ئەوانەوە، بەس بووە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوانیان بهێنێت. لێرەوە بڵاوبوونەوەی هەر کتێبێکی تازەی (وەکی د.عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێت)، دەبوومایەی لەدەستدانی هاوڕێیەک لەهاوڕێکانیو بچڕانی پەیوەندی نێوانیان. "نیچە" لەسەر لەدەست دانی هاوڕێکانی و دوورکەوتنەوە لەخەڵکو خوا بەردەوام بوو، تاوای لێهات لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا گۆشە گیرو تەنها مایەوە. وای لێهات نەکەس باسیدەکردو نەکتێبەکانیان دەخوێندەوە. خانەی وەشان و بڵاوکردنەوەکانیش ڕازی نەدەبوون بەرهەمەکانی چاپ بکەن، بۆیە ناچاردەبوو لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپیان بگەیەنێت. "نیچە" هەربە نها خەڵک و خوافەرامۆشیان نەکرد، بەڵکو ئەوچەند هاوڕێیەشی کە مابووی ئەوانیش لێی دورکەوتنەوە.. سەر وەختێک بەشی چوارەمی کتێبی (زەرادەشت)ی بڵاوکردەوە، نەیتوانی جگە لەچل دانە زیاتری لێچاپ بکات، تەنانەت لەو چل دانەیەش و لەناو حەفتاملیۆن هاووڵاتی ئەڵەمانیدا، تەنها حەوت کەسی بەشایستەی ئەوە زانی کتێبەکەیان پێشکەش بکات تابیخوێننەوە.[11] سێهەم کەسایەتی لەژیانی "نیچە"دا "ئۆفریک"ە (1837-1905) کە نزیکترین هاوڕێی بووە لەزانکۆی (بازل)و ماوەیەکی زۆد لەژورێکدا پێکەوە ژیاون. تەنانەت کاتێکیش (نیچە) (بازل) جێ دێڵێت، "ئۆفریک" هەر پەیوەندی بەهێزی لەگەڵدا دەبێت.

Scanned by CamScanner

"ئۆفریک" زیاتر گرنگی بە ئینجیلو جیاوازیە قوڵ و گەورەکانی نێـوان سـەدەکانی ناوەڕاسـتو سـەردەمی مـۆدێرن دەدا، بەتایبەتیش زیـاتر سـەرقاڵی جیـاوازی نێـوان مەسـیحیەت بـوو (لەسەر تاکانیدا) لەگـەڵ مەسیحیەتی هاوچەرخـدا. سـەرەنجام بەوە گەیشت کە (زوهد) خەسڵەتی سەرەکی مەسیحیەت بـووە لەسـەرەتاکانیدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت کە "ئۆفریـک" مامۆستای "نـیچە" بـووە و چەمکـی (زوهـد)ی لەو خواسـتووە. تەنها گرنگیەکی "ئۆفریـک" ئەوەیە کە هـاوڕێیەکی بە ئەمەک و دڵسۆزی (نیچە) بووە تاکۆتـایی(12). ڕەنـگە "ڕیچارد ڤـاگنەر" (1813–1883)، بەناوتگترین هاوڕێی "نیچە" بوو بێت. "نیچە" تا ئەوپەڕی بەمۆسیقای ئەو سەرسام بـوو، بەتـایبەت ئۆپێرای (تریـستان)و پێیوابـوو دوای مردنـی "گـۆتە"، "شـوپنهاوەر"و (هـانیە)و (ڤـاگنەر)، مەزنتـرین هونەرمەنـدو دا هێـنەری ئەڵەمانیـان. ئەوکـاتەی "نـیچە" ئەم ڕاوبـۆ چـونەی هەبـوو، "شـۆپنهاوەر"و "هـاینە" لەژیانـدانە مـابوون، بەڵام "ڤـاگنەر" لە (تریـشن) لەنزیـک (بـازل) دەژیـا. بـوونی "ڤـاگنەر"یـش ئەو قەنـاعەتەی لای "نـیچە" دروسـتکرد کە مەزنـیو داهێنـانی ڕاسـتەقینە، هەرمـاوەو کۆتـایی نەهـاتوە(13). "ڤـاگنەر" تەنها بەمەزنیەکەی نەبوو بووە جێسەرنجی "نیچە"، بەڵکو هۆکـارێکی سـەرەکی ئەوە بـوو کە "نـیچە" بەشـێوەیەکی سـەیر عاشـقی میوزیـک بـوو، خەسـڵەتی ڕادیکـاڵانەو شۆڕشـگێڕانەی ئـۆپێرای (تریستان) یش زۆر سەرسامی کرد. هاوکات لەگەڵ "ڤـاگنەر"دا "شونپهاوەر" یان خۆش دەویـستو دەرگیـری فەلـسەفەکەی ئەو

Scanned by CamScanner

بـوون. لەلایەکـی تـرەوە ئـۆپێرای (تریـستان) هەر بەتەنها ستایـشی (ئیـرادەی کـوێرانە) ناکـات لای "شـوپنهاوەر"، ئەو ئیرادەیەی بێوەستان لەجۆڵەو گەڕانـدایە، بەڵکو ستایشی ئەو دۆخـی شـادیەش دەکـات، کەبـووبە سـەرچاوەی شـادی و بەختەوەری دیۆنیـسۆسی لای "نیچە". ئەگەر گوێی لەئۆپێرای (تریـستان) نەبـوایە، هەرگیـز نەیـدەتوانی ئەوبەشـە لەکتێبـی (گـورانی تراژیـدیا) بنوسـێت کەتیایـدا بـاس لەدرامـای یۆنـانی دەکـات. تەنـانەت چەنـد سـاڵێک دوای پچڕانـی هەمـوو پەیوەندیەکی لەگەڵ "ڤـاگنەر"دا، "نـیچە" دان بەبـایەخ و گرنگی ئۆپێرای (تریـستان) دا دەنێـتو لەکتێبـی (Eecc homo) دا دەڵێـت: (لەسـەردەمی لاوێتیمـدا بەبـێ میـوزیکی ڤـاگنەر نەمـدەتوانی کـاربکەم. لەو کـاتەوەی بە پیـانۆ کەوتە ژەنینـی میوزیکی تریستان، بووم بەڤاگنەری و لەو رۆژەشـەوە چـاولەڕێی هونەرێکم ئەفسونێکی ترسناکو سەرمەدی پڕ چێـژم پێشکەش بکـات، وەک ئەوەی ئـۆپێرای ترسـیتان پێـی بەخـشیم، بەڵام جەخار هەرچیم گوێلێ بوو، هـونەرێکی ئاسـت نـزم و بێکەڵـک بوو. من پێموایە سەیروسەمەرەیی هـونەری لیۆنـاردۆ داڤنـشێ، سەرچاوەکەی سـیحرو ئەفـسونی تریـستانە).[14] خۆشەویـستی "نـیچە" بۆ "ڤـاگنەر" خۆشەویـستیەکی قـوڵو گەورە بـوو، ئەم خۆشەویستیەش بەردەوام بوو تا ئەوکـاتەی نێوانیـان تێکچـوو. لە1883/3/22دا لەنامەیەکـدا کەبـۆ "ئۆفریـک"ی نوسـیووە، "نـیچە" دەڵێـت: (ڤـاگنەر کـامڵترین پیاوێـک بـوو لەژیانمـدا بینبیم، خۆشمویستو کەسم بەڕادەی ئەو خـۆش نەویـستووە..

Scanned by CamScanner

هەمیـــشە لەبەردڵمـــدابوو). هەروەهـــا لەنـــامەیەكی تریـــدا لە1887/1/12دا بە "ئۆفریـــک" دەڵێـــت: (جـــگە لەڤـــاگنەر لەژیانمـدا، یەک کەسـم نەدیـووە هێنـدەی ئەو خەم و ئـازاری هەبێت تالەمن تێ بگات).

لەکۆتایی کتێبی (Eecc homo)دا دەڵێت: (من دەربەستی هیچ یەک لەپەیوەندیەکانم نیم لـەگەڵ خەڵـک و خـوادا، بەڵام نـاتوانم ڕۆژانـی تربـشن لەیـادکەم، چـونکە ڕۆژانـی متمـانەو بەخـتەوەریو ڕوداوە مەزنەكـانو سـاتە وەخـتە دەگـمەنە كـان بوو)[15]. بێگومان ڕاوبۆچونی "ڤاگنەر" لەسەر کتێبی (گورانی تراژیدیا)، کاریگەری زۆری هەبـوو لەسـەرپتەوکردنی پەیوەنـدی نێوانیـان. سـاڵی 1871 کاتێـک "ڤـاگنەر" کتێبـی (گـورانی تراژیـــدیا)ی بەدەســـتدەگاتو لەخوێنـــدنەوەی دەبێێـــتەوە، لەنامەیەكدا بۆ "نیچە" دەنوسێت: (هیچ شتێکم نەخوێندوەتەوە لەم کتێـبەی تـۆ جوانتربێـت). سـاڵی 1873 جـارێکی تـر لەنامەیەكـدا پێیـدەڵێت: (واجـارێکی تـر لەخوێنـدنەوەی کتێبەکەت بوومەوە، بەخوای گەورە سوێندت بۆ دەخـۆم کەمـن پێمـوایە تـۆ تـاکە کەسـێکی کە دەزانیـت مـن دەمەوێـت چـی بـکەم)[16]. شـایەنی باسـە "کۆزیمـا"ی هاوسـەری "ڤـاگنەر"، یەکەمـین ژنە لای "نـیچە" پلەوپـایەیەکی بەرزی هەبووبێـت و پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی لەگەڵـدا گرتبێـت. جیـاوازی "کۆزیمـا" لەگەڵ ئەو ژنانەی لەمنداڵیدا کۆنترۆڵیـانکرد بـوو، جیـاوازیەکی گەورەیە. تەنـانەت "نـیچە" نەیتـوانی هەرگیـز لەیـادی بکـات. لەشیعرەکانی و دوایـن نامەکانیـدا، دەردەکەوێـت کە "کۆزیمـا"

"ئەریادنە"یەو خۆی "دیۆنیسۆس"ەو بەم پێیەش بێت "ڤاگنەر" رۆڵی "تیسیۆس"[17] دەبینێت. ئەم مەسەلەیە تەنها ئەوکات ئاشکرابوو کە شێت بوو، لەو ماوەیەدا چەند نامەیەک دەنێرێت بۆ "کۆزیما"و روندەبێتەوە کە مەبەستی لە "ئەریادنە" کێیە. "کۆزیما" خۆشی رۆژێکیان نامەیەکی لە "نیچە"وە پێدەگات کەناوی "دیۆنیسیۆس"ی لەسەرەو تاکەیەک دێڕی تێدا نوسراوە کە دەڵێت: (ئەریادنە، خۆشمدەوێیت). رۆژی 1889/3/27 لەنەخۆشخانەی (یەنا) دەڵێت: (کۆزیما ڤاگنەری خێزانم هێنامی بۆ ئێرە).[18] عەشق و خۆشەویستی "نیچە" بۆ "کۆزیما"، حەزێکی یاساغو خەونێکی نهێنیو شاراوەبوو کە بەدیهێنانی ئەستەم بوو. مانای راستەقینەی ئەم عیشقو خۆشەویستیە (وەک ئەوەی کاوفمان باسیدەکات)، لەبەر رۆشنایی پەیوەندی "نیچە" "ڤاگنەر"وە، بۆمان ئاشکرادەبێت. "ڤاگنەر" لەهەمان ئەو ساڵەدا لەدایک بووە کە باوکی "نیچە" تێدا لەدایک بووە، ئەویش ساڵی 1813. سەروەختێک "نیچە" تەمەنی چوارساڵان دەبێت، باوکی دەمرێت و بەو هۆیەشەوە ئازارێکی زۆر دەچێژێت، لەخێزانێکی بێ باوکدا کە لەپێنج ژن پێکهاتووە. پێدەچێت "نیچە" لە "ڤاگنەر" دا ئەوکەسەی بینیبێت کەجێی باوکی بۆ بگرێتەوە و دەکرێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە دواتریش لەئاستیدا، هەستی بەگرێی ئۆدیب کردوە. "نیچە" "کۆزیما"ی خۆشدەویست، بێئەوەی بتوانێت رووبەڕوو ئەو هەستەی بەیان کات. هاوسەرگیری لەگەڵی یاخود پەیوەندی گرتن لەگەڵیدا بە هەجۆرێک بێت، بەمێشکیدا

نەدەهات، وەک ئەوەی دایکی بێت. لەڕاستیدا ئەو ڕۆژانەی لەماڵی "ڤاگنەر" لە (تربشن) بە تەنیشت "کۆزیما"وە بەسەریدەبرد، خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی بووە، تا ئەو ڕادەیەی پێیوابوو (تربشن) دورگەی بەختەوەریە.

"والتەرکاوفمان" دواجار پێوایە، "ئەریادنە" بەلای "نیچە"وە زۆر لە "کۆزیما ڤاگنەر" وەک ژنێک لەگۆشت و خوێن زیاتربووە، بەتایبەت لەوکاتەشی کە "کۆزیما"ی هەرگیز بەخەیالّدا نەهاتووە، لەنوسینێکیدا دەڵێت: (ئەومرۆڤەی دەکەوێتە ناو توناوتونەکانی ژیان، تەنها لەهەقیقەت ناگەڕێت، بەڵکو عەودالّی ئەریادنیشە)[20]. بەلاّم ئاخۆ "نیچە" بۆچی ماڵی "کۆزیما"ی جێهێشتو ماڵئاوایی لەدوورگەی بەختەوەریکرد، بۆچی لەدەست "ڤاگنەر"ی باوکی هەڵهاتو شوێن ئازادیو سەربەستی خۆی کەوت؟ هەندێک لەتوێژەرانی وەک "یانکۆ لاڤرین" پێیانوایە عەشقی "نیچە" بۆ "کۆزیما"، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی بووەمایەی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ "ڤاگنەر"دا. لەمبارەیەوە "یانکۆ لاڤرین" دەڵێت: (ڕەنگە نیچە بەڕەخنەگرتنی لەڤاگنەر، لەهەوڵی ئەوەدا بوبێت کە بەدنیاو بەتایبەتیش بە کۆزیما بڵێت کە ڤاگنەر ڕێگرە لەبەر دەم خۆشەویستیە کەیدا و شایەنی ئەوەش نیە کە هاوسەری کۆزیمان بێت.)[21] هەندێکی تر وای بۆ دەچن "نیچە" بۆیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ "ڤاگنەر"دا پچڕان، چونکە "ڤاگنەر" لەئۆپێرای (پارسیڤاڵ)دا گەڕایەوە باوەشی مەسیحیەتو پەشیمان بوونەوەی خۆی ڕاگەیاندو لەبەردەم خاچەکەدا

Scanned by CamScanner

بەچۆکدا هاتەوسوژدەی برد، بەڵام "کاوفمان" پێیوایە ئەگەرچی بەگژ ئوبێرای (پارسیڤال)دا چوەوەو ڕەخنەی توندی ئاڕاستە کرد، بەڵام ئەمە سەرەتایەک نەبوو بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوانیان، بەڵکو ئەمە بووە مایەی کۆتایهاتنی ئەو پەیوەندیانەو نێوانیانی تەواو ئاڵۆزکرد. "نیچە" زۆرپێش ئەوەی ئۆپێرای (پارسیڤاڵ) ببینێ. لەگەڵ "ڤاگنەر"دا دۆستایەتیان نەمابوو. واتە درکی بەوە کردبوو کەچیدی ئەو پەیوەندیە نەبەدەردی "ڤاگنەر" دێت و نەخزمەت بە خۆشی دەکات. [22] بەمجۆرە خودهۆشیاری "نیچە" بەخۆیو هەوڵدانی بەردەوامیشی بۆ ئەوەی خۆی بێت، بەڕای "والتەر کاوفمان"و بەڕای ئێمەش، هۆکاری سەرەکی تێکچونی پەیوەندی نێوان "نیچە"و "ڤاگنەر" بوو. "د.عەبدلڕەحمان بەدەوی"یش سەروەختێک باس لەم مەسەلەیە دەکات. هەمان بۆچون دووپاتدەکاتەوە و دەڵێت: (سێ هۆکاری سەرەکی بوونەمایەی تێکچونی پەیوەندی نێوان ئەودووبلیمەتە. یەکەم/ هەستکردنی بەهێزی نیچە بەخۆی و کارەکتەری، تایبەتی خۆی. دووەم/ نائومێدبوون لەفەلسەفەی شۆپنهاوەر. سێیەم/ ئەو ڕۆحەسوک وئاست نزمەی ڤاگنەر لەشانۆی بایرۆتدا نیشانیدا [23]، بەمەش نیچە هیوابڕاو بوو لەوەی شارستانیەتێکی نوێی دیۆنیسیسی بێتەئارا، لەڕێی میوزیکی ڤاگنەرەوە). [24] هەر لەدرێژەی قسەکانیدا "د.عەبدلڕەحمان بەدەوی" دەڵێت: (هۆکاری یەکەم لەوسێ هۆکارەی باسمانکرد، هۆکاری سەرەکی بوو لەتێکچونی پەیوەندی نێوان ڤاگنەرو نیچە. دووانەکەی تریان یارمەتیدەری

Scanned by CamScanner

لاوەکی بوون... هەرچی هۆکاری دیکەشە ڕخنەگران تائێستا دروستیانکردوەو باسی ئەکەن، وەک پێویست نین‌و قەناعەتمان پێناکەن [25]). بەمجۆرە ساڵی 1876کۆتایی پەیوەندی گەرم وگوڕوتوندو تۆڵی نێوان "نیچە"و هاوڕێی ئازیزی "ڕیچاردڤاگنەر" بوو. ئەوپیاوەی سەردەمانێک "نیچە" پێوابوو نمونەی بەرزی هونەرو بلیمەتیە. سەرەڕای پچڕانی ئەو پەیوەندی هاوڕییەتیە، بەڵام "نیچە" لەهەمان ئەو ساڵەدا کتێبی (ڕیچاردڤاگنەر لەبایرۆت)ی بڵاوکردەوە. کتێبەکە بەڕواڵەت ستایشی "ڤاگنەر"ەو هەڵدانە بەهونەرە کەیدا، بەڵام ئەوەی بتوانێت پشتی دێڕەکانی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، وەکی ئەوەی "د.عەبدلڕەحمان بەدەوی" باسیدەکات، بەئاسانی هەست بەوە دەکات کتێبەکە چ ڕەخنەیەک لەخۆ دەگرێت. "نیچە" دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: "هەموو ئەو بابەتانەی لەکتێبی ڤاگنەر لەبایرۆت داهەیە، تەنها باس لەخۆم دەکات، خۆمو بەس. کە بابەت گەلێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لەڕوی دەرونیەوە). لەهەر شوێنێکی ئەو دەقەدانـاوی "ڤاگنەر" هاتبێت، مرۆڤ دەتوانێت بێ هیچ ڕوگیرییەک ناوی ئەو هەڵگرێت‌و ناوی من و زەرادەشتی لەجێدابنێت. کتێبەکە تەنها باس لە "نیچە" دەکات و "ڤاگنەر"یش هەروەک کارەکتەری ناو ڕۆمانەکان وایەو "نیچە" بەکاری هێناوە. وەک چۆن پێشتر "ئەفلاتۆن" "سوکرات"ی بەکارهێنا وەک دەماکێک، تاخۆی لەپشتیەوە بشارێتەوە [26]. شایەنی باسە "نیچە" هەستیدەکرد کە پەیامێکی پێیەو بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی پیرۆز هاتووە. ناوەڕۆکی ئەو ئەرکو

Scanned by CamScanner

پەیامەش ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بوو، لەو وەهمو خەیاڵپلاوانەی گومڕاو چەواشەیاندەکرد. ئەم ئەرکەش بوو وەکو "کارل یاسبەرز" دەڵێت: (وایلێکرد) وەها سەیری خۆی بکات کە کەسێکی تایبەت و ناوازەیە، هەر ئەمەش ئاراستەی تەواوی ڕوداوەکانی ژیانی دەکاتو پەیوەندی بەخەڵکو خواوە دیاریدەکات.. لێرەوە پەیوەندی بەهەموو ئەوانەوە توندوتۆڵدەکرد کە دەیزانی دەتوانن کۆمەک پێکەری بن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکەو، لەوانەش دوردەکەوتەوە کە نەیاندەتوانی لەومەسەلەیەدا هاوکاری بنو لەئاست ئەوکارەدابن). دەسپێک و کۆتایی پەیوەندی بە "ڕیچارد ڤاگنەر"ەوە پەیوەست بوو بەم مەسەلەیەوە.. ئەو دەمەی دەیزانی "ڤاگنەر" فاکتەرێکە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە گرنگە، ئەوا پەیوەندی لەگەڵیدا گەرم و گوڕو کۆنکرێتی بوو، بەڵام سەروەختێک هەستیکرد میوزیکو بەرهەمەوە هونەریەکانی لەگەڵ پەیامەکەیدا ناکۆکن ، وازیلێهێناو کۆتایی بەقوڵترینو گەورەترین پەیوەندی هێنا (27). قوربانی دانی "نیچە" بەهاوڕێکانی، چاری ناچاری بوو و بەکارێکی قورسی دەزانی. ئەوەتا لە 1880/8/20دا لەنامەیەکدا بۆ "پیتەر گاست" دەنوسێت: (تاهەنوکەش فەلسەفەکەم شێواو ناجێگیرە، پێدەچێت کارێکی تەواو گەمژانەبێت گەر دەربەستی ڕاستو ڕەوانی بم لەسەر حسابی خۆشەویستی، یان دەستەوستان بم لەوەی بەئارامی لەگەڵ خۆمدا بژیم، بەبێ وێرانکردنی هەستو سۆزم بەرامبەر بە هاوڕێیەتی و ڕێز و

Scanned by CamScanner

خۆشەویستی)[28] . بەمپێیە هۆکاری سەرەکی گۆشەگیریو تەنهایی، هەر بەتەنها ناگەڕێتەوە (بۆ دۆخێکی دەرونی)، بەڵکو ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ناچاری دەکرد تاخۆی لەخەڵکانی تر بەدور بگرێت، لەبەرئەوەی کەسێکی تایبەتو جیاوازبوو[29] . بەمجۆرە "نیچە" لەژیانیدا کەوتبووە نێوان دووبەرداشەوە، یەکێکیان ئەوەی خۆی دەیویست وەک مرۆڤێک ئەنجامی بدات، ئەوی کەیان کە دەیخواست وەک خاوەن پەیامێک بیکات. لێرەوە ڕازی بوو بەو تەنهاییەو خۆی لەهەموو شتەلاوەکی و ڕواڵەتیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەدوردەگرت، بۆئەوەی ژیانێکی تایبەتو ناوازە بژی[30] . گومانی تێدانیە قسەکردن دەربارەی پەیوەندی "نیچە" بە "ڤاگنەر"ەوە، دەستبەجێ بەرەو ئەوەمان دەبات کەباس بە ڕاوبۆچونی "نیچە" بکەین لەسەر میوزیک. بایەخو گرنگیدانی "نیچە" بەمیوزیک، بەشێوەیەکی زۆر قوڵبوو. پەیوەندی ئەو بە میوزیکو کاریگەری میوزیک لەسەری، بەجۆرێک بوو کە نمونەی لای هیچ فەیلەسوفێکی دی نادۆزینەوە . لە 22/حوزەیرانی1887 بۆ "گاست"ی هاوڕێی دەنوسێت: (دواجار من میوزسیانێکی پیرمو تەنهاش ئاواری میوزیک سەبوریم دەدات.

لەساڵی 1888دا زیاتر پەیوەندی بەمیوزیکەوە توندوتۆڵۆڵتر دەبێت، ئەوە تا لە15/کانونی دووەمی ئەو ساڵەدا نامەیەکی دیکە بۆ "گاست"ی هاوڕێی دەنوسێتو دەڵێت: (ئێستا میوزیک بەهرەوشارەزایی وەهام پێدە بەخشێت. کە پێشتر بێبەش بووم

Scanned by CamScanner

لێیان، میوزیک بەئاگام دێنێتو لەدەست خۆم ئازادم دەکات، هاوکات وزەو هێزی زیاترم بۆ کارکردن پێدەبەخشێت. هەموو ئێوارە ئاهەنگێکی میوزیک بەیانیەک بەدوای خۆیدا دێنێت کە لێوان لێوە لەئایدیاو بیروڕای بەهێز. بەکورتیەکەی ژیان بێ میوزیک سەرگەردانی و هەڵەو ڕەنجی بێوەرە).

لەبیستویەکی مانگی مارتی هەمان ساڵدا، لەنامەیەکی دیکەدا بە "گاست" دەڵێت: (هیچ شتێک لەژیاندا جگە لەمیوزیک شایستەی ئەوە نیە گرنگی پێبدەین). بەبۆچونی "نیچە" ئەرکی میوزیک ئەوەنیە چێژمان پێببەخشێت، هێندەی کەدەبێت وزەو تواناکانمان دەمەزەرد بکاتو بوێریو هێزو چالاکیمان پێ ببەخشێت و بەرەنگاری ئەو شتانەش بکات کە دەرونمان کرمێ دەکەن[31].

هەروەها "نیچە" پێیوایە میوزیک ئامرازێکە، مرۆڤ دەتوانێت لەڕێیەوە پێودانگو بەهاکانی هەڵبسەنگێنیو وابکات ئەم جیهانە کەڕوکاسە بکاتە شوێنێکی قەشەنگترو لەبارتر، بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی تێدابکات. میوزیک بە بۆچونی ئەو بەر لەهەرشتێک هونەری هەڵچون، واتە بەخەسڵەتی خۆی دیۆنیسیۆسیە. هونەرمەند (بەتایبەتی میوزیکزان) دەتوانێت لەڕێی هونەرەکەیەوە، کۆمەڵگەی گەندەڵ پاک بکاتەوە. میوزیک لەباریدایە بمانباتە کەشو هەوایەکی پاک و بێگەردترو بەخەیاڵو فانتازیا، حەزو خۆزگەکانمان دەستەبەر بکات. هارمۆنیەتو ئارامی سەربکێشێتە ژیانمانەوە، ئەو ژیانەی لە بێ سەروبەریدا ڕۆچووە[32]. "نیچە" جیاوازی لەنێوان میوزیکی

Scanned by CamScanner

هەقیقیو میوزیکی ڕۆمانتکیدا دەکاتو میوزیکی ڕۆمانتیکی بەترسناک ناوزەددەکات. لێرەوەیە کە بەمیوزیکی "پیتەر گاست" میوزیکی ڕۆمانتیکی لای "ڕیچاردڤاگنەر" ڕەتدەکاتەوە. لەنامەیەکیدا کەلە 18/ ئایاری/ 1881دا بۆ "ئۆفریک"ی نوسیووە دەڵێت: (پتیەر گاست مامۆستای میوزیکی ڕاستەقینەیەو میوزیکی ئەو لەگەڵ فەلسەفەکەمدا یەک دەگرێتەوە. ئەم میوزیکەی گاست شارەزایی نوێم دەداتێ و واهەستدەکەم، سەرلەنوێ لەدایکدەبمەوە).

سەروەختێک کە هێرشی دەکردە سەر میوزیکی "ڤاگنەر"و ڕەخنەی ئاراستە دەکرد، لەبەرمبەردا ستایشی زۆری میوزیکی (بیزێ)ی دەکرد، بەتایبەتی ئۆپێرای (کارمن)[33]. "ڤاگنەر" ویستویەتی بەکارەکتەرێکی پاسیف مرۆڤایەتی قوتاربکات، ئەوکارەکتەرەش (پارسیڤال)ە کە نەخۆشەوسیتی زانیووەو نەگوناهی کردوە، بەڵام کارەکتەری (کارمن) لانی کەم خۆشەویستی کردوەو لەوپەیوەندیەشدا مایەپورچ بووە. هەروەها "نیچە" لەوڕوانگەیەشەوە سەرزەنشتی "ڤاگنەر"ی کردووە کە پەنای بۆخەیاڵی ڕۆمانتیکی بردووەو پابەندی ئایدیۆلۆژیای مەسیحی بووە، هەرچی "بیزێ"یە ئەوا بەشێوەیەکی واقعی ژیانی نیشانی بینەرەکانی داوە. واتە میوزیک زانێکان هەیە سەرەنجام بەوە دەگات پشت کاتە ژیانو زیندەگی فەرامۆشبکات، لەبەرمبەردا یەکێکی دی هەیە کە ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی ژیان دەبێتەوە.

Scanned by CamScanner

بەمجۆرە "ڤاگنەر" بووە ئەو هونەرمەندە درۆزنەی، سەودا لەگەڵ ڕواڵەتو فێڵودرۆدا دەکات. ئەوەتا لە (تریستان) دا ستایشی ئیرادە دەکاتو پاشان لە (پارسیڤاڵ)دا ئەو ئیرادەیە دەکوژێت، بەڵام (بیزێ) بەلای ئەوەوە هونەرمەندی ڕاستەقینە بوو، لەبەرئەوەی کارەکتەرەکانی ڕووبەڕووی ژیان دەبنەوەو لەهەوڵی ئەوەدان، لەژیانێکی دژوار ململانێیدا بوونی خۆیان بسەلمێنن (34). پەیوەندی "نیچە" بە "ئەلیزابیس"ی خوشکیەوە لەڕوی گرنگیەوە، هیچی لەپەیوەندی بە "ڕیچارد ڤاگنەر"ەوە کەمترنیە. "نیچە" بێتەندازە خوشکەکەی خۆش دەوسیتو ئەویش بەهەمان شێوە خۆشی دەیوست. هەر بۆیە لەڕوی مرۆییەوە شتێکی گرنگ بوو بۆ "نیچە"، بەڵام زۆر دەمارگیرو مێشک پوت بوو. لەئایاری ساڵی 1885دا شوی بە "بێرنارد فۆستەر" کرد کە یەکێک بوو لەڕێبەرەدیارەکانی بزوتنەوەی دژە سامی لەئەڵەمانیادا.

"نیچە" لەبەر ئەوە دژی ئەو بزوتنەوەیە نەبوو کەئەو پیاوە بووە مایەی دورخستنەوەی خوشکەکەی لێی، بەڵکو هەڵوێستی لەو بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر پێش ئەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوساتەی (مرۆڤانە ئەوپەڕی مرۆڤانەی) تێدا نوسی، ئەویش لەساڵی 1878دابوو.

هەڵوێستی "نیچە" لەشوکردنی "ئەلیزابیس"ی خوشکی ئەم نامەیە دەریدەخات : (وا ڕۆشتیو دورکەوتیتەوە لێم، لێتی ناشارمەوە من پێموایە ئەم شوەت سوکایەتی یاخود گەمژییەکەو ئازارت دەدات، وەک چۆن ئازاربە منیش

Scanned by CamScanner

دەگەیەنێت)(35). گومانی تێدانیە کە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم هەڵوێستەی "نیچە" لەشوکردنی "ئەلیزابیس"ی خوشکی، ئەوەیە کە بەم پرۆسەیە ئەو هاوڕێیەی لەدەست چوو کە لەمنداڵیەوە لەگەڵیدا بوو. "ئەلیزابیس" لەبەراییەکانی ساڵی 1886دا لەگەڵ مێردەکەیدا چون بۆ پاراگوایو لە "نیچە" دورکەوتنەوە.

جگە لەمانەی باسمانکردن کەسانێکی دیکەش هەن کەپەیوەندیان بە "نیچە"وە هەبووە، بەڵام بەڕادەی پەیوەندی بە "ڤاگنەر" و "ئەلیزابیس"ەوە توندوتۆڵو کاریگەرنەبووە. یەکێک لەوانە "هنریش کۆزلتس"ە کە "نیچە" ناوی نابوو "پیتەرگاست". "گاست" میوزیک زانێکی زۆرکارامەنەبوو، بەڵام تەواو دڵسۆز بوو بۆ "نیچە". زیاد لە "ئەلیزابیس"، باوەڕی بە گەورەی وبلیمەتی "نیچە" هەبوو. "گاست" دەیوسیت لەتەنیایی "نیچە" کەم کاتەوەو دەست نوسەکانی بۆرێک بخاتو بەکتێبەکانیدا بچێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو خوێندکارەنەبوو کە "نیچە" بەدڵی بێتو پەسەندی بکات.

"نیچە" نەلە "پیتەرگاست"و نەلە "ئەلیزابیس"ی خوشکیدا، ئەو خوێندکارەی نەدۆزیەوە کەخۆی دەیوسیت. یەکێکیان نەیدەتوانی بڵێ ناو ئەوی دیکەشیان قسەی خۆی نەدەکرد. واتە "پیتەر گاست" هەرچی "نیچە"ی مامۆستای دەیوت، پەسەندی دەکردو "ئەلیزابیس"یش حەزی بەوە دەکرد، نیوەی بیرو بۆ چونەکانی خۆی تێکەڵ بەبۆچونی کەسانی دیکەی

Scanned by CamScanner

وەک: "ڤاگنەر و فۆرستەرو هتلەر" بکات "نیچە" خوێندکارێکی دەویست لەخوێندکار زیاتر بێت، ئەم مەبەستەشی لە (زەرادەشت)دا باسدەکاتو دەڵێت: (ئەو خوێندکارەی هەربە خوێندکاری مامۆستاکانی مایەوە، ناتوانێت فەزڵوچاکەی ئەو مامۆستایانەی بداتەوە)[36].

"لۆسالۆمێ" (1861-1937) لەژیانی "نیچە"دا، ئەو ڕۆڵەی بینی کە "ئەلیزابیس"و "پیتەرگاست" دەستەوستان بوون لەئاستیدا. واتە ڕۆڵێ ئەو خوێندکارەی کە لەگەڵیدا سەرگەرمی کێشەوباسو خواسە فەلسەفیەکان بێت. لەبەرئەوە پەیوەندی "نیچە" بە "لۆئەندریاس سالۆمی"یەوە،پەیوەندیەکی گرنگ بوو[37].

وەک "کارل یاسبەرز" باسیدەکات، "نیچە" لەشاری ڕۆماو لەبەهاری ساڵی 1882دا "لۆسالۆمی" بینیو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکرد.

"لۆ" کچێکی بزوێو زیرەک بوو. "نیچە" ئەو هەلەی قۆستەوە تافەلسەفەکەی فێری مرۆڤێکی دی بکات و "لۆ" بکاتە خوێندکارێک کە لەنهێنی فەلسەفەکەی تێبگات. لەهەمان ئەو ساڵەی کە "لۆی" تێداناسی، نامەیەکی بۆ دەنوسێت و تێیدا دەڵێت: (نامەوێت چیدی تەنهابم، دەخوازم جارێکی دی فێرببم چۆن ببمە مرۆڤ، بەڵێ پێویستە لەم بوارەدا هەموو شتێ فێرببم)[38]. هەرچەندە "لۆسالۆمی" کتێب گەلێکی زۆری نوسی، یەکێک لەو کتێبانەی ئەوە بوو (نیچە لەبەر هەمەکانیدا) کە لەساڵی 1894بڵاویکردەوە، بەڵام هۆکاری

Scanned by CamScanner

سەرەکی ناوبانگ دەرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ماوە یەک هاوڕێی "نیچە" بووە.

پەیوەندی نێوانیان لەتشرینی دووەمی ساڵی 1886دا کۆتایی هات، کاتێک "لۆسالۆمی" شوی بە "چارلزئەندریاس" کرد. "چارلز" مامۆستاو فەقیهی بواری زمان ناسی بوو[39]. ساڵی 1886 ساڵێکی ناخۆش بوو لەژیانی "نیچە"دا، لەوساڵەدا دووهاوڕێی ئازیزی لەدەستدا. لەسەرەتای ئەو ساڵەدا "ئەلیزابیس"ی خوشکی لەگەڵ مێردەکەیدا چون بۆ پاراگوایو لەکۆتایی ئەو ساڵەشدا "لۆسالۆمێ" شویکرد، بەمەش دەبوو (نیچە) بچێتەژێر باری ئەو تەنهاییە سەختو قورسەی لەمنداڵیەوە دەیگوزەراند. لەزۆرێک لەنامەو نوسینەکانیدا باسی ئەم حاڵەتەی خۆی کردووە. لەبیستو یەکی تشرینی دووەمی ساڵی 1887دا دەنوسێت: (تەنانەت ئەو کاتانەشی کەمنداڵ بووم هەر تەنها بووم، ئەمڕۆکەش کەتەمەنم چلوچوار ساڵە هەر تەنهام). هەروەها دەڵێت: (من زۆرتامەزۆری مرۆڤمو بەدوایاندا دەگەڕێم، بەڵام هەموو جارێک تەنها هەر خۆم دەبینم، ئەگەرچی تاسەی خۆم ناکەم... هیچ کەس سەرم لێناداو کەس نایەت بۆلام. من بۆلای هەمویان چوم، بەڵام کەسم نەبینی). ئەم تەنهاییە دواجار توشی نائومێدی کردو لەنامەیەکیدا کە لە5/ئابی 1886دا بۆ "ئۆفەربیک"ی نوسیووە دەڵێت: (هەنوکە کەس خۆشی ناوێم، ئیتر چۆن بتوانم لەسەر خۆشویستنی ژیان بەردەوام بم!) .(لەوێدا لەسەر کەنار دەریا دادەنیشێتو هەست بە سەرماو برسێتی دەکەیت، ئەمەش بەس

نیە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ). (تەنانەت هەراو هوریاش بۆ مرۆڤی تەنها، مایەی دڵنەواییە). گەریتوانم هەستی تەنهایی خۆمت بۆ باس بکەم، ئەوا دەڵێم: (مرۆڤێک نیە لەناوزیندوان یان مردواندا، هەست بەنزیکایەتیو ئولفەت بکەم لەگەڵیدا ئەمەش بۆخۆی کارەساتە)[40].

شایەنی باسە فەیلەسوفی بونخوازی "سۆرین کێرکە گۆرد" وەک "نیچە"، بەدەست هەمان ئەو تەنهاییە قوڵەوە ناڵاندویەتی. "کارل یاسبەرز" لەکتێبەکەیدا (ئەقڵ وبونی مرۆیی) باس لەوە دەکاتو دەڵێت: (ئەو تەنهاییە سەخت و دژوارە، خاڵی هاوبەشی نێوان سۆرین کیرکەگۆردو فردریک نیچەیە... کیرکەگۆرد دەیزانی کەناشێت هاوڕێی هەبێت و نیچەش لەتەنهاییەکی قوڵدابوو، هەر بۆیە هەردووکیان یەک وێنەیان لەخەیاڵدابوو: نیچە خۆی بەدرەختێکی ئاگر دەچواند، درەختێک کە لەسەر لوتکەکاندا هەڵدەکشێتو بەسەر چۆڵەوانیو بۆشایدا دەڕوانێت: من لێرە بەتەنهام! کێ زاتی ئەوە دەکات ببێتەمیوانم؟ هەروەها کیرکەگۆریش خۆی وەهادەچوێنێت کە وەک درەختێکی ئاگری تەنها و گۆشەگیر وەهایە کە بۆ بەرزدەڕوانێت و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت: من لێرەدا بەتەنها وەستاوم و کەسم لەلانیە تەنانەت سێبەرەکەشم، لێرە تەنها کۆترەکانی جەنگەڵ هێلانەکانیان لەسەر لقوپۆپەکانم دروستدەکەن).

دواجار دەبێت باس لەوە بکەین کە (ژن) ڕۆڵێکی گەورەی لەژیانی "نیچە"دا گێڕاوەو ژن گەلێکی زۆر شوێن ڕێزو سەرنجو

Scanned by CamScanner

ستایشکردنی ئەو بوون، بەتایبەتی: "کۆزیما ڤاگنەرو لۆسالۆمی". هەروەها نابێت ڕۆڵ وگرنگی "ئەلیزابیس"ی خوشکیشی لەژیانیدا، لەبەر چاو نەگرین.

لێرەوە دەبێت زۆربەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستە واژانەیدابکەین کە سەرکۆنەی ژنان دەکاتو شۆخیان پێدەکات "نیچە" بەلۆژیکی فەلسەفەکەی، پلەوپایەیەکی گەورەو گران بەژن دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی بالا مرۆڤ کە ئامانجی تەواوی فەلسەفەی "نیچە"یە، دەبێت دایکی شایەنی ئەوەبێت کە شتێکی مەزنی وەک ئەو ببینێت. "نیچە" غافڵ نەبووە لەمەکاتێک لەچاپتەری (منداڵو ژن هێناندا) باس لەدایکی باڵامرۆڤ دەکات، بەو جۆرەی کە ئەو مرۆڤە مەزنە خۆزگەی پێ دەخوازێت و پێیوایە ئەو هاوسەرگیریەی ئامانجی دروستکرانی باڵامرۆڤە، هاوسەرگیریەکی موقەدەسە. کەواتە ژن لەفەلسەفەی "نیچە" دا ڕۆڵێکی گەورەو مەزنی هەیە، بەو پێیەی ئەو دایکەیە کە باڵامرۆڤ دەخاتەوە. لێرەوە یەکە "نیچە" لەچاپتەری (پیرەمێرد وکچ)دا، بانگ لەژن دەکات و دەڵێت: (ئەی ژن، وابکە ئەستێرە لەڕێی خۆشەویستیتەوە بدەروشێتەوە، تاوابکەیت ئاواتت بێتەدی و بڵێیت: خۆزگە باڵامرۆڤم دەبوو) (41).

Scanned by CamScanner

پەراوێزەکان:

1-Kaufmann/niet zsche.p.22

2-kaufmann.nietzche.p.23.

3-jaspers.nietzsche.p.32

4-د.عەبدولغەفار مەکاوی :هۆلدەرلین -ل113،114

5-kaufmann.nietzsche.p.24.

6-jaspers.nietzsche.p.28.

7-kaufmann.nietzsche.pp.26-27.

8-kaufmann.niet zsche.p.24.

9-ئەفسانە یۆنانیە کە دەلێت: (دایسکیۆری دوبرای دوانەن وکوڕی زیۆسن، ئەوانیش: کاستۆرو بۆلکسن). واتە وەک دو کوڕەکەی زیۆسی خواوەند دوانەن.

v.zimmermann.cic.of classicalmytholgy s.v.dio scuri.p.88.

10-kaufmann.op.cit.p.25.

11-د.عەبدلڕەحمان بەدەوی :نیچە-ل-77،76.

12-kaufmann.miet zsche.pp.29-30.

13-kaufmann.nietzsche.p.30.

14-ibid.p.69.

15-jaspers.niet zsche.67 .

16-ibid.p.69.

Scanned by CamScanner

17-v.zimmerman dic .of classical mythology .s v .ariadne. p.31 .

18-kaufmann .niet zsche.p.32

19-ibid.pp.33-34.

20-ibid.p.34.

21-پانکۆلافرین :نیچە –ل80.

22-kaufmann.niet zsche .p.37

23-شارێکە لەشارە کانی باڤاریا ،شوێنی نیشتە جێ بونی "لۆدفیکی دووەم"ی پاشای باڤاریا بوو. "لۆدفیگ" عاشقی مۆسیقای "ڤگنەر" بوو ،لە بەرئەوەی لەشاری بایرۆت ،هۆلێکی شانۆی تایبەتی بۆنمایشکردنی ئۆپێراکانی "ڤاگنەر"

کردبوەوە

24-د.عەبدلرە حمان بەدەوی :نیچە-ل68.

25-د.عەبدلرەحمان بەدەوی :نیچە ل68.

26-ه.س.پ،ل69-70.

27-jaspers.niete zsche.p.83.

28-ibid.p.83.

29-ibid.p.83.

30-ibid.pp.83-84.

31-jaspers.niet zsche.p.33.

32- بۆر تنۆی: فەیلەسو ف و هونەری میوزیک –ل246.

33-jaspers.niet zsche pp.33.34.

34-بۆرتنۆی :فەیلەسو ف و هونەری میوزیک-ل246.

35-kaufmann.niet zsch .pp.42.43.

36-kaufmann.niet zsche.pp.46.47.

Scanned by CamScanner

37-ibid.p.50.

38-jaspers.niet zsche.pp.71.72.

39-kaufmann.niet zsche.p.50

40-jaspers.niet zsche.p.87.

41-jaspers.reason and existenz

د.يسرى أبيراهيم: فريدريك نيتشة (فلسه فة الاخلاق)- دارا لتنوير. بيروت-الطبعة الاولي،2007.

Scanned by CamScanner

بەرهەمەکانی "نیچە"و قۆناغەکانی ژیانی



د.یسری ئیبراهیم

Scanned by CamScanner

دەتوانین لەژیانی "نیچە"دا سێ قۆناغی سەرەکی دەست نیشان بکەین کەهەریەکەیان خەسڵەتی فیکری تایبەتی خۆیان هەیەو لەوانی دیکە جیاوازترە. سەرەرای جیاوازی دیاری ئەم قۆناغی بیرکردنەوانە، بەڵام یەکیەتیەکی ئۆرگانی لەنێوان ئەوسێ قۆناغەدا هەیە کەدەتوانین ناوی بنێین (یەکیەتی بابەت). لەراستیدا هەرسێ قۆناغەکە بەیەک بابەتەوە سەرقاڵن‌و دەیانەوێت وەڵامی هەمان پرسیار بدەنەوە، بەڵام ئەوە وەڵامەکانی "نیچە"یە کەلەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی دی دەگۆرێت، دوای ئەوەی هەستدەکات وەڵامەکانی پێشوتری گونجاونین‌و وەک پێویست نین.

قۆناغی یەکەم، بریتیە لەقۆناغی میتافیزیکی یان رۆمانسی. لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی میتافیزیکیانە شرۆڤەی بوون دەکاتو وەک دیاردەیەکی ستاتیکی لێی دەروانێت، ئەو کتێبانەی تەعبیرن لەبیرکردنەوەی ئەم قۆناغە ئەمانەن:

1- گورانی تراژیدیا، لەساڵی 1872دا چاپی کردووە.

2- تێرامانگەلێکی ناوەختە، کەبریتیە لەچوار وتارو لەنێوان ساڵانی 1873-1876 بڵاویکردوونەتەوە:

أ- دایڤید شتراوس، ساڵی 1873.

Scanned by CamScanner

ب- سودو زیانی مێژوو، ساڵی 1873.

ج- شۆپنهاوەر وەک مامۆستایەک، ساڵی 1874.

د- ریچارد فاگنەر لەبایرۆت، ساڵی 1876.

قـــۆناغی دووەم بـریتیە لەقۆنـاغی پـــۆزەتڤستی یان رەخنەیی، ئەمەش ئەو قۆنـاغەیە کە لــــەمیتافیزیکا هەڵدەگـــــەڕێتەوەو بەتونـــدی پەلامـــاری دەدات، لەبەرامـبەردا دەداتە پـاڵ ئاقـاری پۆزەتڤستیو رۆحـی رۆشنگەری. ئەو کتێبانەشـی تەعبیـر لەم قۆنـاغە دەکات ئەمانەن:

1- مرۆڤـانە، زێـدە مرۆڤـانە، بەشـی یەکەمـی لەسـاڵی 1878دا چاپکرا.

2- سپێدە، ساڵی 1881.

3- زانستی شـاد، کـــەبریتیە لـــــە پێنج کتێـبو یەکـــــەم کتێبیـــان سـاڵی 1882 پـێش (زەرادەشـت وەهـای وت) بڵاوکـرایەوە. کـــــەواتە ئەمـــــە دوایـن کتێبیەتـی کـــەسەربـــەقۆناغی دووەمـی بیرکـردنەوەی بێت.

قۆناغی سێهەمو کۆتایی کەقۆناغی کامڵ بـوونە، تیایدا بـێ پەروا رەخـنە لــــــەهەموو بەهـا ئەخلاقیەکـان دەگرێـتو مـژدە بەهـاتنە ئـارای بـاڵا مـرۆڤـو گەڕانەوەی هەمیشەیی دەداتو هەموو شتێک بەئیرادەی هێـز شـرۆڤە دەکـات. ئەو کتێبـانەی تەعبیـرن لەبیرکـردنەوەی ئەم قۆناغە ئەمانەن:

Scanned by CamScanner

1- زەرادەشت وەهای وت، کەبریتیە لەچوار کتێبو یەکەمو دووەمیان ساڵی 1883 بڵاوبووەوەو سێهەمیان ساڵی 1884و چوارەمیان ساڵی 1885.

2- لەو دیو چاکەو خراپەوە، ساڵی 1886.

3- ژینالۆژیای مۆراڵ، ساڵی 1887.

4- مەسەلەی ڤاگنەر، ساڵی 1888.

5- ئاوابوونی بتەکان، لەساڵی 1888دا نوسیو کاتێک لەکانونی دووەمی ساڵی 1889دا چاپکرا، "نیچە" دووچاری شێتی بوو بوو.

6- ئەنتی- مەسیح، ساڵی 1888 نوسیو لەساڵی 1895 دا بڵاوکرایەوە.

7- نیچە دژی ڤاگنەر، ساڵی 1888 نوسیو لەساڵی 1895دا چاپکرا.

8- ئیرادەی هێز، لەنێوان ساڵانی 1883-1888 نوسیو لەساڵی 1901 دوای مردنی چاپکرا.

9- ئەمەیە پیاو، ساڵی 1888 نوسیو لەساڵی 1908 دا بڵاوکرایەوە.

بەمجۆرە قۆناغی یەکەم لەگەڵ (گورانی تراژیدیا)دا دەست پێدەکات، واتە لەساڵی 1872 تاساڵی 1876 دەخایەنێت.. دووەم قۆناغ بەکتێبی (مرۆڤانە، زێدە مرۆڤانە) دەست پێدەکاتو لەساڵی 1876 بەردەوام دەبێت تاساڵی 1882. سێیەم قۆناغ لەگەڵ (زەرادەشت وەهای وت)دا دەست پێدەکات تاساڵی 1889، ئەو

ساڵەی تیایدا دووچاری ئەو نەهامەتیە گەورە دەبێتو ئەقڵی لەدەست دەدات.

د.يسري ابراهيم: فردريك نيتشة (فلسفة الاخلاق) – دار التنوير، بيروت – الطبعة الاولي، 2007.

Scanned by CamScanner

فرىدرىش نىچە

يانكو لاۋرىن

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

-1-

"فریدریش نیچە" لە پانزەی تشرینی یەکەمی ساڵی 1844 لە شاری (ڕۆکن)ی ئەڵمانیا هاتۆتە دنیاوە.. تەمەنی پێنج ساڵان بووە کاتێک باوکی مردووەو دایکی ناچار بووە لەگەڵ "ئەلیزابیس"ی کچیدا کە دوو ساڵێک لە "نیچە" گەورەتر بووە روو بکاتە شاری (ناومبۆرگ)، ئەم شارەش دەکەوێتە سەر روباری (سالی). لەوێدا "نیچە" دەخرێتە بەرخوێندنو خوێندکارێکی سەرکەوتوو دەبێت. هەرکە تەمەنیشی دەگاتە چوار ساڵان لە خوێندنگای (بفۆرتا)ی ناوخۆیی وەردەگیرێت. ئەم خوێندنگایە تایبەت بوو بە کەسانی دەستەبژێرو هەڵبژاردەو تا ئەوکاتەی لە زانکۆ وەرگیرا لەوێدا مایەوە.خوێندنگای (بفۆرتا) ژمارەیەک کەسی بەناوبانگی تێدابوو، وەک شاعیری رۆمانسی "نۆڤالیس" و "فێختە"ی فەیلەسوف و "رانکە"ی مێژوونووس و هەردوو جوتە برا "شلیگل". هاوکات خوێندنگا خاوەنی ژمارەیەک مامۆستای بەتوانا بوو.

"نیچە" لەو تەمەنەیدا حەزو ئارەزووی جۆراوجۆری هەبوو: (شیعر، لێکۆڵینەوە کلاسیکیەکان، میوزیک). وەکی باوکی مۆسیقیەکی باش بوو. لە سەرەتای تەمەنیدا پیانۆژەنێکی سەرکەوتوو بوو، هەروەها دەستی بۆ دانانی هەموو جۆرە

Scanned by CamScanner

ئاوازێک دەبردو ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو. لە خوێندنگا خوێندکارێکی هەڵسوکەوت جوان بوو، ئەرکەکانیشی بە وردی جێبەجێ دەکرد. هەستێکی زۆریشی بە لێپرسراوێتی دەکرد، بەڵام هەندێک جاریش توشی هەڵەو لادان بووە.

کاتێک خوێندنی لە (بفۆرتا) تەواو کرد، ساڵی 1864 چووە زانکۆی (بۆن)، بەو مەبەستەی لەوێدا تیۆلۆژیاو بابەتە کلاسیکیە کۆنەکان بخوێنێت، بەڵام (بۆن) و زانکۆکەی بە دڵی ئەو نەبوون. ئەوەشی لەنامەیەکدا لە 30 حوزەیرانی 1865 کە بۆ دایکی نووسیوە رونکردۆتەوە. لەو نامەیەدا دەڵێت:

(من زۆر لە توندڕۆیی خەڵکی کاتۆلیکی ئێرە بێزارم، زۆر جاران وام لێدێت بڕوا بەوە نەکەم ئێمە لە سەدەی نۆزدەدا دەژین)، بەڵام سەرەڕای ئەوە پرۆفیسۆر "فردریک ولیەم ریچل" (1801- 1876) توێژەر لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆندا، بووە ئیلهام بەخشی و هانی ئەوەیدا لە نیوەی دووەمی خوێندنی ئەو ساڵەدا —سەرەڕای نارەزایی زۆری دایکی، واز لە خوێندنی تیۆلۆژیا بهێنێ و خۆی تەرخان بکات بۆ بابەتە کلاسیکیەکان، بەتایبەت شارستانیەتی دێرینی گریک. لەوانەی "نیچە" لە (بۆن) ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردن و بوونە هاوڕێی هەمیشەیی، "ئەرۆین رۆد" بوو کە لە دوایدا بووە مەرجەعێک لە مێژووی کۆنی گریکدا. ساڵی 1865 کاتێک پرۆفیسۆر "ریچڵ" چووە زانکۆی (لایبزیک)، "نیچەو ئەروین رۆد" لە گەڵیدا چوون، تا لەوێ بە ئازادی خوێندن تەواو بکەن.

-2-

هەرچەندە ئەو ماوەیەی "نیچە" لە (لایبزیک)دا بەسەری برد شتێکی وەهای تێدا نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە چەند رووداوێکی دیاریکراوی وای تێدابوو کە کاریگەری زۆری بەسەر ژیانیەوە بەجێ هێشت. لەوانە رۆژێکیان بە رێکەوت کتێبێکی کۆنی "شۆبنهاوەری" بەناوی (جیهان وەک ئیرادەو بیرۆکە)ی بەرچاو دەکەوێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی. لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆ زیاد لە جارێک ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە، وەک ئەوەی لە هۆش خۆی چووبێت، کاتێک لە خوێندنەوەی دەبێتەوە تێڕوانینی بۆ جیهان گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت.

لێرەوە هەر زوو گیرۆدەی دیدو بۆچوونەکانی شوبنهاوەر دەبێت، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: (هیچ خوایەک لە ئارەدا نیە و چاودێریی خوایانەش نیە، ژیان و گەردونیش مانایەکیان نیە. لە پشت هەموو ئەمانەشەوە جگە لە ئیرادەیەکی نابینا هیچی تر نیە. سەرەڕای هەموو کێشەو ژان و ژارێک، ئەم ئیرادە سەراپاگیرە نائەقڵانیە، شتێکە —تەنها خۆیەتی— و چاوگی هەموو دیاردەکانە و لە رێی مێشکی مرۆڤەوە پەیی پێدەبرێت. بەمجۆرە ئەوە تەنها مرۆڤە هەست بەو ئازارو ژانە گەورەیە دەکات کە لە کاروکردەوەی ئەو هێزە گەردونیە نائەقڵانیەوە دەکەوێتەوە، بەڵام مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ئەو ئازارە کەم بکاتەوەو تەنانەت لەناخی خۆشیدا سەرکوتی بکات، ئەویش لە رێگای فەرامۆش کردنی خودو

Scanned by CamScanner

خۆبەدەستەوەدانەوە کە لە نیرڤانای خۆرهەڵاتیدا دەگاتە دوائاستی خۆی).

لە زانکۆدا "نیچە" بەشێوەیەکی تایبەت، کەوتە ژێر کاریگەری فەیلەسوفەکانی قۆناغی بەر لە "سوکرات". لەو شاعیرە کۆنانەی گریک کە زۆر سەرنجی راکێشا "سیۆگنیس میگاری" بوو، ئەوەبوو وتارێکی لە بارەوە نووسی. ئاستی ئەم وتارەی هێندە بەرز بوو، وای لە پرۆفیسۆر "ریچڵ" کرد لە گۆڤاری (مۆزەخانەی راین)دا بۆی بڵاوبکاتەوە. ئەم گۆڤارەش تایبەت بوو بە نوخبەیەکی دیاریکراو، دواتریش "نیچە" بەشداری تێدا دەکات. ساڵی 1867 بەهۆی پەیوەندی کردنی بەسوپاوە، لە یەکەیەکی تۆپخانە لە (ناومبۆرگ) بۆ ماوەیەک لە خوێندن دابڕێت، بەڵام ئەو خزمەت کردنەی لە ریزی سوپادا بەجۆرە نەهامەتیەک کۆتایی هات.

لە نامەیەکیدا بە بەرواری (22 حوزەیرانی- 1867)، ئەم رووداوەی بۆ هاورێی قۆناغی خوێندنی "ڤۆن غرزدرۆف" باسکردووەو دەڵێت: (رۆژێکیان لە خۆهەڵدانێکی کتوپڕدا بۆ سەر پشتی ئەسپێک، سنگم بەر لێواری زینی ئەسپەکە کەوتو لەلای چەپمدا هەستم بە ئازارێکی بێئەندازە کرد، بەڵام لە سواربوون بەردەوام بووم. بۆ ماوەی رۆژو نیوێک دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆر بووم. لە ئێوارەی رۆژی دووەمدا دووجار لە هۆش خۆم چووم. رۆژی سێیەم لە جێگەدا کەوتم، بەدەست ئازارێکی زۆرەوە دەمناڵاند. سەرباری ئەوەش سەریەشەو تایەکی زۆر دایگرتبووم. سێ دانە مانگ هێڵنج و

Scanned by CamScanner

رشانەوەم نەوەستا. دواجار کاتێک ناو پێخەفەکەم بەجێهێشت، لە حاڵەتێکی هێندە کاس و وڕدا بووم ناچار بووم سەرلەنوێ فێری لەڕێ ڕۆیشتن ببمەوە).

ساڵی 1867 کاتێک گەڕایەوە (لایبزیک)، لەگەڵ "ریچارد ڤاگنەر"دا یەکتریان ناسی. "ڤاگنەر" ئەوکات بەسەردان چووبووە لای"برۆکهاوسی" خوشکی، لە ماڵی ئەواندا "نیچە" شەوێکی لەگەڵ "ڤاگنەر"دا بەسەر بردو باسیان لە "شوپنهاوەر" و مۆسیقاکرد. لە کۆتایی دیدارەکەیاندا "ڤاگنەر" بەگەرمی دەستی "نیچە"ی گوشی و خۆشحاڵی نیشانداو ئومێدی خواست لە درەفەتێکی تردا چاویان بەیەکدی بکەوێتەوە. دووەمین دیداریان زوو بە ئەنجام گەیشت. بەشداری کردنی "نیچە" بە نووسین لە گۆڤارێکی ئاست بەرزی وەک (مۆزەخانەی راین)، بووە مایەی ئەوەی لەلایەن ئەو ناوەندانەی بایەخیان بە باس و لێکۆڵینەوە کلاسیکیەکان دەدا گرنگی پێبدرێت.

لە ئەنجامی ئەمەو لەو ساڵەدا پرۆفیسۆر "ریچڵ" نامەیەکی بەدەست دەگات، لەو نامەیەدا پرسیاری ئەوەی لێدەکەن کە ئاخۆ خوێندکارە لێهاتووەکەی، ئامادەیی ئەوەی تێدایە تا کورسی مامۆستایی فیقهی زمانە کۆنەکان لە زانکۆی (بال) وەربگرێت؟ "ریچڵ" ئەو ئەرکەی بە "نیچە" سپاردو بۆ دامەزراندنیشی زۆر بە گەرمیەوە خۆی تەزکیەی کرد، هەرچەندە هێشتا بڕوانامەی دکتۆراشی وەرنەگرتبوو. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بوو بە یەکێک لە ئەندامانی کۆنترین زانکۆ لە سویسرادا، چونکە ئەو زانکۆیەی ئەو تێیدا

Scanned by CamScanner

بووە مامۆستا، مێژووی دروستبوونی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی 1460.

"نیچە" کاتێک لەوێدا دەست بەکاربوو، خۆشبەخت بوو بەوەی لەنێو هاوەڵەکانیدا دوو توێژەری ناسراویان تێدابوو، وەک: "یەعقوب بۆرکهارت" (1818-1897) مێژوونووسی شارستانیەتی یۆنانو سەردەمی ڕێنیسانس، لەگەڵ تیۆلۆژیەکی لیبراڵی وەک "فرانز ئۆڤربک" (1837-1905) پسپۆڕ لە مێژووی کڵێسادا. ئەم دووانە هەردووکیان بوونە هاوڕێ و ڕێنومایکەری. هاوکات دامەزراندنی لە (بال)دا هۆکارێک بوو بۆ تازەکردنەوەی پەیوەندیەکانی بە "ریچارد ڤاگنەر"ەوە.

-3-

"ڤاگنەر" ئەوکات لە (تریپشن)ی نزیک (لۆسرن) دەژیا کە لە (بال)ەوە زۆر دوور نەبوو، بۆیە هەر زوو "نیچە" سەردانی کردو "ڤاگنەر"یش بەگەرمی پێشوازی لێکرد. "کۆزیما"ی هاوسەری "ڤاگنەر"یش (کە نزیکە سی ساڵێک لە ڤاگنەر منداڵتر بوو) بەهەمان شێوە پێشوازی لێکرد. "کۆزیما" ئەگەرچی بە پێودانگە تەقلیدیەکە ئەو جوانە نەبوو، بەڵام خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو، هەروەها بیرکردنەوەو خەسڵەتی تایبەتی و سەربەخۆی هەبوو. بەهۆی بلیمەتی و بایەخدانی زۆری بە مۆسیقای "ڤاگنەر"، "کۆزیما" "نیچە"ی بە دڵەوە گرت. هەرچی "ڤاگنەر"یشە بەهۆی گرنگی دانی "نیچە" بە "شوپنهاوەر"و شارستانیەتی دێرینی گریک، زیاتر لە یەکدی

Scanned by CamScanner

نزیک دەبوونەوە. سەفەرەکانی "نیچە" بۆ (تریبشن) زیادی کرد، بە جۆرێک وای لێهات زۆربەی پشووی کۆتایی هەفتەی لەگەڵ "ڤاگنەرو کۆزیما"دا بەسەر دەبرد.

دەربارەی "ڤاگنەر"، "نیچە" لە نامەیەکیدا لە (17- ئابی- 1869) بۆ "ئەرۆین رۆد" دەنووسێت: (ژیان لێرە زۆر دەوڵەمەندو بە بڕشتە، هەموو ئەوەی فێری دەبم و گوێ بیستی دەبم لە باسکردن نایەت. بڕوام پێبکەن هەتا ئێستاش شۆپنهاوەرو گۆتەو بنداد و ئەسکیلۆس زیندون)!

"نیچە" لەوکاتەدا سەرگەرمی نووسینی یەکەمین کتێبی خۆی بوو دەربارەی (تراژیدیای یۆنانی). کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستەی پێویست بوو بۆی، ئومێدی ئەوەی هەبوو بتوانێت رۆحی جێرمانی بە چاکترین شێوە بژێنێتەوە، ئەویش لە رێگای کاریگەرێتی هیلینیەت و مۆسیقای "ڤاگنەر"ەوە، وەک ئەوەی خۆی لەو رۆژانەدا تێیگەیشتبوو. "نیچە" پێیوابوو لە نمایشە مۆسیقیەکانی "ڤاگنەر"دا گەیشتۆتە حەقیقەتێکی وا کە لەو بەرهەمانەدا سیمایەکی هاوچەرخانەی تراژیدیای گریکی دۆزیوەتەوە، وەک ئەوەی "ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس" بەرهەمیان هێنابوو. رەنگە ئەمەش هۆیەک بوبێت لەوانەی وایان لێکردبێت تا کتێبە تازەکەی ناوبنێت (لەدایکبونی تراژیدیا لە رۆحی میوزیکەوە- 1869). بەرلەوەی ئەم باسە تەواو بکات، ماوەیەکی کورتی دیکەی لە ریزی سوپای ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی فەرەنساو پرۆسیادا (1870-

Scanned by CamScanner

1871) بەسەر برد، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی زیاتری باری تەندروستی.

کاتێک لە زانکۆی (بال) وەرگیرا، ناچار بوو رەگەزنامەی سویسری دەربهێنێت، بەڵام لەبەر هەستی زۆری نیشتمانی لەکاتی تێکچوونی بارودۆخی وڵاتەکەیدا، بڕیاریدا پەیوەندی بکات بەریزەکانی سوپای ئەڵمانیاوە، لەبەرئەوەی بووبووە هاووڵاتیەکی سویسری، رێگەی پێنەدرا لەگەڵ هێزەکانی ئەڵمانیادا بچێتە شەڕەوە، هەروەها کزی چاوەکانیشی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی بەشداری ئەو جەنگە نەکات. دواتر توانی دەرفەت وەرگرێت تاوەک خۆبەخشێک لە تیمە فریاگوزاریەکاندا کاربکات. سەرەنجامی ئەم کارەش خراپ کەوتەوە، چونکە لە کاتێکدا هەندێک سەربازی برینداری فەرەنسی لە لۆریەکی رەشە ولاخدا بۆ (کارلسروهی) دەگواستەوە، تووشی پەتای رەبو بوو. دوای چاک بوونەوەی ئەو باوەڕەی پێشووی بە ئەڵمانیا نەما، بەتایبەت سەبارەت بە پروسیا.

لە (7 تشرینی دووەمی 1870)دا نامەیەک بۆ "گیدزدۆرف"ی هاوڕێی دەنووسێت و دەڵێت: (راشکاوانە پێتی دەڵێم: ئەمڕۆکە من پروسیا بەهێزێک دەبینم کە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شارستانیەت.. پێویستمان بە بڕێک لە دانایی هەیە بۆ ئەوەی لەنێو ئەم گێژەن و کاڵفامیەدا ئەقڵ رون بین. قۆناغی داهاتووی شارستانیەت ململانێ و زۆرانبازی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە خۆمانی بۆ ئامادەکەین). پێنج هەفتە

Scanned by CamScanner

دوای ئەوە نامەیەک بۆ دایکی و خوشکەکەی دەنێرێت و تێیدا دەنووسێت: (من وا ئیتر بەرەبەرە خۆشەویستی خۆم، بۆ شەڕو فتوحاتەکانی ئێستای ئەڵمانیا لە دەست دەدەم).

"نیچە" ماوەیەکی زۆری پشودانی لە (ناومبۆرگ) بەسەر بردو دایک و خوشکی چاودێرییان دەکرد. پاشان لەگەڵ "ئەلیزابیس"ی خوشکی دا چوو بۆ (لۆنمانۆ)، بەو هیوایەی لە ئازارەکانی کەم بێتەوە. کاتێک بە ڕێڕەوی "قەدیس گۆتهارد"دا تێدەپەڕێت، خۆی لەبەردەم پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن سیمایەکی تایبەتدا دەبینێتەوە قسەی بۆ دەکات. دوای کەمێک بۆی دەردەکەوێت ئەو پیاوە "مازینی" نیشتمان پەروەری بەناوبانگی ئیتالیایە. ئەو دیدارە ڕێکەوت بوو، بەڵام بە زیندوویی لە یادەوەری "نیچە"دا مایەوە.

-4 -

"نیچە" کاتێک گەڕایەوە (بال) باری تەندروستی لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام بە بەردەوامی کاری لە (گورانی تراژیدیا)دا دەکرد، تا لە دوارۆژەکانی ساڵی 1871دا تەواوی کرد. ئەم کتێبەی پڕی بوو لە دیدوبۆچوونی تازەو سەرسوڕهێنەر. ئەمەش وایکرد خەڵکی زۆر بە پیریەوە نەچن و چەند دانەیەکی کەمی نەبێت هیچی وای لێنەفرۆشرێت، بەڵام "ڤاگنەرو کۆزیما" وەک لێیان چاوەڕێ دەکرا بە پیریەوە چوون. (هیچ کتێبێکم لەم کتێبەی تۆ جوانتر نەخوێندۆتەوە،. هەرچی تێدایە بەرزو شکۆدارە)، "ڤاگنەر" ئاوای بۆ "نیچە" نووسی بو. بە "کۆزیمام"

Scanned by CamScanner

وت: (دوای تۆ ئەوم لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر دەوێت). هەروەها "رۆدۆ ئۆڤەریک"ش هەمان هەڵوێستی ئەوانی هەبوو، بەڵام پرۆفیسۆر "رچل" بێدەنگیەکی دیبلۆماسی نیشاندا، بێدەنگیەکەشی بێ هۆ نەبوو.. "نیچە" گوێی بەو بۆچوونە تەقلیدیانە نەدەدا کە لە بارەی یۆنانیەکانەوە لە ئارەدا بوو، بۆ نمونە وەک ئەوەی دەڵێن: (گریکە کۆنەکان میللەتێکی کۆک و تەباو، گەشبین و بەدەماغ بوون)، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەمەوە پێی وابوو ئەوان ئەمە یۆنانیەکانی سەدەی شەشەمی بەر لە زایین دەگرێتەوە، لە ژیانیاندا تووشی رەشبینیو گومانێکی بێئەندازە بووبوون، سەرەڕای ئەوەش بە دوژمنایەتی و حەسودی پلانگێڕان دەور درابوون). ئەم بۆچوونەش لەگەڵ هەڵوێستی "بۆرکهارت"دا دەگونجێت.

"نیچە" هەر بەوەندەوە نەوەستا. ئەو پێیوابوو تراژیدیای گریک بۆ نموونە وەک ئەوەی لای "ئەسکیلۆس" هەیە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە بەسەر ئەو دیدگا رەشبینەدا زاڵ بێت کە ژیان ئافەرۆزە دەکات. ئەمەش لە رێی هەڵوێستێکی تراژیدیەوە کە لەسەرو رەشبینی و گەشبینیەوەیە. هەڵوێستێک قارەمانانە تەئکید لەسەر بەهای ژیان دەکاتەوە، سەرباری هەموو ئێش و ئازارەکانی. ئەوەی کۆتایی بە جیهانبینیە رەشبینەکەی گریکو تراژیدیای ئەوان دێنێت، بە باوەڕی "نیچە" جگە لە "سوکرات" کەسێکی تر نیە. هەر بۆیە شاڵاوێکی توند دەکاتە سەر ئەقڵیەتی سوکراتی، ئەو ئەقڵانیەتە تیۆری و پەتیەی هۆکاری

Scanned by CamScanner

لەناوچوونی تراژیدیای یۆنانی بوو، پاش "ئەسکیلۆس و سۆفۆکلیس".

"نیچە" لە ساتەوەختی خۆیدا و لە هەناوی رۆحیەتی جێرمانیەوە، رەگوڕیشەی دیۆنیسیەتێکی بەدی دەکرد کە وەک هێزێکی دژ بە ژیواری (سوکراتیزم) لە چرۆ کردن دابوو، ئەم هێزە تازەیەش میوزیکی ئەڵمانی بوو، لە "باخ"ەوە بۆ "بتهۆڤن" و بۆ "ڤاگنەر". کەواتە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ رۆحی تراژیدیا، ئەگەرێکی شیاوە لە رێی گیانی ئەڵمانی خۆیەوە، بەڵام ئەمە بەمەرجێک دەبێت ئەڵمانەکان بەر لە هەموو شتێ ئامادەی ئەوەیان تێدابێت بۆ ئەوەی لە تەنها گەلێکەوە فێربین، ئەو گەلەش یۆنانیەکانن. فێربوون لە تەنها ئەو کەسانەشەوە، بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەیە. رۆحیەتی جێرمانی ناوبەناو ئامادەیی ئەوەی تێدابووە دەست بە هێزی دیونیتسیسیەوە بگرێت، هەر لە میوزیکەوە تا ئەفسانە تراژیدیەکانی. بێگومان مەبەست لەمەش ئەوەیە کە "ڤاگنەر" هەڵگری مەشخەڵی ئەم جۆرە میوزیکەیە.

بە بڕوای "شۆپنهاوەر" لەنێو سەرجەم هونەرەکاندا، تەنها میوزیک دەتوانێت راستەوخۆ گوزارشت لە ئیرادەی بوون بکات، هەر ئەویشە کە قووڵترین نهێنیەکانی ئەم ئیرادەیە دەگوێزێتەوە. "نیچە" کارە مۆسیقیەکانی "ڤاگنەر"ی بەهاوتای تراژیدیا یۆنانیە کۆنەکانی بەر لە "یۆریبیدس" دادەناو پێی وابوو، "ڤاگنەر" ئەو هونەرمەندە بلیمەتەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە لە رێی میوزیکی دیۆنیسیۆسیەوە، تەعبیر لە

Scanned by CamScanner

ئەفسانە تراژیدیە جێرمانیەکان بکات. خودی "ڤاگنەر" بە بۆچوونێکی لەم جۆرە ئێجگار دڵشاد و بەختەوەر بوو، بەتایبەت کە لەو کاتەدا (تریبشن)ی جێهێشتبوو لە (بایروت) لە ناوچەی (پاڤاریا) نیشتەجێ بووبوو. "ڤاگنەر" لەوێ سەرقاڵی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بوو، بەو مەبەستەی بیکاتە پەرستاگەیەک و بەتەنهاش تایبەت بێت بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی خۆی. ئەم کارەشی زوو بۆچووە سەرو سەرکەوتوو بوو تیایدا.

- 5 -

لە بیست و دووی ئایاری ساڵی 1872دا، "ڤاگنەر" بەردی بناغەی شانۆکەی دانا. لەنێو ئەو میوانە زۆرانەی بۆ ئەوێ داوەت کرابوون نووسەرێکی بەتەمەن و قارەمانێکی خاوەن بیرو بۆچوونی رادیکاڵی تێدابوو، ئەویش خاتوو "مالفیدا فۆن میزنبۆغ" بوو. "مالڤیدا" لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەمجار چاوی بە "نیچە" کەوت و وەک هاورێیەکی دڵسۆزی مایەوە، ئەگەرچی هاورێیایەتیەک بوو نزیک لە دایکایەتیەوە.

لە (بایروت) "ڤاگنەر" ئەو مۆسیقارە بەناوبانگە نەبوو، وەک ئەوەی "نیچە" لە (تریبشن) ناسی بووی، بەڵکو بووبووە کەسێکی لوت بەرزو تورەو ئیرەی بە کەسانی تر دەبرد. لەلایەکی ترەوە "نیچە" لە دۆخێکی رارایی و پشێویدا بوو. دوای ئەوەی لە دەرکردنی کتێبی (گورانی تراژیدیا)دا ئەو سەرکەوتنە چاوەروانکراوەی بەدەست نەهێنا، لە هێز و توانای

Scanned by CamScanner

شارستانیەتی ئەڵمانی کەوتە گومانەوە. لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی چی لە ناخیدا هەیە بیخاتەڕوو، ئەوە بوو "دایڤد فردریک شتراوس" کتێبێکی بەناوی (باوەڕی کۆن و باوەڕی نوێ)ەوە خستە بەردەستی خوێنەران، ئەم کتێبە دەرفەتی قسەکردنی بۆ "نیچە" ڕەخساند. ئەگەرچی کتێبەکە کتێبێکی سادەش بوو، بەڵام زۆرترین ژمارەی لێ فرۆشرا.

"شتراوس" بەخودپەسەندیەکی زۆرەوە، لەم کتێبەیدا باسی لەو دیدگا زانستیە تازەیە کردبوو کە دەبێت نەک هەر تەنها جێگای بیروبۆچوونە کۆن و بەسەرچووەکان بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی بوونیش بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو کێشەو گرفتانەی مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و لە دادڕانە ڕۆحیەکانیش قوتاری بکات.

ئەم کتێبە ململانێیەکی ڕۆشنبیری لە نێوان بیریارە کۆنسێرڤاتیڤ و رادیکاڵەکاندا دروستکرد، لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا. "نیچە" یەکێک بوو لەوانەی ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی ئەم کتێبەو نووسەرەکەی کردو وتارێکی درێژی لە بارەیەوە نووسی. لەو وتارەدا رووکەشی هەڵوێستی نووسەرەکەی خستبووە روو، هاوکات ئەڵمانەکانی وریا کردبووەوە لە خۆفودان و لوت بەرزی بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر فەرەنسیەکاندا، چونکە ڕەنگە سەرکەوتنیان لە رووی سەربازییەوە تێکشکانێکی شارستانی بەدواوە بێت. نیشانەکانی ئەگەرێکی لەو جۆرەش لەو شۆرەت و نێوبانگەدایە کە کەسانی وەک "د. ف. شتراوس" هەیانە. ئەم وتارە "نیچە"ی ڕووبەڕووی

ڕەخنەیەکی توند کردەوە، بەو پێیەی وتارەکەی نانیشتمانیانەیە. لەنامەیەکدا بۆ "گیزردۆرف" دەنووسێت: (تەواوی هێزو تواناکان لە دژی من خراونەتەگەڕ). لە بیست و حەوتی تشرینی یەکەمی 1873دا ڕاشکاوانە دەڵێت: (من لە هیچ زانکۆیەکی ئەڵمانیدا جێم نابێتەوە، ڕەنگە بالیش هەمان هەڵوێست وەربگرێت).

تەموزی ساڵی 1875 "ڤاگنەر" خەریکی مەشقکردن دەبێت لەسەر نمایشێکی مۆسیقی تر لە (بایرۆت). بۆ ئەمە "نیچە" داوەت کرابوو، بەڵام بڕیاری ئەوەی نەدا کە بچێت. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: ئەو ڕۆژانە باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، هەروەها لەگەڵ بێ هیوای و نائومێدی زۆری لە (ڤاگنەر). ئەگەرچی هاوینی دواتر سەردانی (بایرۆت)ی دەکات، بەڵام پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ "ڤاگنەر"دا هەر ساردو سڕی پێوە دیار دەبێت. تازە ڕۆژانی خۆشی (تریبشن) بەسەرچوو بوو.

"ڤاگنەر" سەرەڕای لێهاتوویی و کارامەیی، لوت بەرزو لەخۆبایی بوو، چاوەڕێی ستایش و پیاهەڵدانی زیاتر بوو لە "نیچە". هاوکات خوی دابووە چەند بابەتێکی عیرفانی مەسیحی یاخود عیرفانیەتێکی پوچ و بەتاڵ، وەک نمونەی (پارسیڤاڵ) و دەیویست لە ڕێی ئەمەوە کاریگەریەک لەسەر ئەڵمانیاو ئەوروپا دروست بکات. "نیچە"ش لە هەموو ئەم کارانەی ناڕازی بوو، هەر بۆیە بڕیاریدا پەیوەندی خۆی لە گەڵیدا بپچڕێنێت. هەمان ساڵ (ریچارد ڤاگنەر لە بایرۆت)ی نووسی، ئەم

Scanned by CamScanner

نووسینەی جۆرە ماڵئاواییەکی جوامێرانە بوو لە هاوڕێی ڕۆژانی ڕابردووی. لەو نووسینەیدا ستایشی ئەو شتانەی لە "ڤاگنەر"دا کردبوو کە شایستەی ستایش و باسکردنە. پێشتر لە باسێکی دیکەیدا لەژێر سەردێڕی (شۆپنهاوەر وەک مامۆستایەک) 1874، پێوەی دیار بوو کە سەرەڕای سەرسامی زۆری بەو فەیلەسوفە مەزنە، جۆرە رقێکی بەرامبەر چەمکی (نێرڤانا) و خۆبەدەستەوە دان لەلا دروست بووە. ئەو پێی وابوو تەنانەت گەر گەردون بێئامانج و تەواو خاڵیش بێت لە مانا، بەڵام هەر مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە دەمێنێت تا بەرووی ژیاندا دەنگ هەڵبڕێ و بڵێت: (بەڵێ).

ئەمەش لە پێناو خوڵقاندن و دروستکردنی مرۆڤی باڵاو، لە پێناو جۆرێک لە ژیانی بەرزو بڵند دایە. هەرچیەک ڕێگا لەبەردەم گەیشتن بەم ئامانجەدا بکاتەوە چاکەیە، هەرچیەکیش کۆسپ و ڕێگر بێت خراپەیە. هەڵوێستی "نیچە" سەبارەت بەم مەسەلەیە، لە وتارێکیدا بەناوی (زەرەرو زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان) بەدەردەکەوێت. لە ساڵانی پڕ لە ژەنگ و ژاری زۆرو زەوەندا، "نیچە" هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی بە ژیان بڵێت: (بەڵێ). هەر ئەم هەڵوێستەش بوو وای لێکرد لە هەریەک لە "ڤاگنەر" و "شوپنهاوەر" جیابێتەوە. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەوان لە قۆناغی سەرەتای ژیانی فیکری ئەودا بینیان.

"نیچە" وەختێک خۆی لەژێر کاریگەری "شوپنهاوەرو ڤاگنەر"و هەموو جۆرە میتافیزیکایەکی ڕۆمانتیکیانە ڕاپسکان، گرنگیدا بە تێڕوانینە زانستیە ئیجابیەکان. لەمەودوا ئەوەی جێ

Scanned by CamScanner

بایەخی ئەو بوو رەخنەگرتنی ریشەیی بوو لە هەموو سیماو دیاردەکانی داوەشان و گەندەڵی ژیاری خۆرئاوا، چ لەسەر ئاستی فەردی بێت یاخود دەستەجەمعی. سەرەتای ئەم کارەی بە رەخنەکردنی قۆناغ و سەردەمی خۆی دەست پێکرد، ئەمەش لە دوو بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا (مرۆڤانە، زێدە مرۆڤانە)دا بەدەردەکەوێت.

ئەوانەی لەو قۆناغەدا "نیچە" کەوتە ژێر کاریگەریانەوە زیاتر بیرمەندە فەرەنسیەکان بوون، نمونەکانیان وەکی: "مۆنتان و ڤۆلتێر و رۆشۆفۆکۆ و ستاندال". هەروەها لەگەڵ چەندین نوسەری گەورەی تری وەک: "ئیمرسۆن و دۆستۆیەڤسکی". لە ئەڵمانیەکانیش "نیچە" نەیدەتوانی سەرسامی خۆی بەهەریەک لە "گۆتەو شیللەرو هۆڵدەرلین" بشارێتەوە.

لە دوایساڵی 1876وە توانای بینینی کز بوو، هەروەها تەندروستیشی خراپتر بوو. بۆیە ناچار بوو شتەکانی خۆی بەهەریەک لە "پیتەر گازت" و "پوڵ ڕی" بنووسێتەوە. "ئەلیزابیس"ی خوشکیشی لەو ماوەیە زۆر بە تەنگیەوە بوو. "ئەلیزابیس" بە پێچەوانەی "نیچە"وە ئافرەتێکی عەمەلی و باوەڕ بەخۆ بوو، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کەمێک ئێش و ئازارەکانی براکەی کەم بکاتەوە، بەڵام رۆژ بە رۆژ باری تەندروستی "نیچە" بەرەو خراپتر دەچوو، تا ناچار بوو ساڵی 1879 دەست لەکار کێشانەوەی خۆی وەک مامۆستایەک لە زانکۆی (بال) رابگەیەنێت. ئیتر لەو رۆژەوە بووە وێڵگەردێکی ئەبەدی و سەری بەهەموو جێگایەکدا دەکرد. هەندێ جار

Scanned by CamScanner

دەچووە سویسراو پاش ماوەیەک رووی دەکردە ئیتالیاو فەرەنسا، جارناجاریش سەری ئەڵمانیاشی دەدا.

ئەو کاتانەی ئازارەکانی کەم دەبوونەوەو هەستی بە پشوویەکی کورت خایەن دەکرد، زۆر بە گەرمی دەستی دەکردەوە بە نووسینەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیوویست بیاندرکێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی رۆژبەرۆژ هاورێکانی لێی دوور دەکەوتنەوە، ئەمە وای لێکرد هەست بە تەنهاییەکی قوڵ بکات. هیچ یەکێک لەو کتێبانەی لە دوای (گورانی تراژیدیا)وە نووسینی، وەک: (مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە و سپێدەی رۆژ و زانستی شاد) پێشوازیەکی ئەوتۆیان لێنەکرا، نە لەلایەن خوێنەرانەوەو نە لەلایەن رەخنەگرانەوە.

-6-

بەهاری ساڵی 1882 چووە ئیتالیا، خاتوو "مالڤیدا" داوەتی کرد بۆ ئەوەی بچێتە رۆماو وەختێ لەگەڵ دکتۆر "ڕی"دا بەرنە سەر. لەوێدا چاوی بە "لۆسالۆمی" دەکەوێت. "لۆ" کچی ژەنەراڵێکی روسی بەناوبانگ بوو لە خانەدانەکانی (سان پەترۆسبۆرگ) و بۆ خوێندن هاتبووە رۆما. سەرەڕای ئەوەی بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و خانمێکی شۆخ و شەنگ بوو. هەر ئەمە وای لێکرد سەرنجی زۆرێک لە پیاوان بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەوانەی کەوتنە داوی خۆشەویستی ئەم خانمەوە، ژمارەیان کەم نەبوو. سەرەتا دکتۆر "ڕی" فەیلەسوف پەیوەندی لەگەڵدا بەست. زۆرکات

Scanned by CamScanner

دکتۆر "ڕی" لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ "لۆسالۆمی" باسی "نیچە"ی هاوڕێی بۆ دەکرد، "لۆ" خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بینینی هاوڕێکەی.

نیچە لەسەر داوای "ڕی" ڕوویکردە ڕۆماو لەیەکەم دیداردا کەوتە داوی خۆشەویستی "لۆسالۆمی"یەوە. بیری لەوە کردەوە بیخوازێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵ دروست بکات. ئەم داوایەی بە "ڕی" وت تا بیگەیەنێتە "لۆ"، بەڵام "لۆ" داواکەی ڕەتکردەوەو نەیدەویست پەیوەندیەکەیان لە هاوڕێیەتی زیاتر تێپەڕێت. "نیچە" بەو وەڵامەی ڕازی نەبوو، بۆیە هەوڵی دیکەی بۆ خستەگەڕ، بەڵام دواجار هەمووی بە شکست کۆتایی هات و لێکدی جیابوونەوە. ئەوکاتەی لە یەکتر جیابوونەوە، "نیچە" لە تەمەنی سی و هەشت ساڵاندا بوو. لە دەست دانی "لۆ" میحنەتێکی قورس بوو، وای لێهات بەبێ ئەفیون خەوی لێنەدەکەوت. دوای ئەوەی ئەو ئەزموونە تاڵەی لەگەڵ "لۆ"دا بینی، تەواو دەستی لە ژن هێنان شۆری. "نیچە" بە ئیرادەیەکی زۆرەوە ئەو ئەهامەتیەی بڕی و دوای ئەوە گەورەترین شاکاری فەلسەفی- شیعری خۆی نووسی: (زەرادەشت وەهای وت).

بانکولاقرین: نیتشة - ترجمة: جورج جحا - المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت - الطبعة الاول، 1973.

دەربارەی نیچە

(1900-1844)



عەبدوسەلام حەیدەر

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

هیچ یەک لە فەیلەسوفانی ئەڵەمان، هێندەی "فردریش نیچە" توشی بەدحاڵی بوون و خراپ بەکارهێنان نەهاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیکری هیچ یەکێک لەوان هێندەی فیکری ئەو، گەشەی نەسەند و کاریگەریان لەسەر فیکر و فەلسەفەی سەدەی بیستەم بەجێنەهێشت.. رەنگە هێندەی لە بارەی "نیچە"وە نوسرا بێت، لە بارەی هیچ یەک لە فەیلەسوفانی دیکەی ئەڵمانەوە نەنوسرابێت.

لەوکاتەوەی Lou Salome هاوڕێی ساڵی 1894 کتێبێکی دەربارەی نوسی، کتێب گەلێکی بێئەژمار سەبارەت بە ژیان و فەلسەفەی ئەو بڵاوکراوەتەوە، رەنگە لەم ڕووەوە دیارترینیان لێکۆڵینەوەکەی "جۆرج سمیل" بێت کە ساڵی 1907 بە ناوی (نیچە و شۆپنهاوەر)ەوە، بڵاویکردەوە. هەروەها دوو کتێبەکەی "کارڵ یاسبەرز" (نیچە) 1935، (نیچە و مەسیحیەت) 1946. دواجار نابێت لێکۆڵینەوەکانی "مارتن هایدگەر"یشمان لە یاد بچێت، بە تایبەت کتێبە قەوارە گەورەکەی (نیچە) 1961. ئەم کتێبە تەواوی ئەو لێکچەرانەی لەخۆگرتبوو کە "هایدگەر" لە نێوان ساڵانی (1936-1943)، لە زانکۆی فرایبۆرگ دەربارەی "نیچە" پێشکەشی کردبوو.

هەرچەندە "نیچە" بۆ ماوەیەکیش چیە لە ناوەندی رۆشنبیری ئەڵمانی غایب نەبووە، بەڵام لە ساڵی 1995

گرنگی زیاتر و زۆرتری پێدەدرێت، چونکە لەو کاتەوە ئەڵەمانەکان لە خۆئامادەکردندان بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر مردنی ئەودا. کۆتایی مانگی ئابی 2000، یادی سەد ساڵەی مـــردنی "نیچە" بوو.

بەم بۆنەیەشەوە چەند چاپێکی تەواوی بەرهەمەکانی بڵاوکرایـــەوە، رەنگـــە گرنگترینیـــان ئـــەوە بێـــت کـــە بەسەرپەرشتی "جۆن فایگڵ" چاپکراوە و تەواوی ئەو دەستنوسانەی تێدایە کە "نیچە" لە تەمەنی شەش ساڵیەوە نوسیویەتی. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دیکەی کەوتنە بەردەستی خوێنەران، بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوانەش بایەخیان بەو وێنەیەی "نیچە" داوە کە خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵاین و وردبینیەکی زۆر بووە و لە هەوڵی دروستکردنی گۆڕانێکی ریشەیی و بنەڕەتیدا بووە.

بەشێکی دیکەی ئەو نوسینانەی لەسەر ئەو نوسراون، باسیان لە قۆناغەکانی ژیانی ئەو و گەشەکردنی فیکری ئەو کردووە، هەروەها ئەو ئێش و ئازارە فیکری و جەستەییان نیشانداوە کە پێیانەوە گرفتار بووە. دواجار "نیچە" سەلماندی کە فەلسەفەکەی تا ئێستاش فەلسەفەیەکی کارایە و ئامادەگی خۆی هەیە، بە جۆرێک توانا و کاریگەرێتی ئەو لەسەر دروستبونی نوێگەری خۆرئاوا و قۆناغی دوای ئەویشدا ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت.

Scanned by CamScanner

"فردریش نیچە" لە 15ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1844 لە گوندێکی بچوک کە پێیدەڵێن Rocken و دەکەوێتە ولایەتی سەکسۆنیا لە خۆرهەلاتی ولاتی ئەڵمانیا، لە خێزانێکی ئیمانداری پرۆتستانت مەزهەب هاتۆتە دنیاوە. باوکی لە تەمەنی 36 ساڵیدا دەمرێت و دوای ئەو و لە کۆتایی تەموزی ساڵی 1849 خانەوادەکەی روودەکەنە شاری Naumburg، چونکە داپیرەی (دایکی باوکی) لەوێ دەژیا. لەو شارە خرایە بەر خوێندن و فێری نوسین و خوێندنەوە بوو. لەو ماوەیەدا توانای ئەوەی هەبوو نمونە بەو حیکمەتانەی ناو تەورات بهێنێتەوە، ئەمەش وایلێکرد ژنە لە خواترسەکانی خانەوادەکەی بە چاوی رێزەوە سەیری بکەن و بە قەشە بچکۆلەکە بانگی بکەن..

بەهۆی زیرەکی و بلیمەتی خۆیەوە، لە قوتابخانەی Pforta (کە دەکەوتە نزیک شاری Naumburg) وەرگیرا. ئەمەش قوتابخانەیەکی ناوخۆیی بوو، ناوبانگیشی بەو پەیرەوپرۆگرامە توندوتۆڵە رۆیشتبوو کە دژایەتی هەموو شتێکی نوێ دەکات و بە تەنها گرنگی بە رۆحی کۆن و رابردوو دەدات.. سەرەڕای ئەو شێوە ژیانە میلیتاریەی ناو قوتابخانەی Pforta، بەلام "نیچە" دەستی دایە نوسینی چەند پارچە شیعر و مۆسیقایەک و لەو سەروەختەشدا بە "هۆڵدەرلین"ی شاعیری ئەڵمانی سەرسام بوو.

ساڵی 1864 دەچێتە زانکۆی (بۆن) بۆ خوێندنی تیۆلۆژیا، بەلام زوو وازی لە خوێندنی ئەم بوارە هێناو

Scanned by CamScanner

ساڵی 1865 چووه زانکۆی لایبزیگ، تا خۆی بۆ خوێندنی فیلۆلۆژیا تەرخان بکات. ئەگەر چی "نیچە" دەستبەرداری خوێندنی تیۆلۆژیا بوو، بەڵام دواتریش بەسەر تەواوی بەرهەمەکانیەوە تارمایی تیۆلۆژیا دەبینرێت، تەنانەت دەبێتە ئەو دەستە نادیارەی لە پشتەوە دەیجولێنێت.

گرنگترین شتێک بۆ ئەو لە لایبزیگ، ئاشنابوون بوو بە "شۆپنهاوەر" و کتێبەکەی (جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن)، ئەم کتێبە بۆ ئەو شۆکێکی فیکری و چرکەساتێکی گۆڕانکاری سەرەکی و چارەنوسساز بوو. کاتێک لە تشرینی یەکەمی 1867 بانگهێشتی سەربازیکرا لە سوپای پروسیای ئەڵمانیدا، لەو کاتەدا وێنەی "شۆپنهاوەر"ی لەسەر مێزەکەی دانابوو. هەرچی جارێکیش ئازارێکی توش بهاتایە بە توانجەوە هاواری دەکرد و دەیووت: (دەخیلتم شۆپنهاوەر فریام کەوە!). "نیچە" زۆر لە ریزی سوپادا نەمایەوە، چونکە دوای ئەوەی لەسەر پشتی ئەسپ دەکەوێتە خوارەوە، سنگی دەشکێت و بەو هۆیەوە کۆتایی بە راژەکەی دێت.

لەسەرەتای ساڵی خوێندنی 1868 دەگەڕێتەوە لایبزیگ و لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵدا لە ماڵی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی "هیرمان برۆکهاوس"، چاوی بە "ریچارد ڤاگنەر" دەکەوێت (برۆکهاوس مێردی خوشکی ڤاگنەر بوو). لەو دیدارەیاندا "نیچە" و "ڤاگنەر" حاڵی بوون لەوەی هەر

Scanned by CamScanner

دووکیان وەک یەک سەرسامن بە "شۆپنهاوەر" و فەلسەفەکەی.

لێکۆڵیاران راهاتوون بەوەی ژیانی فیکری "نیچە"، بەسەر سێ قۆناغی تایبەتیدا بەش بکەن:

-قۆناغی یەکەم لە ساڵی 1869 تا ساڵی 1876 دەخایەنێت. لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا و بە یارمەتی "فردریش ریچڵ"ی مامۆستای، بوو بە مامۆستای فیلۆلۆژیا لە زانکۆی بازلی سویسرا (شایەنی باسە لەو کاتەدا هێشتا بڕوانامەی دکتۆرای وەرنەگرتبوو). لەوێوە هاوڕێیەتی ناجێگیری لەگەڵ "ریچارد ڤاگنەر"دا دەستی پێکرد کە ئەو کات لە شاری Tribschen (شارێکی نزیک لە بازل بوو) دەژیا. ئەو کات "نیچە" زۆر سەرسام بوو بە مۆسیقای "ڤاگنەر"، بە تایبەتی ئۆپێرای Tristan and Isoide.

لە ئابی 1870 مۆڵەتی لە زانکۆ وەرگرت و وەک خۆبەخشێک چووە ریزی سوپای ئەڵمانیا کە ئەو کات لەگەڵ فەرەنسا لەشەڕدا بوو. دوای شکستی فەرەنسا لەو جەنگەدا، "نیچە" بە کۆمەڵێک نەخۆشی درێژخایەنی نوێوە گەڕایەوە ئەڵەمانیا و تا مردنیش لە دەست ئەو دەردانە قوتاری نەبوو. لە سەرەتای ساڵی 1872 یەکەمین کتێبی خۆی لە ژێر سەردێڕی (گورانی تراژیدیا)دا بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا هەوڵی داوە تا خۆی لە "شۆپنهاوەر" رزگار بکات، چونکە ئەو تیۆریایەی پێ قبوڵ نەبوو کە ئەو لەسەر تراژیدیای یۆنانی هەیبوو، لە بەرامبەردا بۆ خۆی تیۆریایەکی تازە دێنێتە ئارا بۆ

Scanned by CamScanner

تێگەیشتن لە تەواوی ترادسیۆنی یۆنانی.. دەکرێت تەواوی ترادسیۆنی یۆنانیش لە هەردوو زاراوەی (Dionysos، Apollo) کورت بکەینەوە.

Apollo خواوەندی خەیاڵ و هونەر و دڵنیاییە.

Dionysos خواوەندی مەیی و کامەرانی و چێژ و پیت و فەرە.

"نیچە" پێیوایە یۆنانی کۆن، یەکەمین کەسانێک بوون چارەسەری ترازیدیایان بەوە کردووە کە شکۆیان بە ژیان دۆستی بەخشیوە. ژیان دۆستیەک کە پایەکانی بریتین لە زیندەگی و چێژبینین، ئەمەشیان لە وتەزای (ئاکاری دیۆنیسیۆسی)دا کورتکردبووەوە. هەروەها پێیوایە شێواندن و پایانی ترازیدیای یۆنانی، هاوکاتە لەگەڵ هاتنە ئاراو دەرکەوتنی هەریەک لە لۆژیکی "سوکرات" و شانۆنامەکانی "یۆرببیدس".

بەو پێیەشی کە "یۆرببیدس" لە ژێر کاریگەری "سوکرات"دا بووە، ئەوا "نیچە" هەموو بەرپرسیارێتیەکە دەخاتە ئەستۆی "سوکرات". ئەوەتا دەڵێت: (لۆژیک و ئەقڵانیەتی سوکرات بوونەمایەی لەناوچونی ترازیدیای یۆنانی تەقلیدی کە پشتی بە ململانێی نێوان خواکان و مرۆڤ بەستبوو). بێگومان هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئەو بە فەلسەفەی یۆنانی بەر لە "سوکرات" سەرسام بوو.

وەکو "شۆپنهاوەر" پێیوابوو "ڤاگنەر" تەعبیر لە بلیمەتی هونەر دەکات، بۆیە خۆزگەی دەخواست و پێشبینیشی دەکرد

Scanned by CamScanner

کە تراژیدیای یۆنانی لەسەر دەستی "ڤاگنەر" ببوژێتەوە. لەبەرئەمەش بوو کتێبی (گورانی تراژیدیا)، "ڤاگنەر"ی سەرسام کردو تەنانەت وەها وەسفی کرد کە جوانترین کتێبێکە خوێندبێتیەوە. ڕادەی سەرسامی بەم کتێبە، وای لێکرد هیچ یەک لە هاوڕێکانی بێبەش نەکات و سەرو دانەیان بۆ بنێرێت.

بەڵام لە "ڤاگنەر" بترازێت، کتێبەکە ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو کە "نیچە" لە هاوپیشەکانی و لە "ریچڵ"ی مامۆستای چاوەڕێی دەکرد، چونکە هەموو ئەوانە وەکو خاتوو "بریجت لاهان" دەڵێت: (بڕوایان بە سوکرات هەبوو نەک بە دیونیسیوس و ژیانیشیان وەکو ئیرادەیەک بۆ گەمەکردن و چێژ وەرگرتن سەیر نەدەکرد).

هێندەی نەبرد دوای لە چاپدانی (گورانی تراژیدیا) و لە نیسانی 1872 "ڤاگنەر" و "کۆزیما"ی هاوسەری چون بۆ Bayreuth، ئەمەش "نیچە"ی تورە کرد و لای وابوو ئەو "ڤاگنەر"ە رادیکالەی پێشوو، لە لایەن پاشای پاڤاریاوە کەوی کراوە و ئەمەش سەرەتای تێکچونی پەیوەندی نێوانیان بوو. تا کۆتایی ئەم قۆناغەش، "نیچە" هەر گرنگی بە کلتور و ناوە دیارەکانی سەردەمی خۆی دەدا و چوار وتاری رەخنەیی ئاگرینی نوسی و لە کتێبی (بیروڕاگەلێکی ناوەخت) کۆیکردنەوە. لەم کتێبەدا سەرسامی خۆی بە زۆر لە ناودارانی بواری فیکر و هونەری بەر لە خۆی نیشان دەدات، لەوانەش "شۆپنهاوەر" و "ڤاگنەر".. یەکەمین وتاری لەم زنجیرە وتارە لە ساڵی 1873 نوسی و دەربارەی نوسەری ناسراوی ئەڵەمانیای

Scanned by CamScanner

ئەو وەختە "دایڤد فردریش شتراوس" بوو، ئەویش بە بۆنەی بڵاو بوونەوەی کتێبی (بڕوای کۆن و نوێ)ی "شتراوس"ەوە بوو.. لەو وتارەدا "نیچە" زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەری و نوسەرەکەی، وەک نمونەیەکی بەد و خراپ بۆ فێرخوازە کۆنسێرڤاتیڤ و سونەتیەکان نیشان دەدات.

دووەم و سێیەم وتاری لە ساڵی 1874 بڵاوکردەوە و دووەمیان دەربارەی (سود و زیانەکانی مێژوو بوو)، تیایدا باس لەو دەستەواژەیە دەکات کە دەڵێت: (لای هیگڵ و هارڵمان فیکری مێژوویی لە پێش مەسەلەکانی ترەوەیە). سێیەمین وتاری بە ناوی (شۆپنهاوەر وەک مامۆستا) بوو. ساڵی 1876 دواین وتاری لە ژێر سەردێڕی (ریچارد ڤاگنەر لە بایرۆت)دا نوسی.. ئەم وتارە کۆتایی بە پەیوەندی نێوان خۆیی و "ڤاگنەر" هێنا، چونکە "ڤاگنەر" پێیوا بوو ئەو وتارە هەوڵێکی چەپەڵە لە لایەن "نیچە"وە تا بسەلمێنێ کە ئەو مۆسیقیەکی فێڵباز و درۆزنە و خەڵکی لە خشتە دەبات.

زۆر جاران ئەوانەی بە "نیچە" و "ڤاگنەر"ەوە خەریکن، لە هۆکاری تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوانیان دەپرسن، لەمبارەشەوە لێکۆڵینەوەی نوێ لە ئەڵەمانیادا هەیە کە باس لە سەرەتای ئەو پەیوەندیە و هەڵکشانی دەکات.. باس لەوەش دەکات چۆن دواتر "نیچە" دەست بە پرۆسەی (کوشتنی باوک) دەکات. ئەم کارەش کە ئەو دەیکات هەنگاوێکە بۆ خۆڕزگارکردن لە دەست دەسەڵاتی ئایکۆنەکانی سەردەمەکەی و بۆ ئەوەیە تا ئایکۆنەی تایبەتی خۆی دروست بکات، یاخود

Scanned by CamScanner

هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەلاوەنانی ئەوانی ترەوە خۆی بسەلمێنێ. دوای ئەوەی نەخۆشی سەروچاوی زۆری بۆ دێنن، لە مانگی تشرینی یەکەمی 1876 ناچار دەبێت مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی ساڵێک وەرگرێت. لەو ماوەیەدا سەردانی ئیتاڵیا دەکات و ماوەیەک لە شاری ناپۆلی دەژی، هاوکات سەردانی بۆجی و گرکانی فیزۆف و دوورگەی کابری دەکات.لە ناپۆلی دکتۆر وریای دەکاتەوە و پێیدەڵێت: (یان دەبێت واز لەو عەزابە فیکریە بهێنی کە تیایدا دەژی، یان ئەوەتا ئەقڵت لە دەست دەدەیت). لەوە بەدواوە تێگەیشت کە هەرگیز چاک نابێتەوە و هەمان چارەنوسی باوکی دەبێت.

-قۆناغی دووەم لە ساڵی 1877 دەست پێدەکات و لە ساڵی 1882 کۆتایی دێت.. لەم ماوەیەدا سنوری نێوان ژیان و فیکری کاڵ دەبێتەوە و بە شێوەیەکی چاکتر لە خۆی نزیک دەبێتەوە، لە ڕێی نزیکبوونەوەشی لە خۆیەوە لە قۆناغی بڕوا بوون بە ئایدیالەکانەوە، پێدەنێتە قۆناغی بڕواهێنان بە مرۆڤ و مەسەلە ئینسانیەکان.. ژمارەیەک لە کتێبە بەناوبانگەکانی لەم قۆناغەدا بڵاوکردەوە. ساڵی 1878 بەرگی یەکەمی کتێبی (مرۆڤانە، زێدە مرۆڤانە)ی بڵاوکردەوە، دواتر لە ساڵی 1879 بەرگی دووەمی بڵاوکردەوە و ئەم دێڕەشی بۆ ناونیشانی کتێبەکە زیادکرد (کتێبێک بۆ ڕۆحە ئازادەکان) و پێشکەشیشی کرد بە "ڤۆڵتێر". بەو پێیەی یەکێکە لە مەزنترین ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادکردنی ئەقڵی ئینساندا

ڕەنجیداوە، پێشکەشکردنەکەش بە بۆنەی لە دنیا دەرچوونیەوە بوو لە 30ی مایسی 1878.

هەمان ساڵ (واتە ساڵی 1879) نەخۆشیەکانی گەیشتە ئاستێک، تواناى ئەوەی لێبڕی بخوێنێتەوە یان لەسەر وانە وتنەوەی زانکۆ بەردەوام بێت، بۆیە لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا دەستی لەکار کێشایەوە و بە موچەیەکی کەم کە لەلایەن زانکۆوە بۆی بڕابووەوە دەیگوزەراند. دوای ئەوەی دەستی لەکار کێشایەوە، خوی بەوەوەگرت کە وەرزی زستان لە شارەکانی باشوری ئەوروپا بەرێتەسەر، بەتایبەتی لەهەردوو شاری (نیس و جەنەوا).. لە وەرزی هاوینیشدا دەچووە کوێرە لادێیەک لە قەدپاڵی چیاکانی ئەلپ لە باشوری سویسرا، ئەو گوندەش پێی دەڵێن Sils-Maria. لەوێدا ژورێکی پەڕپوتی بەکرێ گرتبوو (ئەمێستا ئەو جێگایە کراوە بە مۆزەخانە!).

جوانترین کتێبێک کە باس لە مانەوەی "نیچە" دەکات لەو گوندە شاخاوییەدا، کتێبەکەی "پاول ڕابە"یە (هاتوچۆکانی نیچە لە Sils-Maria). ئەو ساڵانەی لەو گوندەدا بەسەریبرد بەرنامەیەکی زۆر قورسی بۆ خۆی دانابوو، ئەمەش وایکرد بەرهەم گەلێکی بێشومار بنوسێت.. بەیانیان زوو سەعات 5 لە خەو هەڵدەستا بە نوسینەوە خەریک دەبوو، دوای ئەوە دەستی دەکرد بە ڕێڕۆیشتن و سەرکەوتن بەسەر ئەو شاخو داخانەدا کە دەوری گوندەکەیان دابوو. وەختێکی زۆری بە پێ دەبڕی و زۆربەشی بە ژێر باراندا بوو. ئێوارانیش نانێکی سوکی

Scanned by CamScanner

دەخوارد و پاشان لێی دەنووست.. کە ڕۆژیش دەبووەوە لەسەر هەمان ریتمی پێشوو بەردەوام دەبوو، بێئەوەی بزانێت ماندوو بوون چییە.

سالی 1885 کتێبی (کۆچەر و سێبەرەکەی) بە چاپ گەیاند. لە تەموزی 1881 کتێبی (سپێدە)ی بلاوکردەوە و تیایدا بیرو بۆچوونی زۆر بوێرانە دەربارەی حوکمە ئەخلاقییەکان خستبووە ڕوو.. لە ئابی 1882 کتێبە ترسناکەکەی (زانستی شاد)ی بە چاپ گەیاند.

"نیچە" لە ڕێکخستنی کتێبەکانی و هەلبژاردنی ناونیشانەکانیاندا زۆر ورد و بە دیقەت بوو.. لەم قۆناغەش بە دواوە ئەستەمە، تێکستەکانی کورت بکرێتەوەو چاکتر وایە سەراپایان وەک تێکستێکی تا سەر ئێسقان مرۆڤدۆستانە بخوێنرێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ژیان و ئازار و گەشەی فیکری بێ سنوری خۆیەتی. گرنگترین شتێکیش کتێبەکانی ئەم قۆناغەی لە قۆناغی پێشوتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سەرجەمی نوسینەکانی ناوی گەڕانەوەیە بۆ لای خۆی و دابڕانێکی یەکجاریشە لەگەڵ ڕابردووی تەقلیدی و ئایدیالستیدا. هەلوێستی "نیچە" لە نوسینی ئەم قۆناغەیدا، هەلوێستی فەیلەسوفێکی ڕەشبینی بەدگومانە کە ئێش و ئازارە نەبڕاوەکانی ناچاری دەکەن پەی بە حەقیقەت بەرێ، یاخود شاهید حالێک بێت لەسەر بوون و ئامادەگی حەقیقەت.

لەم قۆناغەدا کاری ئەو بەگژاچونەوەی بەهاو داب و نەریتی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەکانی پێشوترە.. هەر بۆیە بە

Scanned by CamScanner

تێبینیە وردو تازەکانیەوە و لە ڕێی زمانەوە، پێدەنێتە بازنەی ئەو مشتومڕەی لە دژی مۆراڵی تەقلیدی دەستی پێکردبوو.. بۆ نموونە ئەو پێی وایە حەقیقەت بونی نییە و ئەوەی هەیە تەنها لێکدانەوەو شرۆڤەکردنە. زمانیش بۆ خۆی ڕاستیەکان دەشارێتەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ پێی وایە لە ڕێی زمانەوە پەی بە حەقیقەت بردووە، بەڵام بێئاگایە لەوەی ئەوەی ئەو کردوویەتی، تەنها دروستکردنی جیهانێکی هاوشێوەیە بە تەنیشت جیهانی واقیعەوە.

ئەوەی لای "نیچە" بە حەقیقەت دادەنرێت، بریتییە لە رستێک زیادەڕۆیی مەجازی و لێکدانەوەی زمانەوانی کە میللەتێک دوای زۆر بەکارهێنانی، گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەمە ڕاستی حاشا هەڵنەگرە و وەکو بەڵگە نەویستێک سەیری دەکات. ئەو حەقیقەتانەی وەرمانگرتوەو بۆمان ماوەتەوە، تەنها وەهم و خەیاڵپڵاوی ئەبستراکتن و لە ڕێی ئیرادە و هوشیاریەکی ڕەخنەیشەوە دەتوانین خۆمانی لێ قوتار بکەین.

هەروەها پێیوایە ئەخلاق ڕێژەییەو حوکمە ئەخلاقیەکانیش، حەقیقەتی ڕەها نین و بۆ هەموو ئان و زەمانێک دەست نادەن.. بۆ نمونە حوکمی ئەخلاقی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت و تەنانەت لەیەک سەردەمیشدا بە پێی جیاوازی شوێن و کلتور دەگۆڕێت. لێرەوە لە کتێبی (سپێدە)دا داوادەکات بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بە حوکمە ئەخلاقیەکاندا بچینەوە، ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەیان بۆ سەرچاوە و ڕەگوڕیشەی سەرەکیان. گەر بێتو ئێمە دەست بە

Scanned by CamScanner

خوێندنەوەی مێژووی هەر ئەخلاقێک بکەین، دەبینین سەرەتا بە دەستبەرداربوونی ئەخلاقی کۆن دەستی پێکردووە و دوای ئەوەش خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو چاولێکەری پەیڕەویان کردووە، ئەمەش وایکردووە تا ببێتە بەهاو ئاکارێکی تازە.
ئاشنابون و پەیبردن بە هۆکارە مێژوویی و دەرونیەکانی دروستبونی ئاکارێک، بەرەو ئەوەمان دەبات کە پێودانگی بەها تەقلیدیەکان ئافەرۆز بکەین.
"نیچە" پێیوایە خواستی سەرکەوتن و بردنەوە، ئەو هۆکارە نادیارەیە کە لە پشت هەموو رەفتارێکی ئەخلاقی یاخود ئاینییەوەیە، تەنانەت یەکسانیخوازیش بە مەبەستی پاراستن و مسۆگەرکردنی داهاتوی خودەو دواجار خۆشویستنی ئەوی دیش، جگەلە خۆشویستنی خود شتێکی تر نییە.
هاوکات "نیچە" هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لە مەسیحیەت هەیە، ئەویش لەبەر هۆکارگەلێکی وەک ئەوەی ئەگەرچی مەسیحیەت دەست بەرداری هەندێک ترادسیۆنی وەسەنی یۆنانی و هەندێک بەهای میتافیزیکی نەبووە، بەڵام دەستی لە شێواندنی سروشتی مرۆڤایەتیدا هەبووە. لەوانە شێواندنی بەهای سەروەری (سەروەر بەشێوەیەکی خۆرسکانە خواستی کۆشش و بەدەستهێنانی هێزی هەیە و خەسڵەتی سەرەکیشی بریتییە لە خود ئەڤینی و چێژ بینین لە ژیان)، بەڵام مەسیحیەت هات و ئەم بەهایانەی بە بەها گەلێکی وەک (دان بە خۆدا گرتن و زەلیلیو خۆبەدەستەوەدان) گۆڕی کە بەهای کۆیلەن. بۆیە پێیوایە رزگاربون لە دەسەڵاتی مەسیحیەت،

Scanned by CamScanner

یەکەمین هەنگاوە بۆ گەیشتن بە قۆناغی (ئەقڵی ئازاد و بوێر). دژایەتیکردنی ئایینی مەسیحیەت لەلایەن "نیچە"، وە لە کتێبی (زانستی شاد)دا گەیشتە ئەوپەڕی، بەتایبەت لەوەسفکردنی ئەو سۆپەرمانەی سۆراخی خواوەند ناکات و لە دوای ناگەڕێت.

-سێهەمین قۆناغ کە لە ساڵی 1882 وە تا ساڵی 1888 دەخایەنێت، دەکەوێتە گەڕان و هاتوچۆکردنێکی بەردەوام لە نێوان شارەکانی سویسرا و فەرەنسا و ئیتاڵیاداو زۆر بە شاری تۆرنیۆ سەرسام دەبێت، کە بوو بە دوا مەنزڵی لەو سەفەرانەیدا.

گرنگترین روداوی ئەم قۆناغەی، پەیوەندی بەستنی بوو لەگەڵ خانمێکی خەڵکی روسیا بە ناوی "لۆسالۆمی". لە سەروەختی چونی بۆ شاری رۆما لە مانگی نیسانی 1882دا، چاوی پێیدەکەوێت و یەکتریان دەناسن. ئەم خانمە دواجار دەبێتە یەکێک لە ناودارترین ئافرەتەکانی سەردەمی خۆی.

پەیوەندی "نیچە" بە ئافرەتەوە، بابەتێکە بیروبۆچونی ناکۆک و ناچونیەکی لەسەرە، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکی ناهەموار و دوژمنکارانەبووە، ئەویش لەبەر هۆکارگەلێک، لەوانە: پەیوەندی قوڵ و پتەوی لەگەڵ ئافرەتانی بنەماڵەکەیدا و پاشان توشبونی بە نەخۆشی (سیفلیس)، بەهۆی ئامشۆکردنی یەک لەو ماڵانەی لە شفرۆشی تیادا دەکرا، ئەمەش لەو سەردەمەدا بوو کە دەیخوێند. هەروەها لە گرنگترین ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ئەم قۆناغە، مردنی "ڤاگنەر"

Scanned by CamScanner

بوو. "نیچه" به مردنی گەلێک غەمبار بوو، کاتێک هەواڵەکەی پێدەگات بۆ یەکێک لە هاورێکانی دەنوسێت و دەڵێت: (ڤاگنەر کامڵترین پیاوێک بوو لە ژیانمدا بینیبێتم).

ئەگەرچی لەم قۆناغەدا نەخۆشی زۆری بۆ هێناو باری تەندروستی زیاتر تێکچوو، بەڵام لێشاوێک بەرهەمی نوسی و ئەو کارانەش وایانکرد ناوی بە نەمری بمێنێتەوە و نێوبانگێک بۆ خۆی بچرێت. لە ماوەی نێوان ساڵانی 1883 و 1885 گرنگترین و بەناوبانگترین کتێبی خۆی (زەرادەشت وەهای وت)ی بڵاوکردەوە. لەسەر بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەی نوسی بوو: (ئەمە کتێبێکە بۆ هەموان و بۆ تەنها کەسێک نییە).

لە چەندین نامەشیدا بە (ئینجیلی پێنجەم) ناوی بردبوو. لەم کتێبەیدا لە روی ستایل و قوڵی فکریەوە، گەیشتبووە لوتکە. ساڵی 1886 کتێبی (لە دو دیوی چاکە و خراپە)وەی بە چاپ گەیاندو وەکو سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی ئاییندەی لەقەڵەمدا. ساڵی 1887 دەستی کرد بەسەرلەنوێ چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشوی، هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی (ژینالۆژیای مۆراڵ)ی بەچاپ گەیاند. دواهەمین کتێبی ئەم قۆناغەی (ئیرادەی هێز) بوو، بەڵام لە پاش مردنی خۆی و بەسەرپەرشتی "پیتەر گاست"ی قوتابی و "ئەلیزابیس"ی خوشکی کە مێژوویەکی درێژی لە دژایەتیکردنی جولەکەدا هەیە، بڵاو بووەوە. "ئەلیزابیس" بووە مایەی شێواندنی ئەم کتێبەی کە زۆرێک پێیان وایە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندن و بەهێزبوونی نازیستەکان.

Scanned by CamScanner

لەم قۆناغەدا "نیچە" پێیوایە ئەرکی مەزنی لە پێش دەمدایە و دەبێت خۆی بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان سازبدات، ئەم ئەرکانەش وەکو خۆی مەزەندەی دەکردن لە قوڵایی ناخیەوە دەهاتن نەک لە سەرچاوەیەکی دەرەکیەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەش وزەو توانایەکی بێشومار و سەرکێشیەکی بەردەوامی دەویست.

گەورەترین ئەرکیش هەڵسەنگاندن و بژارکردنی بەهاکانبوو، ئەویش بە خۆقوتارکردن لەو ئایکۆنانەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە بوارەکانی ئایین و هونەر و سیاسەتدا دروستی کردبوون. ئەو بە پێویستی دەزانی مرۆڤ لە دەسەڵاتی ئەو ئایکۆنانە رزگار بکات، بۆ گەیشتن بە ساتە وەختی عەدەمیەت و پاشان دەستپێکردنەوەی سەرەتایەکی نوێ.

ئەم پرۆسەیەش لە رێی ئەو دید و بۆچونە نیچەویە تازانەوە دەبێت کە فانتازیای خۆی خوڵقاندویەتی و بریتییە لە سێ گۆڕانکاری مەزنی رۆح. لە سەرەتادا رۆح (وشترێکی ملکەچ و پشودرێژە) و لە ژێر باری بەهاو ترادیسیۆنی کۆن و ڕزیودا بڕستی لەبەر بڕاوە. دوای ئەوە دەبێت بە (شێر) و دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت: (من دەمەوێت!)، بۆ ئەوەی بکەوێتە رامالینی ئەژدیهای بەهاو ترادسیۆنی کۆن و بە خۆشی دەڵێت: (لە سەرت پێویستە!). ئێمە بۆ ئەوەی ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆمان هەبێت و بتوانین بڵێین (نا)، ئەوا پێویستیمان بەوە هەیە کە رۆحی شێرمان هەبێت.

Scanned by CamScanner

دواجـار رۆح لـه (شـێر)ەوە دەبێـت بـه (منـداڵ)و دەبێتـه خاوەنی رۆحی (مرۆڤی باڵا)، ئەمـەش سـەرەتـا و دەسـپێکێکی نوێیە. هەر بۆیە جلـەو بۆ خـەیاڵی شل دەکات و دەکـەوێتە ناوگەمەی ئەفراندن و داهێنانەوە.

هەر لەم قۆناغەدا "نیچە" کە بە جەستە دەردەدار بوو، پێیوا بوو تێرمـی (ئیـرادەی هێـز) دەتوانێـت باشـترین گوزارشـت لـه فەلسەفەکەی بکـات و ئـەم تێرمـەش لـەلای خۆیـەوە پـشت بـه هـەردوو زاراوەی بـاڵا مـرۆڤ و گـەڕانـەوەی هـەمیـشەیـی دەبەستێت. لێرەوە پرسیاری سەرەکی لەلای ئـەو بـوو بـەوەی: (چۆن چۆنی دەکرێـت مرۆڤـی بـاڵا یـان کلتـوری بـاڵا دروسـت بکەین؟).

لـه کتێبـی (زەرادەشـت وەهـای وت)، کـەوتـه تـاوتوێکردنی تێرمی (ئیرادەی هێز). هەرچی زاراوەی (باڵا مـرۆڤ)یشە، بۆ یەکەمین جار لەو دەستوسانەیدا بەکاری هێنابوو کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا نوسیبونی. لەو تەمەنەوە "نیچە"ی لاو جیـاوازی لە نێوان دوو جـۆر مرۆڤـدا کـردووە: مرۆڤـی ئاسـایی و مرۆڤـی مەزن و باڵا و خانەدان.. مرۆڤی ئاسایی خەمی گەورەی ئەوەیە ژیانێکی زۆر بژی، تـەنانـەت گـەر ئـەو ژیانـەش بـێ مانـا و بـێ مـەبـەسـتیش بێـت، بـەڵام (مرۆڤـی مـەزن مرۆڤـی بـاڵا رۆح و خانەدان) بە دوای ژیانی نەمریدا وێڵە، ئەگەرچی کـورت و کـەم خایەنیش بێت.. هەر کەسێک بگەڕێتەوە سەر دەستنوسـەکانی لەو ماوەی لە زانکۆی (بازل) بووە، دەبینێـت کـه ئـەو لـه ژێـر کاریگەری فەلسەفەی خۆرهەڵاتدا بووە.

Scanned by CamScanner

یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی (باڵا مرۆڤی) ئەوەیە، توانای بەرجەستەکردنی ئایدیای (گەڕانەوەی هەمیشەیی) هەیە.. (گەڕانەوەی هەمیشەیی) ئایدیای سەرەکیە لە (زەرادەشت وەهای وت) و پێشتریش لە کتێبی (زانستی شاد)دا، وەکو گرنگترین ئایدیایەک کە ئەو کات تەعبیری لە فەلسەفەکەی دەکرد، هێنابویە بەرباس. ئایدیای (گەڕانەوەی هەمیشەیی) بەشێوەیەکی کتوپڕ و لە کاتی سەردانێ هاوینەی بەردەوامی بۆ (سیلزمایار) بە مێشکیدا هات. ڕۆژێکی هاوینی ساڵی 1881 و سەروەختێک لە کەنار دەریاچەی Silvaplana پیاسەی دەکرد، لە ناکاو ئەو بیرۆکەیەی بۆ دێت و دەسکێشەکانی دادەکەنێ و قەڵەم و ڕۆژمێرەکەی دەردێنێ و تۆماری دەکات. لەم قۆناغەدا دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستی (گەڕانەوەی هەمیشەیی) بسەلمێنێ، لێرەوە هەوڵیدا ئەمە بە ئایدیای (باڵا مرۆڤی)ەوە گرێ بدات.

(باڵا مرۆڤی) ئیرادەی شێری هەیە و بەهای کۆن تێکوپێک دەدات و دەگاتە دۆخی عەدەمیەت. لە هەمانکاتیشدا ڕۆحی منداڵی هەیە و لە گەڕانەوەی بەردەوامدایە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە. لە دارشتنەوەی چەمکی (ئیرادەی هێز)دا، "نیچە" کەوتبووە ژێر کاریگەری فەلسەفەی هەریەک لە "سپینۆزا و شۆپنهاوەر و چارلزداروین". ئەم سێ بیریارە پێ لەسەر گرنگیو فەزیلەتی ئیرادە دادەگرن، بە تایبەتی "داروین" کە پێیوایە تەواوی شێوازەکانی ژیان یەک مەبەست و ئامانجیان هەیە ئەویش (ئیرادەی مانەوەیە). لەم

Scanned by CamScanner

پاشـخانەوە "نیچـە" داخـڵ بــە ئایـدیای عــەدەمیــەت – Nihilismus (واتـە پـوچی و بێبـەهـایی هـەمـوو بـەهایـەک) دەبێت.

ئـەوپێیوایـە ترادسـیۆنی یۆنـانی/ مـەسـیحی بـەردەوام لەناوخۆیدا، ئەم عەدەمیەتەی شاردۆتەوەو ئەو یەکەمین کەسە، پەردەی لەسەر هەڵماڵیوە و ئاشکرای کردووە و تـەواوبـوون و گـەیشتن بـە دوا قۆنـاغی خـۆی راگـەیانـدووە. هـەروەهـا بـاس لەوەش دەکات کە لاواز و گرگنەکان گومان لەم کارەی دەکەن، بەڵام هێزدارەکان (باڵا مرۆڤی) پێیان وایە ئەمە سـەرەتایەکی نوێیە بۆ هێنانە ئـارای سـستمێکی نـوێ و ئاکـارێکی تـازە، لـە بری ئەو شتە کۆنانەی بەسـەرچـون و شـلۆق بـوون و پیـرۆزی خۆیان دۆڕانـدووە. لێـرەوە "نیچـە" دەچێتـە قۆنـاغی پێشبینی کردنەوە و ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە لـە ئاینـدەدا، چاکـە و خراپە بە پێی پرانسیپی سود و بـەرژەوەنـدی دیـاری دەکـرێن، ئـەمـەش بـە مـەبـەسـتی خۆپاراسـتن لـە زەرەرو زیـان بـە دەستخـستنی هێـز و دەسـەڵات. ئـەم بیـرو بۆچونانـەشـی بەشێوەیەکی دیالۆگ ئامێز دارشتووە و دەڵێت:

–خێر و چاکە چییە؟

–هەموو ئەو شتانەیە کە هێز و توانامان دەمـەزەردەکـەن بـۆ کارکردن و کرانەوە.

–ئەی شەڕ و خراپە چییە؟

–هەموو ئەو شتانەیە کە لە سستی و لاوازیەوە دێن.

–ئەی بەختەوەری چییە؟

Scanned by CamScanner

-هەستکردنە بەوەی هێز و دەسەڵاتمان گەشە دەکات و لە زیادبوووندایە.. بێگومان ئامانجی مرۆڤ بەختەوەری نییە، بەڵکو دەسەڵاتی زیاتر و زۆرترە. ئاشتی نییە، بەڵکو جەنگ و شەڕ و شۆڕە. خەسڵەتی نەرم و نیانی نییە، بەڵکو لێهاتوی و شارەزاییە. بەمجۆرە دەتوانین پرۆژەی فیکری "نیچە" لەوەدا کورتبکەینەوە کە: (مرۆڤایەتی بەکاریگەری -ئیرادەی هێز- و لە چوارچێوەی -گەڕانەوەی هەمیشەییدا- دەسوڕێتەوە، لە ماوەی ئەم سوڕانەوانەشیدا بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات: یەکەمیان، تەواوی خەڵک و خوا بڕوا بە ترادسیۆن و ئایین دەهێنن، بەڵام هەر زوو لە ناو ئاپۆرەی خەڵکیدا مرۆڤی باڵا سەر دەردەکات و قەڵەمبازێک بە مرۆڤایەتی دەدات، تا دەیگەیەنێتە دوامەنزڵ و ئەم قەڵەمبازانەش خۆی لە جاڕدانی مەرگی یەزدان و پاشان لە قۆناغی نیهلیزم و ڕاگەیاندنی گەندەڵبونی بەها تەقلیدیەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەهای نوێدا بەیاندەکات!).

لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا 1888، چەند دەستنوسێکی تازە دەنوسێت: (کێشەی ڤاگنەر، ئاوابونی بتەکان، نیچە دژی ڤاگنەر، ئەنتی مەسیح و ئەمەیە پیاو). زۆربەی کتێبە فەلسەفیەکانی "نیچە"، ڕەنگ و بۆی تیۆلۆژیان هەیە. ڕەخنە توندەکانی لە ئینجیل، نوسینەکانی "سپینۆزا"مان بە بیر دێنێتەوە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو لە نزیکەوە ئاگاداری ئینجیل بووە. هەرچەندە لە پێشەکی کتێبی (ئەمەیە پیاو)دا دەڵێت: (ئەم کتێبەم بۆیە بڵاوکردەوە تا لە دوایدا ستایش

نەکرێت)، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم کتێبەی لەسەروەختی بورانەوە و لە هۆش خۆچوندا نوسی و باشترین گوزارشت لەو هەستە زۆرەی دەکات، بەوەی چ کەسێکی گەورە و مەزنە. نەسکەکانی ئەم کتێبەی ناونیشانی تەنز ئامێزی هەیە، وەک: (من بۆچی هێندە زیرەک و دانام؟) و (بۆچی من ئەم کتێبە قەشەنگانە دەنوسم؟).

ئەو پێیوا بوو پێشوەخت هاتۆتە دنیاوە و کاتی ئەو نەهاتووە. هەر لەم کتێبەدا پێشبینی زۆر لەو ڕوداوانە دەکات کە لە پاش خۆی ڕوو دەدەن. بۆ نمونە پێشبینی دەکات جیهان شەڕ و شۆڕێک بەخۆوە دەبینێ کە پێشتر ڕووینەداوە و سەرچاوەی ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژی لە ئەوروپادا .گرنگترین شتێک لەم کتێبەدا قسەی لێکردبێت، ئەوەیە کە فەلسەفە (وەکو خۆی تێی گەیشتبوو ئەزمونی کردبوو، بریتیە لە ژیانی ئازاد لە نێو بەستەڵەک و چیا سەرکەشەکاندا، بریتییە لە پرسیار و مەعریفەی ئازاد و پێکۆڵکردنی حەقیقەتی ڕەسەن، ئەو حەقیقەتەی لە ژێر لێکدانەوە و تەفسیری ناکۆتادا بزر بووە!).

لە 3ی کانونی دووەمی 1889 "نیچە" لەسەر یەکێک لە شەقامەکانی شاری تۆرینۆی ئیتاڵیادا، بە بێهۆشی دەکەوێتە سەر زەوی و لە ڕۆژی هەشتی ئەو مانگەدا هاوڕێی بە ئەمەک و دۆستی دێرینی لە زانکۆی (بازل) "فرانز ئۆڤربیک"ی مێژوونوس، دەیباتە نەخۆشخانەیەک لە (بازل) و دەردەکەوێت کە توشی ئیفلیجی مێشک بوو. دایکی زو بە دەنگیەوە دێتو

Scanned by CamScanner

دەیگەیێنێتە (Jena)و دەخرێتە ژێر چاودێری وردی پزیشکیەوە. ڕۆژی 13ی مایسی 1890 دایکی دەهێنێتەوە بۆ ناومبۆرگ. لەوە بەدواوە باری تەندروستی ڕووە و خراپتر دەچێت. لە ساڵی 1892 ناتوانێت میوانەکانی بناسێتەوە و لە 1894 توانای قسەکردنی نامێنێ. دوای ئەوەی لە نیسانی 1897 بەهۆی نەخۆشیەوە دایکی دەمرێت، دەکەوێتە ژێر چاودێری "ئەلیزابیس"ی خوشکییەوە لە (ڤایمار) و لەوێ دەمێنێتەوە تا وەختی لە دنیا دەرچونی لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 25ی ئابی 1900 و لە زادگای خۆی بە خاک دەسپێردرێت!

بە درێژایی سەدەی بیستەم، "نیچە" کاریگەری لەسەر زۆرێک لەبیریار و سیاسەتمەداری ئەڵەمانیا و دەرەوەی ئەو وڵاتە هەبووە. ئەوەتا "ماکس ڤیبەر" لە ساڵی 1920 دەنوسێت: (ئەو دنیای ئەمڕۆ تیایدا دەژین، زۆر بە قوڵی لەژێر کاریگەری مارکس و نیچەدایە). لەلایەکی ترەوە "ماکس هۆکهایمەر" پێیوا بوو: (نیچە زۆر لە مارکس مەزنتر و قوڵترە!).

کاریگەری و شوێن دەستی ئەو لە بواری ئەدەبیشدا، بە بەرهەمی هەر یەک لە "ریلکە و کراوس و مۆزیل و هانیرش مان و تۆماس مان و هێرمان هێسە و ئەندرێ ژید و جۆتفرید بن و نەجیب مەحفوز و.. هتد" دیارە. "جۆتفریدبین" پێیوایە: (لە مارتن لۆتەرەوە، نیچە گەورەترین بلیمەتی وڵاتی ئەڵمانیایە!). واتە بەلای (بین)ە "نیچە" لە پێش "گۆتە" شەوەیە. "تۆماس مان"یش یەکێکە لەوانەی لەسەردەمی گەنجێتیەوە، بەکارەکتەر

Scanned by CamScanner

و بەرهەمەکانی "نیچە" سەرسام بووە و ئەمەش زیاتر لە رۆمانی (دکتۆر فاوست) و لێکچەرەکانیدا دەردەکەوێت. بەلای "تۆماس مان"ەوە، (نیچە قارەمانە چاونەترسەکەی جیهانی فیکرە و بیرو بۆچونەکانیشی پڕی بلیمەتییە). "تۆماس مان" ساڵی 1947 ئەم قسانەی لە لێکچەرێکدا دەربارەی "نیچە" کردووە.

هەروەها لە بواری دەروونناسیشدا، کاریگەری ئەو لە باسکردن نایەت. ئەوەتا فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵەمانی "پیتەر سۆڵتەردایک" دەڵێت: (فرۆید خۆی لەوە دەپاراست باسی نیچە بکات و ماوەیەکی زۆریش دەیویست بیشارێتەوە کە ئەو زۆرێک لە تێرم و بۆچونەکانی خۆی لەو وەرگرتووە). بڕوانە: سەبارەت بە کاریگەری فەلسەفیشی، دەتوانین شوێن دەستی بیر و بۆچونی ئەو بەسەر نوسینی هەریەک لە: "کارل یاسبەرز و مارتن هایدگەر و پۆل ڕیکۆر"ەوە ببینین. هاوکات کاریگەری قوڵیشی لەسەر بیریارانی وەک: "میشیل فۆکۆ و ژاک دێریدا و ژیل دیلۆز و پیتەر سولتەر دایک و جیانی ڤاتیمۆ" هەبوو. وەک "یۆهانس ساڵتز فیدیل" دەڵێت: (بیر و بۆچونەکانی نیچە، بوونە مانیفێستی پۆست مۆدێرنە). بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە جاڕدانی مەرگی یەزدان لای ئەو، ڕاگەیاندنی مەرگی مرۆڤ و مەرگی نوسەر و مەرگی یاخود کۆتایی مێژووی بە دوای خۆیدا هێنا!! سەرەڕای ئەمانە، بەڵام زۆرجار لە لایەن چەپی ئەڵەمانی یاخود ئەورووپییەوە، "نیچە" بەوە تاوانبار دەکرێت کە ئەو لە

Scanned by CamScanner

پشت نازیزم و ئەو ماڵوێرانیانەوەیە کە لەسەردەمانی ئەواندا رویاندا.

ئەوەی زۆر بەتوندی داکۆکی لەم بۆچونە دەکات، "جۆرج لۆکاچ"ەو ئەمەشی لە کتێبی (گۆڕانی چارەنوسسان)دا باسکردووە کە لە ساڵی 1947 نوسیویەتی. "لۆکاچ" لەو کتێبەیدا داوای ئایدیۆلۆژیایەکی ئەڵەمانی نوێ دەکات. ساڵی 1966 لە بەشێکی کتێبە قەوارە گەورەکەیدا (وێرانبونی ئەقڵ) بە ناونیشانی (لە نیچەوە بۆ هتلەر)، "لۆکاش" ئەو تۆمەتە دووبارە دەکاتەوە. دواین کتێبیش کە لەم بارەیەوە نوسرابێت کتێبێکی "ستیڤان ئەشهیم"ە کە لە سەرەتای ئەمساڵدا (2001) و لە ژێر سەردێڕی (نیچە و ئەڵەمان)دا بڵاویکردۆتەوە. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی دیکۆمێنتی تاوتوێی تیۆریاکەی "لۆکاچ" و کەسانی هاوڕای ئەو دەکات، لەمەڕ کاریگەری "نیچە" لەسەر ڕای گشتی گەلی ئەڵەمانیا، بەر لە مردنی تا کۆتایی رایخی سێهەم.

"ئەشهیم" لە کتێبی (نیچە و ئەڵەمان)دا، تەواوی سەرەڕۆییەکانی سەدەی بیستەم دەخاتە ئەستۆی "نیچە"، ئەویش بەهۆی کاریگەری زۆر و زەوەندی لەسەر ئاقارە سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان.. بۆ نمونە کاریگەری لەسەر نازیست و مارکسیست و رەگەز پەرستەکان و هەروەها گروپە ئانارشیستەکان، بەڵام ئەم جۆرە کتێبانەو هەروەها کتێبی (نیچە و نازیزم)ی "برنارد تاوریک" 1989 و تەنانەت ئەو وێنە بەناوبانگەشی ساڵی

Scanned by CamScanner

1931 "هتلەر" نیشاندەدات لە مۆزەخانەی ڤایمار و لەبەردەم پەیکەری "نیچە"دا وەستاوە و لێی دەڕوانێت، کورتکردنەوەی "نیچە" بەو تاونبارکردنیەتی بە تاونێک کە ئەو لێی بێبەرییە. زۆرێک لەو کاتیگۆریانەی پێی تاوانبار دەکرێت بە تایبەت لە (ئیرادەی هێز)دا، خاڵی هاوبەشی سەرجەم نوسەرانی سەردەمی خۆی بووە. هەندێک لەو شتانەی رەخنەی پێ ئاڕاستەی "نیچە" دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو بڕوای بە یەکسانی نەبووە و ستایشی هێزی کردووە و ئەمەش وایکردووە لەگەڵ "هتلەر"دا بخرێنە یەک ریزەوە. یاخود کتێبی (ئیرادەی هێز) بە کتێبی Mein Kampf "هتلەر"وە گرێبدرێت، بەڵام وەکو فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی "تۆگن هات" باسی دەکات: (ڕون نیە کە هتلەر نیچەی خوێندبێتەوە.. هەرچەندە تێڕوانینیان بۆ نەبوونی یەکسانی لە نێوان ئینسانەکاندا وەکو یەکە، بەڵام خاڵی جیاوازی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نمونە خاڵی دەسپێک لە فەلسەفەی هەریەکەیاندا جیاوازە. هتلەر سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی چالاکبوو، لەگەڵیشیدا خاوەنی فەلسەفەیەکی سادە و ڕوکەش بوو کە لە دژایەتیکردنی جولەکەو تەواوی گەلانی دنیاوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام نیچە بیریارێکی تیۆری بوو، خاوەن فەلسەفەیەکی قوڵ و ئاڵۆز بوو. خاڵی دەسپێکیش لای ئەو ئەوە بوو کە مرۆڤ لە سەرەتای بوونەوە بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن: سەردار و کۆیلە. جیاوازیەکی

Scanned by CamScanner

دیکەی نێوانیان ئەوەیە کە نیچە دژی ناسیۆنالیزمی ئەڵەمانی بووە و لەم ڕووەوە قسەو باسی زۆر توندی دژی ئەڵەمانەکان هەیە).

گۆڤاری (اخبار الادب)، 2001/8/18.

نیچە.. بایۆگرافیای بیرکردنەوە



رۆدیگە زافرانسکی

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

"رۆدیگە زافرانسکی" کە نوسەری ئەم کتێبەیە، یەکێکە لەو ئەکادمیستە مەزنانەی پسپۆڕە لە فیکری "نیچە" داو پێشتریش کتێبێکی گرنگی دەربارەی "هایدگەر" بە ناوی (هایدگەر لە نێوان چاکە و خراپەدا) بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ کتێبێک بە ناوی (شۆپنهاوەر و ساڵە تفت و تاڵەکانی فەلسەفە). لەم کتێبە تازەیەیدا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی عەودالّی ژیانی "نیچە"یە و لە هەموو قۆناغێک لە قۆناغەکانی بەرەوپێشچونی فیکری ئەودا، هەڵدەستێت بە بەستنەوەی رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی بە نوسین و بەرهەمە فەلسەفیەکانیەوە.

بەمجۆرەش دابڕان لە نێوان ژیانی فەیلەسوفو نوسینەکانیدا دروست نابێت.. ئەمەش بۆیە دەڵێین، چونکە هەندێک کات ئەوانەی ژیاننامەی فیکری فەیلەسوفەکان دەنوسننەوە، بەجۆرێک ئەو کارەدەکەن کە ئێمە پێمان وابێت ئەوانە نە ئەزمونی ژیانیان کردووە و نە ئازاریان چەشتووە و نە دڵشاد و دڵگرانیش بوون، وەکو تەواوی خەڵکانی تر. بێگومان ئەمە کارێکی باش نییە لە کاتی نوسینەوەی سەربوردەی فەیلەسوفە مەزنەکاندا، بە تایبەتی گەر ئەو فەیلەسوفانە لە ئاستی کەسێکی وەک "نیچە"دابن کە بە خوێن و مێشک و تەواوی هەست و نەستیەوە دەینوسی.. ئەی ئەوە ئەو نییە دەڵێت: (من مرۆڤ نیم، من رستێک دینامێتم!!). بەڵێ ئەم

Scanned by CamScanner

فەیلەسوفەی کە تەنها چل و پێنج ساڵێک بە ئاگایی ژیاو دوای ئەوە بۆ ماوەی یانزە ساڵ وەکو دێوانەیەک گوزەراندی و سەرەنجامیش لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایکرد (1844-1900)، دایناميێت بوو..

"نیچە" لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ماڵئاوایی لە ژیانکرد و پێیوابوو خەڵکی تەنها لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا و دوای سەد ساڵ لە مردنی، دەتوانن پەی بە فەلسەفەکەی ئەو بەرن و لێی تێبگەن. ئەو پێشبینیەشی تەواو راست دەرچوو.هەنووکە تەواوی فەیلەسوفەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو مەزنترین و قوڵترین فەیلەسوف بووە.. هەموو ئەو شتانەی پێشبینی کرد کەم تا زۆر رویاندا. لەوانە جەنگە جیهانیەکان و پاشەکشەکردنی بەهاکانی ئایینی مەسیحی، لەناو کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان و داخڵ بوون بەسەردەمی نیهلیزم. بەڵام با بزانین ئەم فەیلەسوفە ترسناکە کێیە کە زیاد لە سەدەیەکە و تا ئێستاش، خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە؟

"فریدریش نیچە" ساڵی 1844 لە شارۆچکەی (رۆکین)ی ئەڵمانیا لە دایکبووە. باوکی قەشەیەکی پرۆتستانت مەزهەب بووە و هەروەها دایکیشی سەر بە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە. ئەمەش مانای وایە کە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە وەکو "ئیمانوێل کانت" لە کەشوهەوایەکی تەواو ئایینیدا ژیاوە.. فەزای ماڵی ئەوان پڕی بووە لە ویردو مۆجیاری ئایینی مەسیحی و پەروەردەیەکی ئەخلاقی توند و تۆڵ. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، دواتر لە تیۆلۆژیای مەسیحی سەرکوتکەر

Scanned by CamScanner

هەڵدەگەڕێتەوە. وەکو ئاشکراشە لە کتێبەکانیدا زۆر بە توندی ڕەخنە لەکلێساو و پیاوانی ئایینی دەگرێت.

بەهۆی دەرد و نەخۆشی بەردەوامی باوکیەوە، هەمیشە ماڵی ئەوان کەش و هەوایەکی دڵتەنگ و خەمباری هەبووە.. چوار ساڵ دوای لەدایک بوونی "نیچە"، باوکی دەمرێت. ئەمەش کاریگەری ناخۆشی لەسەر جێدێڵێت.. باوکی لە ناکاودا نەمرد، بەڵکو دوای چەند مانگێک لە کەسیفی و دەردەداری گیانی دەرچوو.دوای مەرگی باوکی، لەگەڵ دایکی و "ئەلیزابیس"ی خوشکیدا دەکەنە ناومبۆرگ و لەوێ دەست بە خوێندن کرد. ئەو خوێندنگایەی ئەو بۆی چوو پێشتر "یۆهان فێختە" تیایدا خوێندبووی. "نیچە" لەو قۆناغەی ژیانیدا، حەزی بە تەنهایی و گۆشەگیری دەکرد و پرسیاری وای دەکرد کە هەرگیز بە بیری منداڵدا نایەت لەو تەمەنەدا.. بۆ نموونە پرسیاری ئەوەی دەکرد کە بۆچی هاتۆتە دنیاوە، یاخود پاساو و بەهانەی بوونی ئەو چییە لەم ژیانەدا؟

لێرەوە و لە بری گەمە و یاری و باوەشکردن بە ژیاندا، مەسەلەی بوون بوو بە کێشەی گەورەی ئەو.. ئیتر پرسیارگەلێکی دەوروژاند لەو تەمەنەدا کە خەڵک تەنها لە دوا ڕۆژەکانی عومریاندا، لە خۆیانی دەکەن و بە بیریاندا دێت. ئەو پرسیارانەی ئەو دەیکردن، تەنها ئەو منداڵە دەگمەنانە دەیکەن کە لەناو ماڵی خۆیان و لە ناو خێزان و کۆمەڵگەکانیاندا هەست بە نامۆیی دەکەن. لەوانە دەکرێت ناوی هەندێکیان

Scanned by CamScanner

بێنین: "بۆدلێر، رامبۆ، ئەدگار ئالان پۆ، هۆڵدەرلین و... هتد".

هەر لە یەکەم ساڵی خوێندنی ئامادەیدا، بەهرەی ئەدەبی وای تێدا دەرکەوت کە جێی سەرنج بوو.. ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا، کەوتە نوسینەوەی ژیاننامەی خۆی!! یەکەمین کێشەیەک لەم دنیایەدا رووبەڕووی بووەوە، کێشەی شەڕ و خراپەبوو.. باوکی ئەو کەسێکی نەرم و نیان بوو، ئازاردری کەسی نەدەدا. ئەی کەوایە بۆچی توشی ئەو دەردە کوشندەیە بوو لە تافی لاویەتیداو لەتەمەنی 36 ساڵیدا سەری نایەوە؟ ئەی بۆچی لە بری ئەو کەسێکی بەد و شەرانگێز نەمرد؟ بۆچی کەسانی باش دەمرن و خراپەکارانیش دەژین؟

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چوو بۆ (بۆن)، تا لە زانکۆی ئەوێدا درێژە بە خوێندن بدات. کە چووە زانکۆی (بۆن) لە یەک کاتدا خۆی لە کۆلێژەکانی تیۆلۆژیای ئاینی و فیلۆلۆژیا و مێژووی کۆن ناونووس کرد. کۆلێژی یەکەمیان لە دڵەراوکێی رۆحی و میتافیزیکی کەم دەکردەوە و دووەمیشیان فزوڵی زانستی و مەعریفی تێردەکرد. لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ پرۆفیسۆر "ریچڵ"دا پەیدادەکات کە رۆڵێکی گرنگ لە ژیانیدا دەگێڕێت. هەر لە سەرەتاوە ئەم مامۆستا بەناوبانگە وابەستەی خوێندکارە تازەکەی دەبێت کە خاوەنی بەهرەیەکی کەم وێنە بوو.

Scanned by CamScanner

هەرچەندە "نیچە" دڵی بە (بۆن) دەگرایەوە و حەزی بە پیاسە رۆمانسیەکانی سەرکەناری روباری (راین)ی دڵرفێن بوو، بەڵام کاتێک مامۆستاکەی ئەم زانکۆیەی بەجێهێشت و رویکردە زانکۆی (لایبزیک)، دەستبەرداری ئەمانە بوو کەوتە شوێن پرۆفیسۆر "ریچێڵ". لە (لایبزیک) دوو دیداری سەرەکی لە ژیانی ئەودا رویاندا: یەکەمیان لەگەڵ فەلسەفەی "شۆپنهاوەر" و دووەمیشیان لەگەڵ مۆسیقاری بەناوبانگ "ریچارد ڤاگنەر" دابوو.

دەڵێن رۆژێکیان "نیچە" لە چەند کتێبخانەیەک، سەرگەرمی گەڕان بووە بە دوای کتێبدا و لە ناکاو کتێبی (جیهان وەکو ئیرادو وێناکردن)ی "شۆپنهاوەر"ی بەرچاو دەکەوێت و زۆر سەیر ئەو کتێبە سەرنجی رادەکێشێت، ئەگەرچی لەوەو بەر نە هیچی لە ناوەرۆکی کتێبەکە زانیووە و نە ئاگاداری نوسەرەکەشی بووە.. دەستبەجێ ئەو کتێبە دەکڕێت و دەیباتەوە بۆ ماڵێ و بە درێژایی ئەو رۆژە و تا نیوەشەو خەریکی خوێندنەوەی دەبێت، وەختێک وازی لێدێنێت کە دوا لاپەڕەی تەواودەکات. ئەڵبەتە "شۆپنهاوەر" لەو کاتەدا چوار ساڵ بوو مردبوو، گەرنا ئەوا دەستبەجێ دەچوو بۆ ماڵیان و خۆی پێدەناساند. لەو کاتەوە ئیتر "نیچە" خۆی وەک قوتابیەکی "شۆپنهاوەر" کە مەزنترین فەیلەسوفی رەشبینە لە مێژووی فیکردا، حساب دەکرد. "شۆپنهاوەر" نەفرەتی لە ژیان و لەو چرکەساتە دەکرد کە تیایدا لەدایکبووە و مۆجیاری ئەوە دەخاتە بەردەست، کە چۆن خۆمان لە ژیان لابدەین و لە ژەهر

و مەترسی و فریودانەکانی دوورکەوینەوە، چونکە ژیان بریتییە لە فێڵێکی گەورە و تەفرە خواردن.

دوای ئەوە و لە کۆتایی ئاهەنگێکی مۆسیقیدا، ئاشنایەتی لەگەڵ "ڤاگنەر"دا پەیدا دەکات.. بێئەندازە بە مۆسیقای ئەو سەرسام دەبێت و لەبەر ئەوەش دەبێت بە دەروێش و هاوڕێی لەیەک کاتدا.. بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی ماڵی "ڤاگنەر" دەکات و پەیوەندیەکی رۆحی قوڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێت.. "ڤاگنەر" لەو کاتەدا خەریکی ئەوەبوو کۆدێتایەک لە مێژوی مۆسیقای ئەڵەمانیدا بکات.. دەیویست شۆڕشێکی تەواو لەو بوارەدا بەرپا بکات، بەڵام پێویستی بە بنەمایەکی فەلسەفی و میتافیزیکی هەبوو بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات. لای ئەویش "نیچە" ئەو بلیمەتە بوو، دەیتوانی ئەو پاشخانە فەلسەفیەی بەردەست بخات کە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک لە بواری مۆسیقادا پێویستی پێی هەبوو. بەهەرحاڵ سەرسامی هەردووکیان بە "شۆپنهاوەر"، زیاتر لە یەکی نزیک خستنەوە.

لەو ماوەیەدا "نیچە" ئەگەرچی تەمەنی لە خوار بیست و پێنج ساڵیەوە بوو، بەڵام وەکو مامۆستایەک لە زانکۆی (بال) لە سویسرا دامەزرا. یەکەمین لێکچەری لە بەردەم ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران و مامۆستایان و کەسە ناسراوەکانی شارەکەدا پێشکەشکرد. ناونیشانی باسەکەشی: (هۆمیرۆس و فیلۆلۆژیای کلاسیکی) بوو، واتە بینی "هۆمیرۆس" لە رێگای فیلۆلۆژیا و مێژووەوە.

Scanned by CamScanner

ئامادەبووان بە ڕەوانبێژی و بیر و بۆچوونە قوڵەکانی ئەو مامۆستا لاوە سەرسام بوون، بەڵام بێئاگا بوون لەوەی کە ئەو خۆی بۆ مەزنترین و قورسترین سەرکێشی فەلسەفی لە مێژوودا ئامادە دەکات. دوای سێ چوار ساڵ لەوانە وتنەوە و دوای ئەوەی خەڵکی لە نیەت و حەقیقەتی بیر و بۆچونەکانی تێگەیشتن، لێی دورکەوتنەوە و بەجێیان هێشت. ئیتر لەوە بەدوا کورسی ناو هۆڵەکان بەتاڵ و وەکو جاران خوێندکاران نەدەچوون گوێ لەوانەکانی بگرن.

لێرەوە تەنهایی ئەو گەورەتر بوو. کەس لەو سەردەمەدا نەیدەتوانی لەو سەرکێشیە ترسناکەدا هاوسەفەری بێت کە تا دوا سنورەکانی فیکر و فەلسەفاندن دەچوو. ئەو زۆر پێش سەردەم و زەمانی خۆی کەوتبوو، ئەمەش وایکرد لانی کەم هیچ کەس تێی نەگات.. هەر بۆیە بە نامۆیی ژیا و بە نامۆیش لە دنیا دەرچوو.

دوای ئەوەی لە ساڵی 1872 و لە تەمەنی 28 ساڵیدا یەکەمین کتێبی خۆی (گورانی تراژیدیا)ی بڵاوکردەوە، بۆ هەموانی سەلماند کە مامۆستای هەموو مامۆستاکانە، بەڵام هاوکات بەهۆی بیروبۆچونە رادیکالیەکانیەوە کە داوای گۆڕینی کۆی سستمی خوێندنی ئەڵمانیای دەکرد، زۆر کەسی توشی شۆک کرد. ئەو هیچ شتێکی بەدڵ نەبوو، لە هیچ شتێک رازی نەبوو، بۆیە دەیوویست هەموو شتێک راماڵێت. دوای ئەوە نەخۆش کەوت و ترسا لەوەی وەکو باوکی لێبێتو وەک ئەو لە تافی لاویدا سەر بنێتەوە.. نەخۆشی ئەو سەرئێشەیەکی قورس

Scanned by CamScanner

بوو، پێدەچوو لە باوکیەوە بۆی مابووبێتەوە. پاشان چاوەکانی دایانە کزی و بەردەمی خۆی نەدەبینی. ئەمانە ناچاری کرد دەست لەکار بکێشێتەوە و زانکۆ جێبهێڵێت. ئیتر وای لێهات وەکو وێڵگەردێک روبکاتە رێگاو بانەکان: رێگا دوورەکانی سویسرا و شاخ و داخ و دۆڵ و چۆم و روبارەکانی ئەو وڵاتە، هەروەها رێگاوبانی وڵاتانی ئیتاڵیا و باشوری فەرەنسا تاقیبکاتەوە. لێرە بەدواوە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت و ژیانی فەلسەفی دەست پێدەکات و ماوەی دەساڵ دەخایەنێت: لە ساڵی 1879 بۆ ساڵی 1889. لەو ساڵەدا و لە شاری تۆرینۆی ئیتاڵیدا دەکەوێتە ئامێزی شێتیەوە و بەو حاڵەوە دەژی تا وەختی مردنی لە ساڵی 1900. لە ماوەی ئەم دەساڵەشدا کتێبە سەرەکیەکانی خۆی نوسی. لەوانە: (مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە، سپێدە، زانستی شاد، لەودیوی چاکە و خراپەوە، زەرادەشت وەهای وت).

دەربارەی "نیچە" زۆر نوسراوە و حوکم و بڕیارەی ناچونیەکیش لەسەر فەلسەفەکەی ئەو دراوە.. هەندێک بە مەرجەعی "هتلەر" و نازیزمی دەزانن و بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، هەندێکی دی پێیان وایە یەکەمین کەسە داوای یەکیەتی ئەوروپای کردووە و پێشنیازی خۆلادانی لە دەمارگیری ئەڵەمانی بەردەست خستووە.. هەندێکی تر دەربارەی ئەو دەڵێن کەسێکی دەستە بژێرخواز بووە و دژی دیموکراسی بووە.. هەندێکی تر سەر کۆنەی ئەوەی دەکەن کە

Scanned by CamScanner

مەیلێکی ئۆرستۆکراتیانەی هەبووە و بە چاوێکی نزم لە کەسانی لاواز و بێدەسەڵاتی روانیووە.

لە راستیدا ئەستەمە بگەینە ناسینی "نیچە" بە شێوەیەکی راست و دروست.. سەرەڕای هەموو ئەوەی لە بارەیەوە نوسراوە، بەڵام بەلای ئێمەوە وەکو نهێنیەکی قوڵ و تەلیسمێکی نەشکێنراو دەمێنێتەوە. ئەو بە "دیکارت" دەچێت، بگرە زیاد لە "دیکارت"یش خۆی بە ماسک و دەمامکەوە نیشاندەدات.. بە دەگمەن نەبێت دەمامک لەسەر رووی خۆی لانادات، بەڵام بۆچی وەها دەکات؟

لەبەر ئەوەی ژیان بۆ خۆی تەلیسماوی و ئاڵۆزە و بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە. هەندێک جار پێمان وایە جوان و قەشەنگە و پڕیەتی لە بەختەوەری و خۆشەویستی، بەڵام وەختێک کێشەیەک روودەدات رەش بین دەبین بەرامبەری و دەبێتە دوژمنێک کە ناشێت متمانەی پێبکرێت. ئەی کەواتە روی راستەقینەی ژیان کامەیە؟ ڕووە پۆزەتیڤەکەیەتی یان رووە نێگەتیڤەکەی؟

بەو پێیەی فیکری "نیچە" وێنەیەکی ژیانە، ئەوا وەکو ئەو ناچون یەکە و زیاد لە روویەکی هەیە. بەمجۆرە چەندین خوێندنەوە بۆ ئەو هەیە، نەک تاکە خوێندنەوەیەک.. بە تایبەتی ئەو بە شێوازێکی شاعیرانەی وەها دەینوسی کە نمونەی لە زمانی ئەڵمانی و بگرە لە تەواوی زمانەکانی دیکەی دنیادا نییە.

Scanned by CamScanner

"نیچە" بە تەنها هەر فەیلەسوفێکی زۆر قوڵ نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا شاعیرێکی مەزنو پەخشان نوسێکی کەم وێنە بوو. سیحری گەورەی ئەم پیاوەش بە درێژایی ئەم ساڵانە لێرەدایە. دەڵێن: کتێبەکەی (زەرادەشت وەهای وت)، لاوانی ئەڵمانیا وەکو ئینجیل دەیانخوێندەوە! بەڵام جەخار، ئەمە سەروەختێک بوو کە ئەو بووە دێوانە و مردن زەفەری پێبرد و بواری ئەوەی نەبوو، چێژ لە نێوبانگ و شکۆمەندی خۆی ببینێت.

البیان الکتب- 2003/3/10

نیچەو میتافیزیك



هاشم ساڵح

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

بەرایی:

بەرلەوەی باس لەتێکوپێدانو لێکشیتاڵکردنی میتافیزیک بکەین لای "فردریک نیچە" و "مارتن هایدگەر"، ناچارین پانۆرامایەکی زۆر کورتو خێرا لەسەر ئەو چەمکە بخەینەڕو کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تائێستاش فیکری خۆرئاوای بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، بەڵام لێرەدا دوچاری ئاستەنگێک دەبین، ئەویش ئەوەیە کە چەمکی میتافیزیک هەڵگری زیاد لەمانایەکەو زیاد لەپێناسێکی بۆکراوە، هەربۆیە ناساندونو پێناسکردنی کارێکی زەحمەت دەبێت (1).

بەهەرحاڵ، چەمکی (میتا-فیزیک Metqphysique) واتە ئەودیو جیهانی سروشتی. ئەم چەمکە سەرەتاکانی ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریک، بەڵکو بۆ یەکەمجار لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هاتە ئارا، ئەگەرچی مانا ئیتمۆلۆژیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی بەر لە "مەسیح". لەو سەردەمانەدا فەیلەسوفی ئەسکەندەریە "ئەندرۆ نیکۆس دورودۆس" دەیەوێت کتێبەکانی (مامۆستای یەکەم) "ئەرستۆ" پۆلێن، بکاتو ڕێکیان بخات، لەم سەروبەندەشدا کتێبەکانی (فەلسەفەی یەکەم)ی لەدوای ئەو کتێبانەوە دانا. کە باس لەسروشت دەکەنو ناوی لێنان (ئەودیوی سروشت). ئەم ناونانە بەمانا سادەو کرچو کاڵەکەی بو، نەک بەو شێوە

Scanned by CamScanner

زاراوەیەی لەئـــارەدایە. واتە مەبەســـتی "ئەنـــدرۆنیکۆس" لەمیتـافیزک، ئەو کتێبـانە بـو کە لەبەرهەمەکـانی "ئەرستۆ"دا راســـتەوخۆ دوای کتێبەکـــانی سروشـــت دەهـــاتن. پاشـــان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم چەمکە بەمانا باوەکەی تەشەنەی سـەند، واتە ئەودیـوی سروشـت (بەمانـای گەڕان بەشوێن ئەو شتانەی دەکەونە ئەودیو جیهانی مادیەوە). کەواتە وەک چەمک میتافیزیـک لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا هـاتە ئـارا، ئەگەرچی لەسەردەمی یۆناندا میتافیزیک وەک مانـا هەبـوە. هەندێ شت بەرلەوەی نـــاو و زاراوەکەیـــان بێـــتە ئـــاراو ســـەرهەڵبدەت، دەردەکەوێت، وەک (میتافیزیـک) کە بەمانـای هەوڵـی گەڕانو دەســـت گەیـــشتن بەو دیـــو سروشـــتو پەیبـــردن بەنهێنیـــە شـــاراوەکان دێـــت، ئەمەش یەکـــێکە لەگەورەتـــرین خەونو خولیاکانی فەیلەسوفان. "ئەرستۆ" دەیویست بگاتە پرانسیپە سەرەتاییو بنەماییەکانی مەعریفە، ئەو پرانسیپانەی لەسەرو هەمو زانستێکی زانراوەوەیە. بۆ نمونە زانستی فیزیاو میکانیک پێویـستیان بەلێکـۆڵینەوەو سـەلماندنی زانـستی هەیە، بەڵام پرانسیپە سـەرەکیەکان ناکرێـت بسەلمێنرێن، ئەو هزرەشی کە پەی بەم پرانسیپانە دەبات زانستی نیە، بەڵکو سـەرو زانـستی یـاخود میتـــافیزیکییە. کەواتە میتافیزیـــک بـــریتیە لەجـــۆرە فەلـسەفەیەکی سـەرەتایی یـان زانـستی ئەو پرانسیانەیە کە پێویـستە بـۆ سـەلماندنو ئاشـکراکردنی کـایەیەکی تـایبەت لەکایەکـان، بەڵام بـۆ خـۆی پێویـستی بەهـیچ سـەلماندنو ئاشکراکردنێک نییە.

Scanned by CamScanner

شایەنی باسە فەلسەفەی میتافیزیک بەشێوەیەکی تایبەت، زیاد لەهەر کەسێکی دی وابەستەی ناوی "ئەفلاتۆن"ە. تیۆریاکەی "ئەفلاتۆن" دەربارەی جیهانی ئایدیالی، بەیەکەم بەردی بناغەی میتافیزیک دادەنرێ لەمێژوی فیکری خۆرئاوادا. دەکرێت ئەو تیۆریایەی بەم جۆرە کورت بکەینەوە: (ئەفلاتۆن رەخنەی گومانکارو سۆفیستەکانی پەسەند دەکرد کە پێیان وابو جیهان واقعی جیهانی راستەقینە نیە، چونکە شتە ساردو گەرمەکانو دیاردەکانی دیکەی بون، دیاردەگەلێکی وەهمیو درۆن، بەڵام جیهانی راستەقینە جیهانی ئایدیا نمونەییەکانە کە تەنها بەچاوی رۆح دەبینرێت، نەک بەچاوی ئاسایی. ئەم جیهانە راستەقینەیە، دەکەوێتە ئەودیو جیهانی مادیەوە). "ئەفلاتۆن" پێیوایە تێگەیشتنو ئیدراکی رۆحی مرۆڤایەتی تەنها رەنگدانەوەی نمونە باڵاکانە، واتە رەنگدانەوەی دنیای ئایدیا نەمرەکانە. ئەو پێیوایە رۆح بەرلەوەی بکەوێتە ناو زیندانی جەستە، لەئایدیا نمونەیو باڵاکان رادەما، پاشان جەستە هاتو رۆحی پیسکرد (دوالیزمەی رۆحو جەستە). هەمو شتێک لەسەر زەوی، بەرامبەرێکی ئایدیالی بەرزی هەیە لەئاسمان. بۆ نمونە ئەو درەختەی کە دەیبینین نمونەیەکی بچوککراوەو شێوازی ئەو درەختە نمونەییە قەشەنگەیە کە لەئاسماندایە، ئەمەش شتە روحیو ویژدانیەکانی دیکەی وەک خۆشەویستیو جوانیش دەگرێتەوە.

"ئەفلاتۆن" خۆشەویستی بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات: (لەبەرئەوەی رۆح هەندێ شتی دەربارەی ئاسمان لەیادەوەریدا

Scanned by CamScanner

ماوە، کاتێک لەرابردوویەکی زۆر دوردا شوێن کەژاوەی خواکان دەکەوت، ئەوا کاتێک لەسەر زەوی سیمایەکی قەشەنگو جوان دەبینێت کە بیری ئەو شتانەی دەخاتەوە، هەست بەسۆزی خۆشەویستی دەکات). کەواتە جوانی نیشانەیە بۆ بونی جیهانێکی دی کە دەکەوێتە ئەودیو جیهانی سروشتی (ئەوەش جیهانی میتافیزیکە).

پاشان بیرۆکەی مەسیحیەت هات کە تایبەتە بەخوداوەندی دروستکەری هەمو شتەکان، کە بەشداربو لەچونیەکی نێوان میتافیزیکو تیۆلۆژیا (واتە لەنێوان فەلسەفەی یۆنانیو تیۆلۆژیای مەسیحی)، ئەمەش ئەنتۆلۆژیای تیۆلۆژی Lonto-theologia لێکەوتەوە کە بەسەر هەمو سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا باڵادەست بو. ئەگەر هەمو دورستکراوەکان بونەوەری یەکەم یان بزوێنەری یەکەم دروستی کردبنو بەتەنها خواوەندیش شایەنی ئەوە بێت کە ئەو ناوەی لێبنرێت، کەواتە میتافیزیک وەک زانستی بونناسی پێویستە بگۆڕێت بۆ زانستی خوداناسیو بەشێوەیەکی تەواو ببێتە پاشکۆی تیۆلۆژیا (واتە خوداناسی). بەمجۆرە فەلسەفە بو بەپاشکۆی تیۆلۆژیای مەسیحیو بو بەناوەڕۆکی ئەو بیروباوەڕە ئاینییە. دواتر دەبینین کە چۆن تەواوی پرۆژەکەی "نیچە"، بریتی دەبێت لەرەخنەگرتن لەجەوهەری ئەو بیروباوەڕە ئاینییە باڵادەستە کە ئەوانیش ئەفلاتیۆنیزمو تیۆلۆژیای مەسیحیە پێکەوە (شایەنی باسە نیچە میتۆدە ژینالۆژیەکەیو هایدگەرو دێریداش میتۆدی لێکشیتاڵکردنەکەیان، بۆ ئەم مەبەستە بەگەڕ دەخەن).

Scanned by CamScanner

پاشان چەمکی میتافیزیک هەر بەردەوام بو تا ساتەوەختی هاتنی "دیکارت" و پاش "دیکارت"یش لەسەدەی حەڤدەهەمدا. هەرچەندە "دیکارت" یەکەمین فەیلەسوفی ئەزمونگەریو دامەزرێنەری زانستی نوێیە، بەڵام دەرهەق بەمیتافیزیکو تیۆلۆژیا، هەروەک کەسێکی کلاسیکی مایەوە. لەسەدەی حەڤدەدا میتافیزیک بەشێوەیەکی سەیر بوژایەوەو لەپاڵ میتافیزیکای "دیکارت"دا میتافیزیکای "سپینۆزاو لایبنتزو مالبرانشو .. هتد"، سەیانهەڵدا، بەڵام ئەم دۆخە زۆر ناخایەنێتو بەهاتنی سەدەی هەژدە چەمکی میتافیزیک دوچاری شلۆقیەک دەبێتو دەبێتە شتێکی نێگەتیڤ، تەنانەت دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی، هۆکارەکەشی جیاوازی نێوان ئەو سستمە میتافیزیکیانە بو کە پێش کەمێک باسمانکردنو نەگەشتنیان بەئەنجامێک کە هەمویان لەسەری کۆک بن. لێرەوە میتافیزیک لەسەردەمی رۆشنگەریدا پەراوێز دەکەوێتو گرنگی خۆی لەدەست دەدات، تەنانەت لەسەر دەستی "ڤۆلتێر" شۆخی پێدەکرێتو بەشێوازە گاڵتەجاڕیەکەی خۆی دەڵێت: (تاکە شتێکی باش لەمیتافیزیکدا ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی پێش وەختو گرانی ناوێت، چونکە ئێمە دەتوانین هەمو شتێک لەبواری میتافیزیکدا بزانین، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک فێرببین!)..

پاش ئەمە "کانت" و دابڕانە بەناوبانگەکەی کانتیزم دێت کە دەیویست شتە راستو ناڕاستەکان لەیەکتر جوێ بکاتەوە. "کانت" بۆئەوەی میتافیزیک بەوشێوە گشتگیرو تەمومژاویەی

Scanned by CamScanner

نەمێنێتەوە، خەریکی ئەوەبو کە مانایەکی تەکنیکیو زاراوەیی پێببەخشێت. "کانت" دەیوت: (ئامانجی میتافیزیک جیاکردنەوەیەکی وردو رێکوپێکی تەواوی ئەو شتانەیە کە بەئەقڵی پەتی دەیانزانین، واتە تەتەڵەکردنی ئەو بیروبۆچونانەی نەمانتوانیوە لەرێی ئەزمونو بینینەوە درکیان پێبکەین)(2).

"کانت" پێشنیاری ئەوەی بۆ فەیلەسوفان کرد کە بەتەواوتی واز لەم کایەیە بهێنن (کایەی میتافیزیکو ئەقڵی پەتی)، لەبەرئەوەی کەڵکی نییە! بێگومان "کانت" لەگرنگی میتافیزیکو بایەخپێدانی کەم ناکاتەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە ئەقڵی مرۆڤ سنوردارەو ناتوانێت لەم بوارەدا شتەکان یەکلایی بکاتەوە. شایەنی باسە ئیعترافکردنی "کانت" بەسنوردارێتی مەعریفی مرۆڤ، بۆ خۆی کۆدێتایەکە بەسەر میتافیزیکای ئەرستۆتالیسیو تەواوی فەلسەفەکانی پێشوتردا.

"کانت" پێیوایە مەعریفەیەکی ئەقڵانی نیە، توانای ئەوەی هەبێت پەی بەجەوهەری واقیع بدرێت یاخود لە (شت لەخۆیدا Lachose en soi) حاڵی بێت. بەمجۆرە "کانت" سنوری لەبەردەم هەمو جۆرەکانی میتافیزیکای داهاتودا دانا. ئەرکی ئەم سنورەش ئەوەیە نەهێڵێت ئەقڵ لەودیو تخوبەکانی ئەزمونی شیاوو مومکیندا سەرکێشی بکات. لێرەوە پرسیارە بەناوبانگەکانی سەرچاوە دەگرن کە دەڵێت: (دەتوانم چی بزانم؟ پێویستە چی بزانم؟ دەتوانم چی بخوازمو خواستی چی بکەم؟)، چونکە هەرکاتێک ئەقڵ جڵەوی بۆ خۆی شلکردو

Scanned by CamScanner

پڕكێشی كرد، ئەوا لەتوناو تونەكانی میتافیزیكو بیركردنەوەدا وێڵ دەبێتو رەنگە شێتیش ببێت.

ئەوەی راستی بێت "كانت" دەزانێت باس لەچی دەكات، چونكە خۆی ماوەیەكی زۆر لەتوناوتونەكانی فیكری میتافیزیكدا وێڵ بو، بەرلەوەی بێتەوە سەر خۆی (واتە بەرلەوەی پێ بنێتە قۆناغی رەخنەگرتن لەژیانیدا، كاتێكیش بەم قۆناغە گەیشت، تەمەنی لەپەنجاو حەوت سالأن تێپەڕی كردبو! مێژوی یەكەمین كتێبی رەخنەیی: رەخنەی ئەقلی پەتی). "كانت" بەرلەوەی لەداوی فیكری میتافیزیكی دەربچێتو داهێنانە مەزنەكانی بكات، باجێكی قورسیداو بیری لەوە كردەوە كە سەرجەم بەرهەمەكانی پێشوتری فڕێ بدات، لەبەرئەوەی سەر بەقۆناغی بەرلەرەخنەگرتنو بەرلەكامڵ بونن.

دوای ئەوە "ئۆگست كۆنت" هات لەسەدەی نۆزدەهەمداو لەسەر دەستی ئەم پەلاماردانی میتافیزیك گەیشتە ترۆپك. "كۆنت" پێیوابو میتافیزیك هەرزەگۆییەو پرسیاری بێ بنەماو ناقوڵایە. ئەگەرچی ئەو میتافیزیك بەقۆناغێكی گرنگی گەشەكردنی فیكری مرۆڤایەتی دەزانێتو پێیوایە، قۆناغێكەی دەكەوێتە نێوان ئایینو زانستەوە، بەلأم دوای هاتنی پۆزەتڤیزمو سەردەمی زانست (3)، مانەوەی پێویست نیە. پاشان "ماركس" دێتو دەكەوێتە رەخنەگرتن لەئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی یان لەئایدیالیزمی ئەڵمانیو هیگڵیزیم، دواتر پرۆژە كۆدێتاییەكەی "فردریك نیچە" دەستپێدەكات. كە ئێمە لێرەدا بەدرێژی لەسەری دەوەستین.

Scanned by CamScanner

"فردریک نیچە" و میتافیزیک

(من زۆرچاک چارەنوسی خۆم دەزانم. ڕۆژێک دێت ناوی من بەیادی شتێکی مەزنەوە دەلکێت، یادی شتێکی تۆقێنەر. پەیوەست دەبێت بەو زەمین لەرزەیەوە کە هەرگیز زەوی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەو بەریەککەوتنەی نێوان شێوازە جیاجیاکانی بیرکردنەوە، بەو بڕیارە یەکلایکەرەوەیە لەدژی هەمو ئەو شتانەی مرۆڤ تا ئەم چرکەساتە بڕوای پێی هێناوەو ستایشی کردوەو، پەرستویەتی. من مرۆڤ نیم، من داینامێتم!).

- نیچە، ئەوەتانێ مرۆڤ، چاپە فەرەنسیەکەی، گالیمار، 1975، ل 141-.

من بۆیە لێرەدا زیاتر هەڵوەستە لەئاست چرکەساتی "نیچە"دا دەکەم (بۆ نمونە زیاد لەساتەوەختی مارکس)، لەبەرئەوەی "نیچە" بەشێوەیەکی زۆر توندو یەکلاکەرەوە دابڕانی لەگەڵ کەلەپورو میتافیزیکدا دروستکرد.

کێشەی "نیچە" لەم روەوە لەکێشە "مارکس" سەختترو گرانتر بو کە لایەنی ئاینیو میتافیزیکی لەژیانی مرۆڤو کۆمەڵگەکاندا بەیەکجاری فەرامۆشکردبو، لەبەرامبەریشدا گرنگی تەواوی بەلایەنی ئابوریو مادی دا بو. سەرەڕای ئەوەش ئێمە کەمتر بە "نیچە" ئاشناین وەک لە "مارکس". هاوکات "نیچە" لای ڕۆشنبیرانی ئێمە وێنەیەکی شێواو و تاریکی هەیە. ئەمانەش هۆکاری خۆیان هەیە، وەک شێواندنی "نیچە" لەلایەن

Scanned by CamScanner

ئایدیۆلۆژیای نازیزم‌و ئەو چارەنوسە تراژیدیە ناخۆشەی بەباڵای برا، کاتێک لەپرێکداو لەتەمەنی چل‌و پێنج ساڵیدا ئەقڵە مەزن‌و درەوشاوەکەی تێکچو. ئەم تراژیدیایە خراپ بەسەریدا شکایەوە، بەتایبەت لای ئەو ئەقڵ تەسکو دۆگماتیستانەی، پێیان ئەغزە زانستو زانیاری لەکەسانێک وەربگرن کە چارەنوسیان بەوشێوەیە بوبێت.

بەکورتیەکەی هەمو ئەو هۆکارانە بەربەستن، لەبەردەم ئەوەی "نیچە" بێتە ناو کایەی رۆشنبیریی ئێمە. ئەم بیریارە یەکێکە لەو سێ بیریارە مەزنەی مۆدێرنەی ئەوروپیان مومکین کرد، ئەوانیش "مارکس‌و نیچەو فرۆید"ن. هەنوکە مەسیحیەکانیش "نیچە" بەجدی دەگرن، دوای ئەوەی بۆماوەیەکی زۆر تەرێزیان لێدەکرد. ئەوەتا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن‌و دەبنە پسپۆڕ لەفیکری ئەو داو نوسینی قەوارە گەورە زۆری لەبارەوە بەرهەمدێنن[4].

سەرەکیترین شتێک لای "نیچە" و کە بۆ ئەو دەنوسرێت وەک گەورەترین دەسکەوت لەمێژوی فەلسەفەدا، رەخنەگرتنیەتی لەچەمکی بەها، ئیتر بەهایە بەهایەکی مەسیحی تەقلیدی بێت یاخود بەهایەکی بورژوازی مۆدێرن بێت. هەروەها قسەکردنی لەسەر کێشەی مانا و نیهلیزم، بەشێوەیەکی زۆر تایبەت‌و کەم وێنە.

رەخنەی "نیچە" لەمیتافیزیکای خۆرئاوا، هەر لە "پارمنیدس" و "ئەفلاتون"ەوە و بەدرێژایی ئەو مێژوە درێژەی، لەوەوە نیەکە نارازیە لەوشێوەیەی ئەم میتافیزیکایە چۆن

Scanned by CamScanner

پرسـی کەینـونەو ئەنتۆلۆژیـای خـستۆتەڕو، وەک ئەوەی لای "هایدگەر" دەیبینیین، نەخێر رەخـنەو گازنـدەی ئەو پەیوەندی بەدیدگایەکی تەواو جیاوازترەوە هەیە.

"نیچە" لەدیدگایەکی ئەنتۆلۆژیەوە سەیری میتافیزیکا ناکات، بەڵکو لەڕوانگەیەکی ئەخلاقیەوە سەیری ئەو پرسە دەکات. ئەو پێیـــوایە میتافیزیکـــای خۆرئـــاوا کە لەگەڵ یۆنانەکانـــدا دەسـتپێدەکاتو بەدرێژایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بەردەوام دەبێــت، جــۆرێکە لەباڵادەســتکردنی ئەو بەهــا کــۆنو بەسەرچوانەی دژی زیندەگیو بونن، بەسـەر بەهـاگەلێکی نوێدا کە پـڕن لەژیـان دۆسـتیو بـزوتنو ئـازادی. کەواتە پێویـستە بەهاکان ژێرەو ژور کەیـن. ئەمەش بـریتیە لە پـرۆژە فەلـسەفیە مەزنەکەی "نیچە": (ژێرەو ژورکردنی هەرچی بەهایەک کە هەیە لەگەڵ تێکــشکاندنی ســـەرجەم ئەو دوالیزمـــانەی مـــۆراڵی میتافیزیکو مەسیحیەت سەپاندویانە، وەک دوالیـزمەی چاکەو خراپە، راستو هەڵە)[5]..

هەمو ئەمانەش بۆ خاتری گەیشتنە بەفەلسەفەیەکی نـوێ (لەودیو چاکەو خراپەوە) کە یەکێکە لەکتێبە سەرەکیەکانی "نیچە". بەمجۆرە دەبینین "نیچە" بۆی گرنگ نیە بەدرێژایـی مێژو لەکەلەپوری خۆرئاوادا پرسی کەینونە چۆن خراوەتەڕو و چۆن چۆنی باسـی لێکـراوە، بەڵکـو دەیەوێـت لەودیـو ئەو پرسەوە سۆراخی کێشەیەکی تـر بکـات (کێشەیەک پەردە پۆشـکراوە، بەڵام زۆر گرنگتـــرە)، ئەویـــش کێـــشەی مانـــاو بەهایە.

"جیل دولۆز" لەدەسپێکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نیچەو فەلسەفە) دەڵێت: (پرۆژەی سەرەکی نیچە ئەوەیە کە دەیەوێت چەمکی ماناو بەها بێنێتە ناو کایەی فەلسەفە)و وەکی ئاشکراشە بەشی زۆری فەلسەفەی مۆدێرن تائێستاش لەسەر میراتی فیکری نیچە دەژین. نیچە بەردەوام باسی لەوە کردوە کە پێویستە فەلسەفەی بەهاو مەعنا فۆرمی رخنە وەربگرێت. لێرەوە پێیوایە ئیمانوێڵ کانت نەیتوانیوە پرۆسەی رەخنەگرتنی راستەقینە بەگەڕبخات، لەبەرئەوەی نەیزانیوە ئەو کێشەیە لەرێی چەمکی نۆرم یان بەهاوە بخاتەڕو. ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکانی تەواوی پرۆژە فەلسەفەیەکەی نیچە)[6].

"مارتن هایدگەر"یش بەهەمان شێوە دەیڕوانیە پرۆژە فەلسەفەیەکەی "نیچە". "هایدگەر" لەکتێبە قەوارە گەورەکەیدا دەربارەی "نیچە" دەڵێت: (هەمو ئەوانەی باس لەنیچەو بەرهەمەکانی دەکەن، وەها دەیناسێنن وەک ئەوەی شۆڕشێک بێتو هاتبێت بۆئەوەی هەمو شتێک تێکوپێک بداتو پێشبینی بکات. راستە ئەم شتانە بەشێکن لەکارەکتەری ئەو، بەڵام ئەو شتانەی هەر لەخۆڕانەکردوە، بەڵکو پێداویستی سەردەمو رۆژگارەکەی ئەوەیان بەسەردا سەپاندوە)[7].

"هایدگەر" پێیوایە هەڵوێستی سەرەکی فەلسەفی یان میتافیزیکی "نیچە" لەدو شتدا کورتدەکرێتەوە:

یەکەم/ ئیرادەی هێز.

دوەم/ گەڕانەوەی هەمیشەیی.

Scanned by CamScanner

"نـیچە" بەرلەوەی بـاری دەرونـیو تەندروسـتی تێکبچێت، خەونی بەوەوە دەبینی گرنگترین کتێبی خۆی بنوسێت بەناوی (هەوڵێـک بـۆ گـۆڕینی هەمـو بەهاکـان) و کردبـوی بەچوار بەشەوە:

1-نیهلیزمـی ئەوروپـی (چەنـد بەشـێکی لـێ نوسـیو دوای مردنی بڵاوکرایەوە).

2-رەخنەگرتن لەنۆرمو بەها باڵاکان.

3-پرانسیپێکی نوێ بۆ نۆرمو بەها.

4-سستمو کلتور.

هـیچ یەک لەم سـێ بەشـەی دوایـی بڵاونەکـرانەوە، مەگەر (ژینالۆژیای مۆراڵ) وەک کتێبـی دوەم یـان بەشـی دوەمـی ئەو پرۆژەیە سەیر بکەین. "نیچە" بواری ئەوەی نەبو بەشێوەیەکی پۆزەتیفی پـرۆژە فەلـسەفیەکەی دابڕێژێـت، چـونکە ئەوەی ئەو پێیەوە خەریـک بـو پرۆسـەی هەڵکـۆڵینو رەخـنەی ژینـالۆژی نێگەتیڤانە بو.

گومانی تێـدا نـیە کـاروانی فەلـسەفی "نـیچە"، بەشـێوەیەکی میتۆدی بەرێوەچوەو هەمو پرۆژەیەکی فەلـسەفی گـرنگیش هەر دەبێـت وا بێـت. "نـیچە" بـڕوای وابـو کە پێویـستە بەرلەوەی بەهـای نـوێ بێنێـتە ئـارا، دەبێـت بەهـا کۆنەکـان بـداتە بەر بەرەخـنەو بنەماکانیـان هەڵتەکێنێـت. کـاتێکیش داوای کـرد میتافیزیکو ئایدیالیست تێپەڕندرێت، وایکرد.

"نـیچە" پێیـوایە فەلـسەفە لەسـەردەمی "پارمینـدس"ەوە بەتـایبەتیش لەکـاتی "ئەفلاتـۆن"ەوە، بنەمـاو نـاوەڕۆکی

Scanned by CamScanner

ئەنتۆلۆژیای میتافیزیکی بوە. لێکۆڵیاری فەرەنسی "جان گرانێ" کە یەکێکە لەو بیرمەندە فەرەنسیانەی پسپۆڕن لەفیکری "نیچە"دا، دەڵێت: (ئەو ئەرکەی نیچە بۆ خۆیی دیاریکردبو، بریتی بو لەتێپەڕاندنی میتافیزیک یاخود تێپەڕاندنی فەیلەسوفانی بەرلەخۆی، ئەویش لەڕێی تێکوپێکدانی جیهانی ئایدیالی بەچەمکە ئەفلاتۆنیەکەی. نیچە بۆ ئەم کارە دو چەمک بەکاردێنێت: یەکێکیان رەخنەگرتنی هێرمۆنیتیکیە، ئەوی کەشیان میتۆدی ژینالۆژیە.

ئەو پێیوایە فەیلەسوفی میتافیزیکی، دنیاو دیاردەکانی ناو دنیا بەوشێوەیە تاوتوێ ناکات کە هەیە، بەڵکو بەهۆی خەیاڵو فانتازیای خۆیەوە ئەو دنیایە دەشارێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی چەمکی کەنیونەی ترنسندنالی یان بونێکی ئایدیالی باڵا بێنێتە ئارا، هۆکەشی ئەوەیە کە لەبونگۆڕین واتە لەگۆڕانو نوێبونەوەو ژیان جارسە. بەبۆچونی نیچە تەنها یەک هەقیقەت هەیە، ئەویش ئەو دنیا هەقیقیەیە کە لەسەر زەوی دەیبینین، بەڵام فەیلەسوفی میتافیزیکی دەیەوێت لەشانو شکۆی ئەم جیهانە کەم کاتەوەو بەسوک سەیری بکات، بەبیانوی ئەوەی ئەم جیهانە تەنها روکەشێکەو لەدوای خۆیەوە جەوهەری ئەبەدیەتو هەقیقەتی شاردۆتەوە).

هەر لەدرێژەی قسەکایندا، "جان گرانێ" دەڵێت: (مرۆڤ لەپرانسیپێک دەگەڕێت کە بتوانێت لەڕێیەوە مرۆڤی پێ سوکو رسوا بکات. هەربۆیە کاتێک دنیایەکی تر دروست دەکات، بۆئەوەیە بتوانێت ئەم جیهانە واقعیەی پێ لەکەدار بکات.

Scanned by CamScanner

لەڕاستیشدا ئەو جگە لەعەدەم هیچی کە نادۆزێتەوە، پاشان ئەم عەدەمە دەکات بەیەزدانو هەقیقەتی رەها کە ئامانجی دادگایکردنی جیهانی سەرزەمینو سەرکۆنە کردنیەتی)[8]. واتە سەرکۆنەکردنی ژیان.

لێرەوە مۆراڵی سک هەڵگوشینو تەرێزکردن لەژیانو بەسوک سەیرکردنی چێژو ئارەزوە مادیو سێکسیەکان، لەناو ناوەندە تیۆلۆژیو ئاینیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

مۆراڵی کۆنو تەقلیدی، پشت ئەستورە بە بەهاو پرانسیپی کۆنکرێتی وەها کە بەتوندی رەگی داکوتاوەو بەهەمو کونو قوژبنێکدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام "نیچە" پێیوایە کاتی ئەوە هاتوە تەواوی ئەو بەهایانە ژێرەو ژور بکرێت کە بەدرێژایی بیستو پێنج سەدە بەسەر مرۆڤایەتیەوە باڵادەست بون، لەبەرامبەریشدا بەهاگەلێکی نوێ بهێنرێتە ئارا کە بەهای مۆدێرنەو داهێنەرانە بن. "نیچە" لەبەهای تەقلیدیدا جۆرێک لەعەدەمیەت دەبینێت کە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (میتافیزیکای ئەفلاتۆنیزم + تیۆلۆژیای مەسیحی). رەخنەی "هایدگەر"یش لەمیتافیزیک، راستەوخۆ روی لە ئەنتۆلۆژیای تیۆلۆژیە، بەڵام لەروانگەیەکی تەواو جیاواز لەروانگەی "نیچە".

دواجار با گوێ لە "نیچە" بگرین بزانین چۆن بەستایلە ئاگرینەکەی خۆی، باس لە دابڕانێکی یەکلایکەرەوەو چارەنوسسازانە دەکات: (پەردە هەڵماڵین لەڕوی مۆراڵی مەسیحیەت، روداوێکی دەگمەنو کەم وێنەیەو بۆ خۆی کارەساتێکی راستەقینەیە. ئەوەی ئەم کارەش بکات هێزێکی

گەورەی پێویستەو مێژوی مرۆڤایەتی دەکات بەدو بەشەوە: ئەو هەورە بروسکە هەقیقیە زۆر بەوردی ئامانجی خۆی پێکا، ئەو ئامانجەی لەسەرو هەمو شتێکەوەو لەبەرزترین شوێندا بو).

(ئەوەتانێ مرۆڤ، ل 152).

Scanned by CamScanner

پەراوێزو سەرچاوەکان:

1-بەڵام دەتوانین بڵێین پرسیاری سەرەکی میتافیزک بریتیە لەوە: (بۆچی بون هەیە نەک نەبون؟). پاشان ئەو پرسیارە سێ رەهەندەی دەڵێت: (لەکوێوە هاتین، ئێمە کێین، چارەنوسمان چییە؟). ئەو وەڵامانەی فەلسەفەی یۆنانیش دەیداتەوە، جیاوازە لەو وەڵامانەی ئاین دەستەبەری دەکات.

2-"کانت" لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (رەخنەی ئەقڵی پەتی)، تەئکید لەم مەسەلەیە دەکاتەوە. ئەم کتێبە بەیەکێک لەگرنگترین کتێبە فەلسەفیەکان ئەژمار دەکرێتو بیریاران، "کانت" بەگەورە دامەزرێنەری ئەقڵانیەتی نوێی ئەوروپی ئەژمار دەکەن، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لەپلەو پایەی "دیکارت" کەمبکەنەوە.

3-سەرەرای دروستی ئەم رەخنانە، بەڵام ئەوەش راستە کە خولیای میتافیزیکی، شتێکە لەناخی هەمو مرۆڤێکدا هەیە. وەک حەزو ئارەزویەکی مرۆڤ بێت، تا سنورداریێتی خۆی تێپەرێنێو ئاوێزانی رەها ببێت لەبوندا. مرۆڤ ئافەرۆزی مردنی کۆتاییو یەکجارەکی دەکات، لەبەر ئەم هۆیەش جیهانی میتافیزیک دەخولقێنێ.

4-بۆ نمونە دەتوانین لەناو ئەو مەسیحیانەی فەرەنساداو بەشێوەیەکی تایبەتی، باس لەقەشە "پۆڵ ڤالادێ" بکەین کە پسپۆرە لەفیکری "نیچە" و کێشەی ئەو ململانێ توندەی لەگەڵ مەسیحیەتدا بەرپای کرد.. قەشە "ڤالادێ" سەرنوسەری گۆڤاری لێکۆڵینەوەیە کە گۆڤارێکی مەسیحی فەرەنسی بەناوبانگە، بەڵام ماوەیەک بەر لەئێستا بەفەرمانی دەسەڵاتدارانی کڵێسا لەسەر کار لابرا (فەزای توندرەویو دەمارگیری لەم رۆژانەدا دیناى تەنیوە..).

لەگرنگترین بەرهەمەکانی:

- نیچەو رەخنەگرتن لەمەسیحیەت

Nietzsche et La critique du christianisme ،Cerf ،1974.

- نیچە، بێباوەرێکی سەختگیر

Nietzsche ،Lathee de rigueur ،1975.

5-ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە"نیچە" لەگەڵ خراپە بێت دژ بەچاکە، بەڵکو مانای وایە کە چاکەو خراپە رێژەییینو ئەوەی لەکۆمەڵگەیەکدا بەخراپە ئەژمار دەکرێت، رەنگە لەوڵاتو شارستانیەتێکی تردا چاکە بێتو ئاسایی وەربگیرێت (بۆ نمونە سەیری هەلومەرجی ژنان بکە لەوڵاتانی ئەوروپی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا).

6-ئامانجی "نیچە" لەفەلسەفەو فەلسەفاندن، تەواوکردنی پرۆژەکەی "ئیمانویل کانت"ە کە لەڕوی ئەخلاقیەوە وەک شتێکی تەقلیدی مایەوە، ئەگەرچی دەسکەوتی گەورەی لەڕەخنەگرتندا بەدەستهێنا، بەتایبەت لەسەر ئاستی زانستیو مەعریفی. "نیچە" بۆ ئەوە هات بەجۆرێک لەجۆرەکان پرۆژەکەی "کانت" تەواو بکات، بەڵام بۆئەوەش هات تا تێپەڕێنێتو دەرگا بەڕوی کەشو هەوایەکی ئەقڵانی بۆ مۆدێرنەی ئەوروپی بخاتە سەرپشت.

بڕوانە کتێبەکەی جیڵ دولۆز (نیچەو فەلسەفە):

Gilles Deleuze ،Nietzsche et La philosophie ،paris ، p.u.،1962.

هەروەها بڕوانە کتێبەکەی کارل یاسبەرز (نیچە، سەرەتایەک بۆ فەلسەفەکەی)، چاپە فەرەنسیەکەی، خانەی گالیمار، پاریس، 1950.

7-بڕوانە کتێبە قەوارە گەورەکەی "مارتن هایدگەر" دەربارەی "نیچە" کە چاپە فەرەنسیەکەی دو بەرگەو"بییرە کلۆزۆفسکی" فەیلەسوف وەریگێڕاوە:

Martin Heidegger ،Nietzsche ،Paris ،Gallimard ،1971 ، Vol. 1،p.26.

8-لەنوسینی ئەم چەند لاپەڕەیەدا، سودمان لەوتارێکی "جان گرانێ" وەرگرتوە لەئینسیکلۆپیدیای یۆنیڤێرسالی فەرەنسیدا. هەروەها سودمان لەکتێبە گەورەکەشی وەرگرتوە دەربارەی "نیچە": (کێشەی هەقیقەت لەفەلسەفەی نیچەدا)، لەگەڵ ئەو کتێبەی کە لەزنجیرە کتێبی (چی دەزانم؟)دا بڵاویکردۆتەوە، بەناونیشانی (نیچە):

-Jean Granier ،Le probleme de la veritedans La Philosophie de Nietzsche ،paris ،Seuil ،1966 ،1969.

Scanned by CamScanner

-Jean Granier ،Nietzsche ،QueSais Jean 2042 ،paris ، p.u.f.،1985.

د. هاشم صالح: القطيعة الابستمولوجية في الفكر والحياة – دار الطليعة، بيروت – الطبعة الاولي، 2008.

Scanned by CamScanner

نیچە و نیهیلیزم

هاشم ساڵح

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

ئەمساڵ (واتە ساڵی 2000)، سەدەیەک بەسەر مەرگی مەزنە فەیلەسوفی ئەڵەمانیا "فردریش نیچە" دا تێدەپەڕێت.. بۆیە خراپ نییە گەر سەرنج بدەین کە چۆن ناوەندە فیکریەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا ئەو بۆنەیە دەکەنەوە، چونکە ئەم پیاوە ڕای ناکۆک و جیاوازی لەسەر هەیە.

هەندێک وای بۆ دەچن کە گرنگترین فەیلەسوفی سەردەمی تازەیە دوای "کانت" و "هیگڵ"، هەندێکی کەش تەنها وەک شاعیرێکی بەهرەمەند و لێهاتوو سەیری دەکەن. کەسانێک هەن بیری ئەو بەسەر چاوەی بزاوتی نازیزم دەزانن و هەندێکی تریش ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوەو بەڕەوای نابینن... هەرچۆنێک بێت دەکرێت بڵێین، ئەم پیاوە کێشەی هەموو ئەو فەیلەسووفانەبووە کە لە دوای خۆیەوە هاتوون و تا هەنووکەش، تارمایی ئەو بەسەر ئەوروپا و ئەو لێکۆڵینەوە فیکریانەوەیە کە لەو کیشوەرەدا دەنووسرێن.

"نیچە" نەمردووە، چونکە فیکری ئەو تا ئێستاش هەر زیندووەو بیروبۆچونەکانیشی مشتومڕی لە بارەوە دەکرێت. وەکی ئاشکرایە ئەو لە جێیەکدا وتویەتی: (خەڵکی تەنها دوای سەد ساڵی کە دەتوانن، بەڕاستی لە من بگەن). ئەمێستا ئێمە لە ساڵی دوو هەزاردایـن، بەڵام ئاخۆ بەڕاستی "نیچە" دەناسین

Scanned by CamScanner

و لێی تێگەیشتووین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بیروڕای گەورە مامۆستایانی فەلسەفەی هاوچەرخ بەسەر بکەینەوە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەیشدا پێویستمان بە بەسەرکردنەوەی بۆچوونی "ئەلیکسیس فیلۆننکۆ" هەیە کە یەکێکە لە پسپۆڕە مەزنەکانی بواری مێژووی فەلسەفە. "فیلۆ ننکۆ" خاوەنی کتێبگەلێکی بەناوبانگە دەربارەی "کانت و ڕۆسۆ و شۆپنهاوەر و... هتد"، لەم ماوەیەی دوایشدا کتێبێکی بەناونیشانی (پێکەنین و تراژیدیا) بڵاوکردەوە.

ئەم بیریارە لەم کتێبەیدا دەڵێت: (نیچە کاتێک لە تەمەنی بیست و یەکساڵیدا گرنگی دابە فەلسەفە، نەیدەتوانی دەست بەرداری شۆپنهاوەر بێت.. کتێبە سەرەکییەکەی شۆپنهاوەر- جیهان وەکو ئیرادەو وێناکردن- ی خوێندەوە، بەڵام نیچە قوتابیەکی چاکی شوپنهاوەر نەبوو، چونکە شوپنهاوەر پێیوابوو مێژوو وەکی خۆیەتی و سەرەڕای تێپەڕبوونی سەردەم و ڕۆژگاریش، هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نایەت، تەنها شتێک بگۆڕێت ڕووی دەرەوەی بیروبۆچوونەکانەو هیچی تر.. ئەمە لە کاتێکدا نیچە تەئکیدی لەسەر ئایدیای گۆڕان و گۆڕان- بوون لە مێژوودا دەکردەوە).

ڕاستە "نیچە لەسەرەتادا زۆر سەرسام بوو بە "شۆپنهاوەر"، بەڵام دواتر دەستبەرداری مامۆستاکەی بوو. ئەمەش نموونەی ئەو خوێندکارە بلیمەتانەیە کە لە هەموو شتێکدا دوای مامۆستاکانیان ناکەون، بەڵکو سودی ئەوەیان لێدەبینن تا

شتێکی جیاواز لەوان بهێننە ئارا... ئەوە تەنها خوێندکارە تەمبەڵ و هیچ لەبارانەبووەکانن، تا ئەبەد لە ڕێچکەی مامۆستاکانیان لانادەن.

هەروەها جیاوازیەکی ڕیشەیی دیکەی نێوان "شۆپنهاوەر" و "نیچە"ی خوێندکاری ئەوە بوو کە "شۆپنهاوەر" فەیلەسوفی مەرگ بوو، لە کاتێکدا "نیچە" فەیلەسوفی ژیان بوو.. هیچ کەسێک وەکی "نیچە" ستایشی ژیانی نەکردووەو شکۆی پێنەبەخشیووە، ئەگەرچی لە نەهامەتی و مەینەتی زیاتر هیچ دیکەی دەسگیرنەبوو.

"شۆپنهاوەر" سەروەختێک لە وەرزی پایزدا بە ناو دارستانێکدا پیاسەی دەکرد، تەنها شتێک چاوی ئەو دەیبینی گەڵای زەرد و بۆنی ناخۆشی جەستەی مرداربووی سروشت بوو، هەموو دارستانێک بەلای ئەوەوە داستانێکی پرسە ئامێز بوو. ئەمە تەواوی ئەو شتانەبوو کە "شۆپنهاوەر" لە پایزدا دەیبینی، بەڵام "نیچە" تەواو پێچەوانەی ئەو بوو.. ئەو لە گەڵا زێرینەکانی پایزدا خەونی قەشەنگی سروشتی بە دیدەکرد، خەونێک کە لە بەهاری داهاتوودا بە خەبەر دێتەوەو لاوێتی نوێ دەکاتەوە. لە کتێبەکەیدا (زەرادەشت وەهای وت)، فەلسەفەیەکی خۆر ئامێز دەبینین کە ئاوێتەیە بە شەوێکی دەیجور و ئاگرێکی پڕ بڵێسە.

لەلایەکی ترەوە "ماتیو کیسلەر" مامۆستای زانکۆی (ئەمیان) لە فەرەنسا، دەربارەی "نیچە" دەڵێت: (کارێکی ئاسان نییە لە یەک کاتدا نیچە وەک فەیلەسوف و

Scanned by CamScanner

هونەرمەندێک ببینین، چونکە خەڵک بەوە ڕاهاتوون کە هونەرمەند دژ بە فەیلەسووفە و هەریەکەیان شێوازی تەواو جیاوازی خۆیان هەیە بۆ تەعبیرکردن.. فەیلەسوف گرنگی بە واقیع دەدات و هونەرمەند بە خەیاڵ. فەیلەسوف جیهان بەوجۆرە باسدەکات کە خۆی لە حەقیقەتدا هەیە، بەڵام هونەرمەند جیهانێکی تر یاخود جیهانێکی هاوشێوەی جیهانی واقعی دەخولقێنێ.. ئەوە تەنها هونەرمەندە دەتوانێت جڵەو بۆ دێوانەیی خۆی شلکات، تا بە ستایلێکی هونەری فانتازی گوزارشت لە واقیع بکات).

بەڵام داخۆ فەیلەسوف دەتوانێت خەیاڵی شیعری و تێڕامانی ئەقڵانی ئاوێتەی یەک بکات؟ ئاخۆ لە وەها حاڵەتێکدا ڕاستگۆیی خۆی نادۆڕێنێت؟ تاوانبار ناکرێت بەوەی ناپاکی دەرهەق بە ئەقڵو فەلسەفە کردووە؟

لە ڕاستیدا ئەمە لە "نیچە" ڕویدا، لەبەر ئەوە سەرەتا کتێبەکانی تەنها وەکی ئەدەب یاخود شیعر سەیردەکرا کە هیچ پەیوەندی بە لۆژیک یاخود بە ئەقلانییەتی فەلسەفییەوە نییە.. بەردەوام بەوە لاقرتێیان دەکرد کە گوتاری فەلسەفی ئەو، خەسڵەتێکی ئانارشیستانەی هەیەو تێزەکانیشی پڕن لە ناکۆکی. "نیچە" زیاد لە شوێنێکدا تەئکید لە شتێک و دژەکەشی دەکاتەوە، ئەمە وایکرد هەندێک ئەم هەڵوێستەی لێوەرگرن: سەرسامبوون پێی بەوەی هونەرمەندە یاخود شاعیرێکی مەزنە و گەمە بە وشە دەکات، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا فیکر و فەلسەفەی ئەویان

بـە هێنـد وەرنـەدەگـــرت و فـەرامۆشـیان دەکـرد..
فەرەنسیەکان لای خۆیانەوە "نیچە" یان وەک فەیلەسوفێکی
نا ئەقڵانـی و شاعیرێکـــی هـەڵچووی پڕ لـە تـەقینـەوە
ناسی.

هەر لە ساڵیادی سەدەیەک بەسەرمەرگی "نیچە"دا، "ژاک
لۆردێر" مامۆستا لە قوتابخانەی پراکتیکی بۆ خوێنـدنی باڵا
لە پاریس، سەرپەرشتی کتێبێکی دەستە جـەمعی گرنگی
کرد بەناوی: (سەد ساڵ بەسەر پێشوانی کردن لـە فیکری
نیچە لە پاریس). "لۆردێر" دەربارەی "نیچـە" دەڵێت: (بە
بۆچوونی من یەکێک لـە هۆکـاری ئامـادەگی گـەورەی نیچە
لەمرۆدا، ئەوەیە کە ئەو یەکێکە لەو فـەیلـەسوفە ئـەڵمانیـە
دەگمەنانەی بەبێ خۆ فریودان و بەگومانەوە لە مۆدێرنەیان
ڕوانیووە. ئەو لە ڕەخنەگـــرتنی لـە مۆدێرنـە زۆر ڕادیکاڵ
بـوو، دێریـدا ئـەمـــە نـاودەنێـت لێـک -شـیتاڵکردنی
نیچەویانە).

"نیچە" یـەکێکـە لـەو فـەیلـەسوفە دەگمـەنانـەی لـە کۆتـایی
سـەدەی تـۆزدەهـەمـدا ژیـاو لـە هـەوڵـی ئـەوەدا بـوو
ئایدیاسەرەکیەکانی مۆدێرنە (واتە ئایدیای پێشکەوتن و ئاقاری
هیومـانیزم و شوناسـی کلتـووری، ئیتـر ئـەڵـەمانی بێت یان
ئەورووپی)، تێکو پێک بدات. هـەر لـەبـەر ئـەوەش بـوو بـە نا
ئەقڵانیەت و تەنانەت بە کۆنەپەرستیش تاوانبارکرا. "نیچە" بەو
پێیەی نووسەرێکـی ئاسـت بـەرزە و خوێندنـەوەشـی بە تامـە،
لـەبـەر ئـەوە خـاوەن شـێوازێکی بلیمـەتانـەیـە و قـەرەبـۆی

Scanned by CamScanner

فەلسەفەی "کانت" مان بۆ دەکاتەوە کە خاوەن شێوازێکی قورس و زبر و پڕگرێ و گواڵە.

فەیلەسوفانی ئەڵەمانیا دوای "کانت"، لە نووسینەکانیاندا شێوازێکی وشک و برنگیان بەکاردەهێنا و ئەو شێوازەش پڕاوپڕ بوو لە زاراوەی تەکنیکی وا کە تەنها پسپۆڕەکان لێی تێدەگەیشتن. بەمجۆرە زمانی فەلسەفە بوو بە زمانێکی گران و ئەبستراکت و تەلیسماوی، بەڵام شتێکی لەمجۆرە لای "نیچە" نادۆزینەوە و نووسینەکانی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای کلتووری فەلسەفی لە سەدەی هەژدەهەمدا، لەو سەردەمەدا جوانی گوزارشتکردنی تەواو کارێکی پڕاوپڕی قوڵی فیکربوو.

"ژاک لۆردێر" پێیوایە ئامادەگی "نیچە" لەمڕۆدا دوای سەد ساڵ بەسەر مردنیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: (ئەو ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی سەرەڕای هەموو بەدگومانییەک و تەنانەت سەرباری ڕەشبینی قوڵیشمان، پێویستە دڵخۆش و کامەران بین بە ژیان، چونکە ژیان پڕ جیاوازی و ناکۆکییە. بەو مانایەی کە ئەوەی بە دەستێک دەماندات بە دەستێکی دی لێمانی دەستێنێتەوە، بە دەستێک لێمان دەدات و بەوی دی دڵنەوایمان دەکات، بە دەستێک دڵخۆش و بەدەستێکی تر دڵگرانمان دەکات).

شایەنی باسە بیریارانی فەڕەنسا، هەرگیز فەلسەفەی "نیچە" تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیای نازیزم ناکەن و لەم ڕووەوە هیچ گرێیەکیان نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی

Scanned by CamScanner

ئەڵەمانیاوەیە. "ژان پییر فیران" مامۆستای زانکۆی کان لە فەڕەنسا، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی (نیچە و نیهلیزم) دەنووسێت و دەڵێت: (زۆر جاران نیهلیزم کورتدەکەنەوە بۆ قەیرانی ماناو دارمانی بەها لە خۆرئاوا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە و ئەم کورتکردنەوەیەش سودێکی دوو لایەنەی هەیە: یەکەم/ لە لایەکەوە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ تا بەوردی دەستنیشانی دیاردەیەک بکەین کە بەیەکێک لەو پەتا نوێیانە دادەنرێت کە کلتوری ئەورووپی دووچاری هاتووە. دووەم/ لەلایەکی دیکەوە بواری ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ بەر لە چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ورد، لە هۆکاری ئەو نەخۆشیە بکۆڵینەوە. بۆ نموونە هەنووکە زۆرێک لە بیریارە مەسیحیەکانی خۆرئاوا پێیان وایە هۆکاری نیهلیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، چونکە لەو سەدەیەدا ڕەخنەی فەلسەفی لە باوەڕی تەقلیدی دەستی پێکرد. هەربۆیە ڕامالینی نیهلیزم و سڕینەوەی، پێویستی بەوەیە بگەڕێینەوە سەر ئەو بەها مەسیحیانەی دوای سەرکەوتنی مۆدێرنە لە خۆرئاوادا هەرەسیان هێنا).

بەڵام بابزانین نیهلیزم چییە و چۆن پێناسە دەکرێت؟ مەبەست لە نیهلیزم: هەموو شتێک پوچ و بێمانایە و هەموو شتێک وەکی یەک وایە: چاکە و خراپە، جوان و ناشیرین، لەبەرئەوەی دواجار هەموو شتێک دەمرێت و

Scanned by CamScanner

لەناو دەچێت. ئیتر شتەکان چ مانایەکیان هەیەو سود و قازانجیان چییە؟

ژیان هیچ مانایەکی نیە، لەبەر ئەوەی دواجار دەمرین و دەمان نێنە چاڵ و مارومێرو دەمانخوات... ئەمە ئەو بۆچونە نێگەتیڤ و تەڵخەیە کە نیهلیزم، لە هەموو جێگایەک بڵاوی دەکاتەوە.. "نیچە" لای خۆیەوە پێیوایە لە ناوبردنی نیهلیزم هەروا کارێکی ئاسان نییە.. لەبەرئەوەی دیاردەیەکی تازە نیە لە ئەوروپا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە "سوکرات" خۆی هەستی بە پوچی و بەتاڵی بوون دەکرد.

هەروەها "ئەریک بلۆندێل" مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاق لە زانکۆی سۆربۆن، لە نوسینێکیدا دەڵێت: (سێ هۆکار هەن کە ناچارمان دەکەن لەمڕۆدا نیچە بخوێنینەوە: یەکەم/ کەوتنی هەموو ئەو خەیاڵپڵاوانەی پەیوەندیان بە مۆدێرنە و شارستانیەتەوە هەبوو. سەبارەت بەم مەسەلەیەش نیچە یارمەتیدەرمانە، لەبەر ئەوەی ئەو نموونە بەرز و باڵاکانی مۆدێرنەی دایە بەر ڕەخنە، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە مۆدێرنە لە لوتکەی شکۆمەندی خۆیدا بوو. ئەوە ئەو بوو پێی وتین: زۆر دڵخۆش مەبن و بەم سەرکەوتن و پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیایە لە خۆتان بایی مەبن. سەرەڕای ئەمانەش نیچە پێشبینی جەنگە جیهانییەکانی کردبوو تەنانەت بەر لە ڕوودانیشیان. دووەم/ ڕەخنەی نیچەیە لە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. سێیەم/ وریاکردنەوەمانە لە کاریگەریە

Scanned by CamScanner

خراپەکانی تەکنۆلۆژیاو کۆنترۆڵکردنی هەموو کایەکانی ژیان و پاکتاوکردنی سروشت، لەلایەن دەسەڵاتی تەکنیکەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو پێی وایە مرۆڤی مۆدێرن، مرۆڤێکی تەمبەڵەو نایەوێت بە هیچ شتێکەوە ماندووبێت. ئەو کائینێکە نایەوێت نە نەخۆش بکەوێت، نە پیربێت و نە دەردەدار بێت و نە بشمرێت!.. ئەو دەیەوێت ڕۆژتا ئێوارە چێژ لە ژیان ببینێت و لە ژان و ژار تۆقیوە، بەمجۆرە ئەو لە ڕووە تراژیدیەکەی بوون بێئاگایە، لەبەر ئەوە نیچە ڕەخنەی لێدەگرێت. تەنانەت ئەو پێشوەخت و بەر لەسەدەیەک لە ئێستا، ڕەخنەی ئاراستەی ئەو سەردەمی بەرخۆریەکردووە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیگوزەرێنین).

هەرچی "فیلیپ سولیرز"یشە بە شێوەیەکی ئێستیفزازی ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە دەنووسێت و دەڵێت: (نیچە یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی فەرەنسا). هەروەها دەڵێت: (هەنووکە دوو نووسەر هەن کە ئامادەگییەکی بەرچاویان هەیە، یەکەمیان ڤۆڵتێرە و دووەمیشیان نیچەیە.. پێویستە ئەوەش بزانین کە نیچە کتێبەکەی خۆی –مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە– پێشکەش بە ڤۆڵتێر کردووە و لە کتێبێکی تریشدا زۆر بە گەرمی ستایشی کردووە).. دەکرێت بڵێین: "نیچە" بە یەکێک لە مەزنترین نووسەرانی فەرەنسا دادەنرێت بە درێژایی مێژوو، بەڵام بۆچی؟ لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ "کانت"دا هەیە و زۆربەی فەیلەسوفانی ئەڵمانیا جگە لە "نیچە"، ستایلی تایبەت بە خۆیان نییە.

Scanned by CamScanner

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ئەو فەرەنسییە زیاد لەوەی ئەڵەمانی بێت. سەرەڕای ئەوەش "نیچە" بە خواستی خۆی، دایە پاڵ ڕۆشنگەری فەرەنسی و کەوتە پەلاماردانی ئەڵەمان و کلتووری ئەڵەمانی.

دواجار و لە پای هەموو ئەم نووسینانەشدا، پێویستە کتێبێکی فرە گرنگی دیکە بخوێنینەوە کە ئێستا کەس ئاوڕی لێناداتەوە، ئەو کتێبەش "هایدگەر" دەربارەی "نیچە" نووسیویەتی. ئەم کتێبە گەورەو گرانە تەنانەت "سارتەر و لاکان و فۆکۆ و دێریدا و دۆلۆز"یش، پشتگوێیان خستبوو. ئەم کتێبە باس لەمەسەلەی نیهلیزم دەکات، بۆ تێگەشتن لەم مەسەلەیەش هەر بەتەنها نابێت "نیچە" بخوێنینەوە، بەڵکو ئەوەش بخوێنینەوە کە "هایدگەر" دەربارەی "نیچە" نووسیویەتی.

لەلایەکی ترەوە "مارک دۆلۆنی" کە سەرپەرشتی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی "نیچە" دەکات بۆ سەرزمانی فەرەنسی، دەڵێت: (سەبارەت بە فیکر لای نیچە، شتێکی ترسناک و دینامێتی بەدی دەکەین. پێشموایە پرۆژەی فیکری ئەو، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا —زەرادەشت وەهای وت— کورتکراوەتەوە.. نیچە لەو کتێبەیدا داوای ئەوە دەکات لە ڕێی شیعرەوە فەلسەفە تێپەڕێنین، ئەم تێپەڕاندنەش بە نیسبەت فیکرەوە پرۆسەیەکی ڕادیکالانەیە).

"مارک کریبۆن" وەرگێڕی یەکێک لە کتێبەکانی "نیچە" بۆ سەرزمانی فەرەنسی دەڵێت: (بە پێچەوانەی ئەوەی نیچە

ترسی لێی هەبوو، ئێستا ئەو وەکی فەیلەسوفێک دەخوێندرێتەوە). بێگومان خوێندنەوەی ئەو وەکی فەیلەسوفێک تازە نییە و کۆنە. لە فەڕەنسادا دەگەڕێتەوە بۆ "جیل دیلۆز" و کتێبە بە ناوبانگەکەی –نیچە و فەلسەفە- 1962. سەرەڕای کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی "هایدگەر"، دەربارەی "نیچە" کە ساڵی 1971 و لە دوو بەرگدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەڕەنسی.

لە کۆتایشدا "ژان پییر ڤای" نووسەر و فەیلەسوف، ئەم پرسیارە دەکات و دەڵێت: (ئێمە بۆچی لەمڕۆدا نیچە دەخوێنینەوە؟ لە جێیەکدا خوێندمەوە کە نیچە بۆتە مۆد لەبەر ئەوەی سەر بە پۆست مۆدێرنەکانە، ئەمە لێکدانەوەیەکی پووچە و بە هێند وەرناگیرێت. پێموایە ئەمڕۆ و سبەینێ نیچە بۆ ئێمە گرنگە، لەبەر ئەوەی فیکری ئەو هەر بە تەنها لە دژی شەڕ نییە، بەڵکو لە دژی تۆڵەسەندنەوەشە بە گشتی. نیچە دژی بیری دادگاکانی پشکنین و ڕقهەڵگرتن لەئەوی دی بوو، دژی ئەوەبوو بە هەرجۆرێک بێت تەوقی مرۆڤ بدرێت. ئەمەش مانای وایە کە ئەو فەیلەسوفی ئازادی بوو.. دەیویست لە کەسانی گرگن و بچکۆلە خۆی بپارێزێت، چونکە ئەوانە بیر لە تۆڵە سەندنەوە دەکەنەوە و بوغز دەکێشن، بەڵام مرۆڤە بەرزوباڵاکان باز بەسەر ئەو شتانەدا دەدەن، ئەویش لە ڕێی هەوڵ بە خەرجدانی زۆر و کۆنترۆڵکردنی خۆیانەوە. مرۆڤەمەزنەکان بوغز کێشی ناکەن و ڕک هەڵناگرن، بەڵکو سینەیان جێگای هەموو کەسێکی تێدا دەبێتەوە.کەواتە ئێمە

پێویستی زۆرمان بە نیچەیە، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژگارە سیخناخ بە کینەو بوغز و جەنگ و خوێن ڕێژیە تێپەڕێنین).

الرياض، 2000/4/22

Scanned by CamScanner

"نیچە" و فاشیزم

هاشم ساڵح

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

له نوسینی ئەم کتێبەدا زیاتر له پانزه فەیلەسوف و مامۆستای فەلسەفه له سەرجەم زانکۆکانی جیهاندا بەشداربوون، لەوانه: "دانییل. و کۆنوی" مامۆستای فەلسەفه له زانکۆی پەنسلڤانیا له وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا که پسپۆڕه له بواری فەلسەفەی سیاسی له سەدەی بیستەمداو گرنگترین کتێبەکانیشی بریتین له: (نیچه و سیاسەت، هەروەها گەمه ترسناکەکەی نیچه و... هتد). یەکێکی تر له بەشداربوان "ستانلی کۆرت گۆڵد"ه و ئەمیش مامۆستای زمانی ئەڵەمانی و ئەدەبی بەراوردکاریه له زانکۆی برنستۆن. سەرپەرشتیارانی ئەم پرۆژەیەش بریتین له هەریەک له: "ڕۆبرت. س. ویستریچ" و پرۆفیسۆر "جاکۆب کۆڵۆمب".

لەم کتێبەدا پرۆفیسۆر "ئەلیکسەندەر نیهاماس" مامۆستای فەلسەفه له زانکۆی برنستۆن، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر سەردێڕی "نیچەو هتلەر"دا نوسیوه. ئەم کتێبه هەر له سەرەتاوه ئەم پرسیاره دەخاته ڕوو: ئایا هیچ پەیوەندییەک له نێوان "نیچه" و فاشیزمدا هەیه؟ ئایا دەشێت فەیلەسوفێکی وەک "نیچه" پەیوەندی به ئایدۆلۆژیایەکی فاشیزم یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی درندەوە هەبێت؟

وەکو ئاشکرایه ئەو چەمکه سەرەکیەی "نیچه" تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، ئازادی تاکه کەسه و ئەوەش به کارێکی

پێویست دەزانێت کە مرۆڤ خۆی قەدەرو چارەنوسی خۆی دیاری بکات. لە پای ئەمەدا نەیارەکانی تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ کە فیکر و بۆچۆنەکانی فیکر و بۆچونێکی ئۆرستۆکراتی - ڕادیکالییە، لەبەرئەوەی ڕقی لە کلتوری جەماوەر و زۆرینەی خەڵک بوو ئەو کلتورەشی بە کلتوری مێگەل ناوزەد کردبوو. لەم سەروبەندەدا "نیچە" پێشبینی ئەوەی دەکرد، لە ئایندەدا سەردەم و ڕۆژگاری (سۆپەرمان) بێتە ئارا. مەبەستی ئەو لە (سۆپەرمان) ئەو مرۆڤە باڵاو ناوازەیە بوو کە مرۆڤی ئەمڕۆ تێپەڕێنێت.

ئەگەر ئەمە بۆچونی فەیلەسوفێکی وەکی ئەو بێت، کەواتە چ پەیوەندیەکی بە بزوتنەوەی نازیزمەوە هەیە کە گەمەی بە ئەقڵی جەماوەری دەکرد و لە پێناو ئامانجە شۆڤێنیەکانی خۆیدا مۆبیلیزەی دەکردن؟ دەبێت پەیوەندی ئەو بە ئایدیۆلۆژیایەکەوە چی بێت کە کاری سڕینەوەی تاکە کەس و شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤ بوو بێت؟

بەڵام سەرەڕای ئەمانە چەند ڕاستیەک هەیە کە ناکرێت چاوپۆشی لێبکەین، لەوانە: ساڵی 1934 "هتلەر" سەردانی ئەو مەڵبەندی بەڵگەنامانەی کرد کە تایبەت بوون بە فیکری "نیچە" و بارەگاکەشی لە (ڤایمار) بوو. لەوێدا "هتلەر" چاوی بە "ئەلیزابیس"ی خوشکی "نیچە" کەوت. وێنەیەکی بەناوبانگی ئەو سەردانە هەیە کە تیایدا "هتلەر" تەوقە لەگەڵ "ئەلیزابیس"دا دەکات و لەبەردەمیدا نوشتاوەتەوە، وەکی ڕێزێک بۆ "نیچە"ی برای کە لە سەرەتای ساڵی 1900 کۆچی دوای کرد.

بەڵام ئاخۆ ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین کە "نیچە" و "هتلەر" یەک شتن؟ لە ڕاستیدا ئامانجی ئەو سەردانەی "هتلەر" بۆ ئەو جێگایە تەنها بۆ پروپاگەندە بوو، چونکە نازیزم پێویستی بە گرانتی مەزنە ڕوناکبیرانی ئەڵەمانیا هەبوو (چ زیندووەکانیان و چ مردووەکانیشیان). کەواتە مەبەست لەو سەردانە ئەوە بوو کامێراکان وێنەیەکی "ئەدۆڵف هتلەر" بگرن، لەو کاتەی کە لە پەیکەرەکەی "نیچە" ڕادەمێنێ و پاشان ئەم وێنەیە لە ڕۆژنامەکانی ئەڵەمانیادا بڵاوبکەنەوەو وا لە خەڵک بگەیەنن کە "نیچە" لە "هتلەر" ڕازییە! ئەوە بوو ڕۆژنامەکانی ئەڵەمانیا لەو کاتەدا، وێنەکەیان بڵاوکردەوەو لە ژێر وێنەکەشدا ئەم دێڕەیان نوسیبوو: (فۆهرەر لە بەردەم پەیکەری ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانیەدا کە بیرو بۆچونەکانی بووە زادی دوو بزاوتی میللی مەزن: نازیزم لە ئەڵەمانیا و فاشیزم لە ئیتاڵیا!).

شایەنی باسە "مۆسۆلۆنی" یەکێک بوو لەوانەی زۆر بە فەلسەفەی "نیچە" سەرسام بوو، زۆربەی کتێبەکانیشی خوێندبووەوە، بەڵام پێناچێت "هتلەر" "نیچە"ی بە باشی ناسی بێت، چونکە لە سەروەختی جەنگی جیهانی یەکەمدا کتێبەکانی "شوپنهاوەر"ی پێبووە نەک کتێبەکانی "نیچە"، ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و مێژوونوسانیش دوپاتیان کردۆتەوە.

لە کتێبەکەیدا (خەباتی من) دوور و نزیک باس لە "نیچە" ناکات، لە کاتێکدا ناوی "شۆپنهاوەر" دێنێت. لە دانیشتنە

Scanned by CamScanner

تایبەتیەکانیدا "هتلەر" بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ "نیچە" دەکات، وەکی ئەوەی دەڵێت: (گەر یەهود بیانتوانیایە دەست بەسەر وڵاتەکەماندا بگرن، ئەوا دەستبەجێ بەرهەم و نوسراوەکانی شۆپنهاوەر و نیچە و کانتیان لەناودەبرد. هەروەها گەر بۆ بەلشەفیەکانیش بلوێت و دوو سەدەیەک دەستمان بەسەردا بگرن، ئەوا هیچ شتێک لە کەلەپوری نەتەوەیمان نامێنێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان و هەموو مرۆڤە مەزن و بلیمەتەکانیشمان ناویان دەسڕێتەوە، یاخود لە چاکترین حاڵەتدا وەکی جەردەو تاوانکار نیشانیان دەدان!).

لە ساڵی 1944دا نازییەکان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونی "نیچە"دا ئاهەنگیان گێڕاو، لەو بۆنەیەدا تیۆرسینی حیزب "ئەلفرید ڕۆزنبرگ" وتارێکی خوێندەوەو تیایدا وتی: (نازیزم تەواوی دنیا دەسڕێتەوە، وەک چۆن نیچە دەسەڵاتەکانی ڕۆژگاری خۆی سڕیەوە).

ئەڵبەتە "نیچە" تاکە سەرکردەی ڕۆحی نازیزم نەبوو، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە نازیەکان گرنگی زۆریان پێداوەو هەوڵیانداوە بیرو بۆچونەکانی بخەنە خزمەت ئایدیۆلۆژیای خۆیانەوە، بەڵام داخۆ نازییەکان بە چ شتێکی ئەو سەرسام بوون و بۆچی خۆشیان دەویست؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ئەم کتێبە دەیکات و لەسەری دەوەستێت. بێگومان نائەقڵانیەتی بێئەندازەی فەلسەفەی "نیچە" و شێوازی ئاگرینی نوسینەکانی و توڕەییە درەوشاوەکانی، شتگەلێکن کەسایەتی "هتلەر"مان بیردەخەنەوە، کاتێک دەچوە بەر مایکرۆفۆن و وتارێکی

ئاگرینی حەماسەت خولقێنی دەدا و گەلی ئەڵەمانیای دەهێنایە جۆش.

لێرەوە دەتوانین بڵێین جۆرە لێکچونێک لە نێوان شێوازی "نیچە" و کارەکتەری "ئەدولف هتلەر" دا هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە جەوهەر و ناوەڕۆکی هەردوولایانەوە هەیە، ئەوا زۆر ئاڵۆز و دژوارترە! چونکە ناکرێت فەلسەفەی گران و ئاڵۆزی ئەو کورتکەینەوە بۆ تەنها ئایدیۆلۆژیایەکی نازیزم یان فاشیزم. بێگومان لێرەشەوە هەڵەو تێکەڵکردن دروست دەبێت.. ئەڵبەتە هەندێک بیروبۆچونی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام خاڵی ناکۆک و جیاوازی زۆریش لەگۆڕێدایە.

لە شتە هاوبەشەکانی نێوانیان: ئاقاری دەستەبژێرگەرایی "نیچە" و پێداگرتنیەتی لەسەر مرۆڤە هێزدار و تەندروستەکان و ڕقی زۆریشیەتی لە مرۆڤە نەخۆش و لاواز و ترسنۆکەکان. وەکی ئاشکراشە نازییەکان لای خۆیانەوە بڕوایان بە ڕەگەزی ئاری هەبوو، پێیان وابوو ئاری نەژادەکان لە سەر و هەموو نەژادەکانی ترەوەن. "نیچە" دوودڵ نەبوو لەوەی قوربانی بە ملیۆنەها مرۆڤ بدات، گەرهاتوو تەندروست و بەهێز نەبن.. ئەمەش ئەو کارە بوو کە "هتلەر" کردی!

لە ڕاستیدا دەکرێت فیکری "نیچە" لە چەند ڕوویەکەوە تەفسیر بکرێت، بەم پێیە لێکدانەوەی نازیزم بۆ فەلسەفەکەی ڕەوایە، هەروەک چۆن ئەو تەفسیرانەی تریش کە جیاوازن ڕەوایەتی خۆیان هەیە. گومانی تێدا نییە کە ئەو بڕوای بە ئایدیای پیاوانی مەزن و ڕۆڵی ئەوان لە مێژوودا هەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا بە چاوێکی سوک سەیری خەڵکانی ئاسایی و جەماوەری دەکرد و بە مێگەل دەیچواندن.

هەندێک پێیان وایە فەلسەفەی "نیچە" عەشقی قارەمانێتی فەردی و ئیرادەی هێز بوو، بەم پێیەش ڕەنگە هاندەرێک بوویێت بۆ سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای فاشیزم لە ئەوروپا، وەک دەزانرێت ئەمیش لای خۆیەوە بەر لە هەرشتێ تەئکیدی لە هێز و هێزداری دەکردەوە. ئەوەتا دەنوسێت: (پێویستە لە مەترسیدا بژین و بە لێواری مەترسیدا ڕێ بکەین).

"مۆسۆلۆنی" ئەم دەستەواژەیەی کردە دروشمی بزوتنەوەی فاشیزم لە ئیتاڵیا.. وەک دەشزانرێت خوێندنەوەی "نیچە" وای لێکرد دەستبەرداری مارکسیزم بێت و دەرگیری فەلسەفەی قوربانیدان و خۆشویستنی جەنگ و مەرگ بێت، لە پێناو داکۆکی کردن لە نیشتمان. بەم پێیە دەکرێت بڵێین، فەلسەفەی "نیچە" مەشروعیەتی دا بەو ئەقلیەتە جەنگ خوازەی تینوی هێز و خوێن ڕشتنە.. هەرچی خەڵکانی لاوازیشە ئەوا لەسەر زەوی جێگایان نابێتەوە و دەبێت لەناو بچن. ئالێرەدا نزیکایەتیەک لە نێوان فەلسەفەی "نیچە" و ئایدیۆلۆژیای نازیزمدا دەدۆزینەوە. هەربۆیە فەیلەسوفی مارکسی "جۆرج لۆکاچ"، فەلسەفەی ئەوی بە پڕوپاگەندەیەک بۆ سەرمایەداری ئیمپریالی دایە قەڵەم و بەشێوەیەکی زۆر ترسناکی شێوازەکانی فەلسەفەی نائەقڵانی دەبینی.

لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەدا هەندێکی تر دەڵێن: (فاشیزم و جەنگ خواز و نازیستەکان، بەشێوەیەکی ناشیرین فەلسەفەی نیچەیان لە پێناو خزمەتکردن بە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیای خۆیاندا بەکارهێناوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی ئەو زۆر لەوە قوڵتر

Scanned by CamScanner

و مرۆڤانەترە). فیکری "نیچە" بەو پێیەی فیکرێکی ئایندە بینەو شێوازێکی شاعیرانەی زۆر بەرزی هەیە، وایکردووە کە لەلایەن فاشیەکانەوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن، بەلام خۆ نازییەکان فەلسەفەی "کانت"یشیان بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە ئایدۆلۆژیاکەیان بەکارهێناوە، وەک ئاشکراشە "کانت" لە سەردەمانی حوکمڕانی نازییەکاندا ستایشی زۆر دەکرا و لە ڕیزی پێشەوەدا بوو. سەرەڕای ئەوەی فیکری "کانت" زۆر ئەقلانی بوو، شێوازی نوسینیشی وەکی "نیچە" ئاگرین و وروژێنەر و بروسکە ئاسا و کاریگەر نەبوو.

لە ڕاستیدا پارتە سیاسیەکان هەمیشە پێویستیان بەوەیە لە ڕوی ئایدیۆلۆژییەوە ڕۆشنبیران ڕەوایەتیان بدەنێ، ڕۆشنبیریش چەندێک مەزن بێت حیزب هەوڵی زۆرتر دەدات بۆ ئەوەی بیرو بۆچونەکانی بخاتە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆی. کەواتە هیچ بیریارێک ناتوانێت ڕێ لە خەڵکانی دی بگرێت تا بیر و بۆچونەکانی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکار نەهێنن.ئەم قسەیە "نیچە" و کەسانی دیکەش دەگرێتەوە. بە تایبەت ئەگەر ئەو بیریارە لە ژیاندا نەمابێت و مردبێت. شالاوی توندی "نیچە" بۆ سەر ئاکاری مەسیحی و بانگەشەکردنی بۆ تێپەڕاندنی و گەڕانەوە بۆ وەسەنیەت، بوونە مایەی نزیک کردنەوەی لە نازیزم و وایکرد بیر و بۆچونەکانی بە ئاسانی لەلایەن نازیستەکانەوە بەکاربهێنرێت و کاری پێ بکەن.

ئەوەی دەستی لە قوڵکردنەوەی زیاتری پەیوەندی نێوان "نیچە" و نازیزمدا هەبوو، ئەو ڕۆڵە بوو کە "ئەلیزابیس"ی خوشکی لەم بوارەدا گێڕای. وەکی ئاشکرایە "ئەلیزابیس" خۆی

و مێردەکەشی فاشیزمێکی حەقیقی بوون. هەر بۆیە لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردووەوە، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی دەڵێت: (فردریک نیچە فەیلەسوفی فاشیزمە!).تەنانەت سڵاوی بۆ "مۆسۆلۆنی" نارد و پێی ڕاگەیاند کە: (تۆ زیندووکەرەوەی بەهای ئۆرستۆکراتیت بە مانا نیچەویەکەی، گەر براکەشم زیندوبوایە ڕازی دەبوولێت و بۆچونەکانتی پەسەند دەکرد).

وەکی پێشتریش ئامارژەمان پێدا هەر "ئەلیزابیس" بوو لەماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە "هتلەر" کردو گۆچانەکەی "نیچە"ی بە دیاری دایە، ئەو گۆچانەی خۆی پێڕاگیر دەکرد و لە پیاسەی ڕۆژانەی ناو شاخ و داخەکانی سویسرا و ئیتاڵیا و فەرەنسادا بەکاردەهێنا ."ئەلیزابیس" نازییەکی تەواو بوو، بەڵام ئاخۆ "نیچە"ی برای کە بە مەزنترین بلیمەتی فەلسەفە دەژمێردرێت لە مێژووی ئەڵەمانیادا، نازی بوو؟ ئەمە مەسەلەیەکە جێی گومانە، سەرەڕای بوونی خاڵی لێکچوو لە نێوانیاندا..

فیکری "نیچە" فیکرێکی ناکۆک و ئیشکالییە، زۆر جار دەکرێت ئەو شتەی دەیڵێت و دژەکەشی لە نوسینەکانیدا بدۆزینەوە. هەر ئەمەش فەیلەسوفی ئەڵەمانی "کارل یاسبەرز"ی ناچار کرد، بە توندی دژ بە قۆستنەوەی فیکری ئەو لەلایەن نازییەکانەوە بوەستێتەوەو بڵێت: (ئەمە کارێکی مەحاڵە و دژ بە حەقیقەتی فیکری نیچەیە).

بیان الکتب، 2003/1/30.

Scanned by CamScanner

سۆپەرمانو ئایین لای "نیچە"

سەمیر عەبدە

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

(من دەزانم خوداوەند ناتوانێت بۆ یەک چرکە بەبێ من بژی،
گەر من نەمام تارمایی ئەویش نامێنێ).

- ئەنجیلۆس سلیسیۆس -

-1-

"نیچە" لەبەرهەمەکانی وەک: (گورانی تراژیدیا)و (زەرادەشت وەهای وت)و (ویستی هێز)و (لەسەر چاکەو خراپەوە)، بانگەشە بۆ سۆپەرمان (واتە بۆ بالاّ مرۆڤ) دەکاتو پێیوایە (مرۆڤ شتێکە دەبێت تێیپەڕێنین، ئەی ئێوە چیتانکردووە بۆ ئەوەی لەمرۆڤ تێپەڕن؟). ئەو بەڕادەیەکی زۆر باوەڕی بەپەرەسەندنو هەڵکشان هەبوو، بۆیە داوای ئەوەی دەکرد کە لەبۆچونەکانماندا ئەوپەڕی پرکێشی بکەین (کام شتە باشە؟ هەرچی هەستی هێزداریمان تێدا زیادبکات). ئەم بلیمەتە ئەڵەمانیە، مندالّی "داروین"و برای "پسمارک" بوو، یان رونتر بڵێین لەژێر کاریگەری زۆری تیۆریاکەی "داروین"و سیاسەتەکانی "پسمارک"دابوو.

گاڵتەکردنی بەشوێن کەوتوانی ئاقاری تیۆریای پەرەسەندن لەئینکلتەرایان بەهەوادارانی ئاقاری ناسیۆنالیستی لەئەڵەمانیا، زۆر بۆ ئێمە گرنگ نیە، چونکە ئەو خوی بەوەوە گرتبوو پەلاماری ئەوانە بدات کەکاریگەری گەورەو گرانیان لەسەری

Scanned by CamScanner

هەبووە. واتە بەم شێوازە قەرزی ئەوانەی دەدایەوە کەزۆربەی زۆری بیروبۆچۆن‌و تێزە فەلسەفییەکانی لێوەرگرتبوون.

ئەگەر ژیان بریتی بێت لەکێشەو ململانێی مانەوەو مانەوەش بۆ ئەوانەبێت کەتواناداروو چاکترینن، ئەوا لەوکاتەدا هێز دەبێتە فەزیلەتی سەرەکی‌و لاوازیش دەبێتە عەیبەو کەم‌و کورتی. چاکە ئەوەیە کەدەژی‌و پڕکێشی دەکات‌و سەردەکەوێت، خراپەش ئەوەیە کەخۆی بەدەستەوە دەدات‌و شکست دێنێ.

لایەنگرانی "داروین" لەئینکلتەراو هەوادارنی فەلسەفەی پۆزەتڤستی لەفەرەنساو سوسیالیستەکان لەئەڵەمانیا، ئازایەتی زۆریان نواند لەدژایەتیکردن‌و بەگژاچوونەوەی ئاینی مەسیحییەتدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوێری ئەوەیان نەبوو ئەو مۆراڵە ئافەرۆزکەن کەلەمەسیحییەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو مۆراڵە باسی لەدەستەوستانی‌و نەرم‌و نیانی‌و خوشویستنی کەسانی دی‌و چەندین خەسڵەتی نەرم‌و لاوازی دیکە دەکرد کەسەرچاوەیان ئاینی مەسیحی بوو. ئەو ئاقارانەی باسمانکردن توانیان دەستبەرداری ئاینزای کاتۆلیکی‌و لۆتەری‌و ئەنکلیکانی بن، بەڵام نەیانوێرا دەستبەرداری خودی ئاینی مەسیحی بن.. دەرهەق بەم مەسەلەیە "نیچە" دەڵێت: (بیریارە لیبراڵەکانی فەرەنسا لەڤۆڵتێرەوە بۆ ئۆگست گۆنت، دەستبەرداری ئایدیا باڵاکانی ئاینی مەسیحی نەبوون، بگرە زۆر شتیشیان سەربارخست. بۆنمونە کۆنت داوادەکات ئەوانی دیمان خۆشبوێت‌و ژیانمان بۆ یارمەتیدان‌و دەسگیرۆیی کردنیان تەرخان بکەین، هەروەها شوپنهاوەر لەئەڵەمانیاو جۆن

Scanned by CamScanner

ستيوارت میل لەئینگلتەرا، رەواج بەتیۆریای بەزەیی پێداهاتنەوەو یارمەتیدانی ئەوانی دی دەدەنو پێیانوایە ئەوە سەرەکیترین ئیشی مرۆڤە. هاوکات تەواوی سۆسیالیستەکانیش، بیروبۆچونەکانیان لەپێناو ئەم مەسەلانە دایە کەهانی بەزەیی‌و سۆزو دەسگیرۆیی کردنی کەسانی دی دەدات).

"داروین" بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە، ئەو پرۆسەیەی تەواوکرد کەئەنسیکلۆپیدیایەکان دەستیانپێکردوو بریتی بوو لە وەلاوەنانی ئەو بنەما تیۆلۆژیەی کەمۆراڵی نوێی لەسەر دامەزرابوو، بەڵام ئەمانە خودی پرانسیپەکانی مۆرالیان وازلێهێنا، بێ ئەوەی دەسکاری بکەنو گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەن. بەبڕوای "نیچە" ئەوەی ئێمە لەم جەنگو ململانێیەی پێی دەڵێین ژیان پێویستمان پێیەتی، هێزو شکۆمەندییە نەک ملکەچی‌و گوێڕایەڵی. ژیری‌و داناییە، نەک خۆشویستنی ئەوانی دی‌و یارمەتیدانی کەسانی تر.

یەکسانی‌و دیموکراسی لەگەڵ سروشتی ژیاندا ناکۆکن. ئامانجی گەشەو بەرەوپێشچونیش بلیمەتو کەڵە مرۆڤەکانە، نەک خەڵکو خوای ئاسایی.. ئەوەی تەواوی کێشەو ململانێکان یەکلایی دەکاتەوە، هێزە نەک دادپەروەری. لەلایەکی ترەوە "بێرتراند راسل" پێیوایە، بۆ ماوەیی رۆڵی هەیە لەدروستکردنی مرۆڤی ژیرو بەکەڵکو پەروەردەش تەنها هۆکارێک نییە لەو پرۆسەیەدا. ئەگەر مرۆڤەکان پێیانوایە ئەوان لەرووی سیاسییەوە یەکسانو چونیەکن، ئەوادەبێت مل بەو داوایەیان

Scanned by CamScanner

بدەین، نەک لەبەرئەوەی کەبەراستی لەرووی بایەلۆژییەوە یەکسانن، بەڵکو لەرووی سیاسیەوە بەو شێوەیەن، ئەم جۆرە بۆچونانە، بونە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆسەر لیبرالیزمی سیاسی. ئەویش لەو روەوەی کەئەگەر بڕوامان وابێت خەڵکی یەکسانو چونیەک نین، ئەوا دەبێتە شوێن مەترسیو هەڕەشەیەک، کاتێک کەگروپێک واهەست بکات چاکترو ناوازەترە لەوانی دی.. بۆنمونە ‑دەوڵەمەندەکان وامەزەندە بکەن لەهەژاران لێوەشاوەترن یان پیاوان لەژنان بەسەلیقەترن، یاخود سپی پێستەکان لەرەش پێستەکان ژیرو زرنگترن، یان ئەڵەمانەکان لەهەموو گەلو میللەتانی تر پایەدارترن. "ئیمانوێل کانت" داکۆکی لەئاقارو بۆچونێک دەکرد کەلەتیۆریاکەی "داروین"دا، بەهیچ جۆرێک پەسەند نەدەکرا، ئاقارێک بەدڵنیاییەوە یان بەرەو کۆیلایەتی یاخود بەرەو شەڕ دەچوو. لەم سەرو بەندەدا جۆرەها تیۆریای دی هاتنەپێش، یەکێک لەوانە لایەنگری ئەوەبوو کەپێویستە لاوازو بێدەسەلاتەکان لەناوببرێن، چونکە ئەوە رێگاچارەی سروشتییە بۆ پێشکەوتنو بەرەوپێشچون. لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیانوایە، رەگەزی مرۆڤایەتی لەرێی ململانێوە باشترو باشتردەبێتو بۆ ئەمەش پێویستە پێشوازی لەشەڕ بکەین، ئەو شەڕانەش تا ژمارەی قوربانییەکانیان زیاترو زۆرترین باشترە. بەمەش دەگەڕێینەوە لای "هیراکلیت" کەدەڵێت: (هۆمەر هەڵەبوو کەدەیوت: با ئەم ململانێیەی نێوان خواکانو خەڵک کۆتایی بێت. بێئاگابوو لەوەی بەم کارە، نوێژ بۆ وێرانکردنی گەردون دەکات.. شەڕ بۆ

هەموانەو ململانێش کارێکی ڕەوایە.. جەنگ باوکی هەموانەو پادشای گشتەو هەر ئەویشە هەندێکی کردۆتە خواو هەندێکی کردۆتە مرۆڤ، هەروەها هەندێکی کردۆتە کۆیلەو هەندێکیش ئازادو سەربەست).

-2-

پێویستە ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین، بونەوەرێک بێنینەبون کەلەسەرو خۆمانەوە بێتو بالآتربێت لەئێمە، ئەمەش بۆخۆی بریتییە لەئەنگێزەی جوڵەو کارکردن.. وەک چۆن هەموو ویستو ئیرادەیەک، پێویستی بەبوونی ئامانجێک هەیە، بەهەمان شێوە بوونی مرۆڤیش پێویستی بەهێنانە ئارای بونەوەرێکە کەتائێستا دروستنەبووە، ئەمەش بریتییە لەئامانجی خودی ژیانی مرۆڤ خۆی. بەو پێیەی تەنها هێز نەک بەزەیی بریتیە لەبنەمای مۆراڵ، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤایەتی توانای خۆی لەوەدا بەگەڕ نەخات کەئاستی خەڵکو خوای ئاسایيو زۆرینەی گەل بەرزبکاتەوە، بەڵکو دەبێت کار بۆئەوە بکات کەبەهێزترینو چاکترین ئەندامانی کۆمەڵگە بێنەپێشو برەوبکەن. دەبێت ئامانجی مرۆڤایەتی مرۆڤی بالآبێت، نەک تەواوی خەڵکو خوا. دواین شت کەپێویستە بیرمەندە ژیرەکان بیری لێبکەنەوەو بەئەرکی خۆیانی بزانن، ئەوەیە کەمرۆڤایەتی بەرەو باشتربەرن.

مرۆڤایەتی چاک نابێتو بگرە مرۆڤایەتی هەر بونی نیەو تەنها قسەیە، ئەوەی هەیە کۆمەڵە کەسانێکن لەکۆمەڵگەدا،

Scanned by CamScanner

کەکەم تازۆر بەکارگەیەکی گەورە دەچێتو لەم کارگەیەشدا ئەزمونو تاقیکردنەوەی زۆری تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام تەنها کەمێکی کەمی سەرکەوتوودەبێت. ئەڵبەت مەبەست لەم تاقیکردنەوانەش بەختەوەرکردنی جەماوەرنیە، بەڵکو باشترکردنی جۆرە. واچاکە کۆمەڵگە وێران بێتو ئاسەواری نەمێنێ، ئەگەر کاری بۆ هێنانەدی باڵا مرۆڤ نەکرد. کۆمەڵگە ئامرازێکە بۆ برەودان بەهێزو کارەکتەری تاکەکەسو گروپو کۆمەڵگەش بۆخۆیان ئامانج نین، بەڵکو ئامرازن بۆ ئامانجێکی تر کەئەویش خوڵقاندنی باڵامرۆڤە.

لەقسەکانی "نیچە"دا بۆمان دەردەکەوێت کەئەو خوازیاری ئەوەبووە، نمونەیەکی تازەی مرۆڤ بێتەئاراو لەو باوەڕەدا بووە باڵامرۆڤ، بەقارەمانیو بوێری خۆی لەناوجەرگەی میللەتەوە سەردەردێنێو ئەم پرۆسەیەش شتێکی خۆڕسکانە نیە، بەڵکو بەهۆی پەروەردەو هێزەوە مەیسەر دەبێت. بۆیە پێویستە لەسەرمان گەر بمانەوێت باڵامرۆڤ دروستبکەین، ئەوا دەبێت سەرپەرشتی پەروەردە بکەینو ئەم کارە جێنەهێڵین بۆ پشێویو بێسەروبەری سروشتی ژیان، لەبەرئەوەی سروشتی ژیان دژی کەڵە مرۆڤە. سروشت هەمیشە لەگەڵ باشترینو بەهێزترین کەسەکاندا دڵڕەقو سەختگیرە، زیاتر مەیلی بەلای مرۆڤە ئاساییەکاندا دەچێتو هەوڵدەدات بیانپارێزێت. لەسروشتی ژیاندا خواستو ئارەزوییەکی بەردەوام هەیە، بۆئەوەی کەڵەمرۆڤ دابەزێننە ئاستی خەڵکو خوای ئاساییو ملکەچی ئەوانی بکەن. واتە سروشتی ژیان هەمیشە لایەنگری

Scanned by CamScanner

زۆرینەیە، لەبەرامبەر ئیلیتو دەستەبژێرەکاندا. کەوابێ نابێت چاوەڕێی ئەوەبین سروشت باڵا مرۆڤمان بۆ دیاری بکات، ئەوەی پێویستە لەسەرمان ئەوەیە کەلەڕێی باشترکردنی ئامرازەکانی وەچەخستنەوەو پەروەردەوە (ئەو پەروەردەیەی توانا و بەهای جوامێریو پیاوەتی بەهێز دەگرێت)، کار بۆ هێنانەئاراو خوڵقاندنی باڵامرۆڤ بکەین.

"نیچە" پێیوایە دیموکراسی واتە بەربادی، واتە ڕێگەدان بەوەی مرۆڤ چی ویست وابکاتو چۆن پێی خۆشبوو وابڕوات... ئەمەش مانای لێکترازانو هەڵوەشانەو باڵادەستبونی پشێویو بێسەروبەریە. لەوەها دۆخێکیشدا ئەوەی جێی ستایشە، مرۆڤی ئاساییەو دژایەتیکردنو سەرکوتکردنی کەسانی داهێنەرو سەرکەوتووە. ئەمەش واتە ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی مرۆڤی مەزنو باڵامرۆڤ.. مرۆڤە مەزنەکان چۆن مل بەفرتو فێڵو درۆو دەلەسەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەدەن؟ هەڵبژاردن چ هەلو دەرفەتێک بۆ کەڵەمرۆڤ دەرەخسێنێ؟ خەڵکو خوا رقیان لەرۆحە ئازادەکانە، ئەو رۆحانەی دژی هەموو کۆتو بەندێکن.. کەواتە مرۆڤی باڵا چۆن دەتوانێت، لەسەر زەمینێکی وادا گەورەببێتو سەردەربێنێت؟

میللەتێک چۆن دەتوانێت بگاتە مەزنیو شکۆمەندی، ئەگەر سود لەمرۆڤە بەتواناکانی خۆی نەبینێو بواریان بۆنەڕەخسێنێ تابەهرەو لێهاتویی خۆیان بسەلمێنن؟

میللەتێک گەر ئەوەنەکات زووبەزوو مۆراڵی دەدۆڕێنێت، ئەویش بەستایشکردنو پیاهەڵدانی ئەو کەسانەی

لەهەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگ بەدەستدەهێنن، نەک ستایشکردنی کەسانی بەهرەمەندو داهێنەر. لەوەها کۆمەڵگەیەکدا شتەکان بەیەک دەچنو وەک یەکیان لێدێت، وەک ئەوەی ژن دەبێت بەپیاوو پیاوانیش دەبن بەژن. لەو کۆمەڵگەیانەدا دەستەوستانی و ناکارایی دەبێتە ئۆغریو نەرمونیانی. ترسنۆکی دەبێتە خاکیبوونو سادەیی، ملکەچی بۆ ئەوانەی رقیان لێیەتی، دەبێتە گوێڕایەڵی. ترسنۆکیو لاوازی دەبێتە فەزیلەتو دان بەخۆداگرتن، زۆرجارانیش باس لەخوشوستنی دوژمنان دەکرێتو گەردن ئازادیو لێبوردن لەوانە دەکرێت کەئازاریان گەیاندووە.

-3-

"نیچە" وەک مولحیدێکی نوێ لەترادیسۆنی سەدەی هەژدەهەمدا، داوای ئەوەی دەکرد کەمرۆڤ لەمەسیحییەت رزگاربکرێت، بۆخاتری ئەوەی بتوانێ لەخۆی تێپەڕێنێ، چونکە مەسیحییەت بوو بەباعیسی ئەوەی مرۆڤ دوچاری گەندەڵیو بەربادی بکات. "نیچە" لەو هێرشو پەلاماردانەیدا، هەر بەتەنها لەگەڵ مەسیحییەتدا دەرگیرنەبوو، بەڵکو یەخەی خواکانیشی گرتو پێیوابوو دەبێت سەرجەم خواکان بمرن.

ئەو بڕوای وابوو کەکڵێسای مەسیحی، هۆکاری داوەشانو وێرانبونی مرۆڤایەتیە، لەبەرئەوەی زیاترو زۆرتر پشت بەهەستو سۆز دەبەستێت نەک ئەقڵ.. لەم سەروبەندەدا ئەورووپییەکان بەنوسینو بەرهەمەکانی "ستروس"و "داروین"ەوە خەریکبوون، وەک چۆن پێشتریش ئاگاداری تێزەو تیۆرەکانی

Scanned by CamScanner

"داڤید هیوم"و "لامارک"و "کانت"و "شوپنهاوەر"یش بوون، دڵنیابوون کەبونیادی مەسیحییەت بەرەو دارمان دەچێت. "نیچە" نەیویست لەناو ئەو هەراو زەناو جەنجاڵییەدا بمێنێتەوەو بەیەک تۆن لەگەڵ ئەواندا بخوێنێت، بەڵکو رێگایەکی دیکەی هەڵبژاردن، جیاواز لەو رێگایانەی ئەوانی دیکە گرتبویانەبەر. رەخنەی ئەو لەوانەی پێش خۆی ئەوەبوو کەرووکەشانە تەرێزیان لەمەسیحیەت کردووە، بەڵام پەیرەو لەمۆراڵی دەکەن. بەلای ئەوەوە رەگەزی سەرەکی هەموو ئاینێکی دەسەڵاتخوازو شمولی، ئەوەیە دەبێت مرۆڤ تەسلیمی هێزێکی باڵاو نادیاربێت کەلەسەرو خۆیەوەیەتی، فەزیلەتی سەرەکی لەم جۆرە ئاینانەشدا بریتییە لەگوێڕایەڵیو ملکەچیو گوناهی گەورەش یاخیبونە لەو شتانە. ئاینێکی لەم جۆرە وەها وێنەی خوا دەکات کەهێزو توانایەکی بێسنوری هەیەو ئاگاداری هەموو شتێکە، لەبەرامبەریشدا مرۆڤ وەک بونەوەرێکی نوقسانو دەستەوستان سەیردەکات. تەنها ئەوکاتەش هەست بەهێزدەکات کەخۆی تەسلیمی یەزدان بکات. ملدان بەدەسەڵاتێکی بەهێز، یەکێکە لەو رێگایانەی مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە خۆی لەدەست تەنهاییو لاوازی پێ قوتاربکات.

لەپرۆسەی خۆبەدەستەوەدانیشدا، مرۆڤ سەربەخۆیو بونی خۆی وەک تاکێک دەدۆڕێنێت، بەڵام هەستی ئەوەی لەلا دروست دەبێت کەهێزێکی گەورەو گران دەیپارێزێتو چاودێری دەکاتو بەجۆرێک دەبێتە بەشێک لەو هێزە گەورەیە. جارێک "ولیەم جیمس" باس لەوەدەکات کەئەگەر بۆی بلوێت راستەوخۆو بێ پێچو پەنا گوزارشت لەرای خۆی بکات، ئەوا

Scanned by CamScanner

دانبـەوەدا دەنێـت کـەیـەکـەمـین هـەنگـاو بـۆ گـەیـشتن بەپەیوەندییەکی تەندروستو بەختەوەر لەگەڵ گەردوندا، بەیاخیبون لەبیرۆکەی بونی خودا دەست پێدەکات.

"نیچە"ش لای خۆیەوە، ئایینی مەسیحی بەکۆسپو تەگەرەی بەردەم بەرەوپێشچونی مرۆڤایەتی دەزانیو لەنامەیەکیدا بۆ "ئەلیزابیس"ی خوشکی دەنوسێتو دەڵێت: (بەڵێنم بدەرێ هەرکاتێ مردم جگە لەهاورێکانم کەسی کەم لەدەور نەبێت.. نەهێڵیت هیچ قەشەیەک لەسەر گۆڕەکەم درۆ هەڵڕێژێت، لەوکاتەی کەمن توانای ئەوەم نییە پارێزگاری لەخۆم بکەم.. وازم لێبێنە ئەوکاتەی ئەمنێنە چاڵ، وەک بێباوەڕێکی پاکو بەرێز بمنێژن).. ئەو پێیوابوو سەرچاوەی هەموو خراپەو خراپەکارییەک، لاوازیو بێدەسەڵاتییەو نەفرەتی گەورەی مێژووش ئەوەبوو مرۆڤ ملیدابە خورافاتو دەمارگیری ئایینی، هەر لەبەرئەمەش بوو مێژوو پڕی بوو لەدڵڕەقیو دڕندایەتیو ستەمکاری.. ڕێگای ڕزگاربوون ئەوەیە، گوێ بۆ دەنگێکی نوێ رادێرین. . ئایین مایەی خەجاڵەتییەو کتێبە پیرۆزەکانیش لێوان لێون لەوەهمو خەیاڵپلاو. جەنگە ئایینیو مەزهەبییەکانی ئەوروپا، تاوانی گەورەو بزێوی لێکەوتەوە. "ڤیارک" باس لەوەدەکات کەجەنگی مەزهەبی تەنها لەئەڵەمانیادا، بووە مایەی لەناوچونی زۆربەی زۆری خەڵک (چ بەکوشتن بێت یان بەلەبرسا مردن بێت)، هەروەها زۆربەی شارە گەورەو ئاوەدانەکانیش وێران بوونو بوون بەمشتێک خۆڵەمێش.

لەلایەکی ترەوەو لەسەروبەندی رەخنەگرتنی بەردەوامی "نیچە" لەمەسیحییەت، باس لەقەشەو پیاوانی ئاینی کڵێسا دەکاتو بەبەدترین دوژمن ناودێریان دەکات، لەبەرئەوەی

Scanned by CamScanner

پاسیڤترینو دەستەوستانترین بوونەوەرن، ئەمەش رقێکی قوڵ لەناخیاندا دروستدەکات. مەسیحیەت لەسەردەستی ئەمانە بوو بەسیستمێکی چەوساندنەوەو مشەخۆری، هەربۆیە لەسەدەی دووەمو سێیەمدا کەوتنە موجیاریکردنو رازیکردنی خەڵکانی هەژارو بەش مەینەت کەدان بەخۆیاندا بگرنو پشودرێژانە نەبوونیو چەرمەسەری ژیان قبوڵبکەن، بەئومێدی ژیانێکی باشترو شایستەتر. ژیانێک کەلەسەر زەوی نیە، بەڵکو لەئاسمانو لەوە دنیایەن لێرەوە مەسیحییەتو پیاوانی کڵێسا کەوتنەخۆ، بۆ ئەوەی داوا لەخەڵکو خوابکەن ملکەچی فەرمانرەوایان بن.

پرسی ملکەچیو خۆبەدەستەوەدان، بەئاشکرا لەئەدەبیاتی سەرەتای بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحیدا دیارە. مەسیحییەت داوای لەکۆیلەکان دەکرد لەکۆیلەی ناچارییەوە ببن بەکۆیلە بەقەناعەتەوە. "نیچە" پێیوایە مەسیحییەت پەیامەکانی "مەسیحی" شێواندووەو بۆ ئامانجێکی تر بەکاری هێناوە. "مەسیح" تەنها مەسیحی بووەو ئەوانی دوای خۆی ئەنتی — مەسیح بوون، "نیچە"ش ئەنتی — مەسیحییەت بووە. هەر لەدوای مردنی "مەسیح"ەوە، مەسیحییەت هەرەسی هێناو خۆرئاواش دوای بڵاوبونەوەی مەسیحییەت تێیدا، دوچاری دارمان هات.

لێرەدا بۆمان ئاشکرادەبێت کە"نیچە" پێیوایە لەرێلادانەکە ئەوکات دروستبوو کەمەسیحییەت لەرێسایەکەوە بۆ ژیان وەرگۆڕاو بوو بەباوەڕو ئایدیۆلۆژیایەک، لەکاتێکدا "مەسیح" وەک "بودا" پیاوی کاروکردارە نەک باوەڕو عەقیدە. ئەو هەموو ئەفسانەو خورافاتانەی لەدەوری "مەسیح"و مەسیحییەت

Scanned by CamScanner

دروستکران، وایکرد مەسیحییەت تەواو بشێوێت. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی خەڵک خوا لەبری یەزدان، رووبکەنە شەیتانو بتپەرستن.

هەرچەندە "کارل یاسبەرز" لەکتێبەکەیدا (پیسکۆلۆژیای گشتی) کەلەساڵی 1913 بڵاویکردەوە، باس لەوەدەکات کە"نیچە" کەسێکی نەخۆش بووەو چارەکێکی کتێبەکەشی بۆ ژیانو نەخۆشییەکەی تەرخانکردووە، بۆ خاتری ئەوەی ئەقڵانییەتی رێبازو بیرکردنەوەکانی بسڕێتەوەو هاوکات بۆئەوەی نیشانی بدات کەبۆچونەکانی "نیچە"، تەنها دەنگدانەوەی قەیرانە دەرونیو پەتاو نەخۆشیە زهنیو جەستەییەکانیو دێوانەیی خۆی بووە، نەک تاوتوێکردنی واقعی سەردەمەکەی بووبێت، تا لەدژی راپەڕێتو شۆڕشی بەسەردا بکات. "کارل یاسبەرز" لەڕێی دوو کتێبەوە دەربارەی "نیچە"، هەوڵیداوە کەتێڕوانینو بۆچوونی دەربارەی ژیانو ئایین، لەهەموو ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانە بەتاڵ بکاتەوە. هەروەها ویستویەتی تەفسیرێکی مەسیحیانە بۆ "نیچە" بکاتو فەلسەفەکەی بەبەرەنجامێکی سەرچاوە سەرەکیو بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت نیشانبدات. مەبەستی لەم کارەش ئەوەبووە، مەسیحییەت لەدەست سەرسەختترین دوژمنی قوتاربکاتو پاشان ئەو دوژمنە سەرسەختەبکاتە دڵسۆزترین لایەنگر.

- سمیر عبدة: هكذا تكلم نيتشة - دارالتكوين، دمشق – الطبعة الاولي، 2005

"فردریك نیچە"

ئەو فەیلەسوفەی جاڕی (مردنی یەزدان)ی دا



دیما شەریف

Scanned by CamScanner

شەوێک لەشەوانی ساڵی 1897، "نیچە" چووە ناو پێخەفەکەی لەماڵی "ئەلیزابیس"ی خوشکی لە (ڤایمار) لەخۆرهەڵاتی ئەڵمانیا، ئیتر لەوکاتەوە نەهیچی لەبیرماو نەکەسیشی دەناسیەوە. بەو شێوەیە مایەوە، تاساڵی 1900 بەنەخۆشی سیل ماڵئاوایی لەژیانکرد. "نیچە" چەند ساڵێک بەر لەمردنی باری ئەقڵی و دەروونی تێکچوو، خەڵکی شاری تۆرینۆ بیریانە کەچۆن لەسەر شەقامەکان دەیانبینی و بەتوورپییەوە لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، ئەوەش سەرەتای کۆتایی ئەو بوو.

خاوەنی شاکاری (زەرادەشت وەهای وت)، بەشی زۆری تەمەنی بەنەخۆشی و دەردەداری بردەسەر. لەتەمەنی گەنجێتیداو بەهۆی سۆزانییەکەوە دووچاری نەخۆشی (سفلس) بوو، هەروەها دووچاری پەتای نیوەسەرئێشەو چاوکزی بوو. ئەمە جگە لەوەی کەلەو ماوەی لەسوپادا بوو، سنگ و پەراسووەکانی زەبری زۆریان بەرکەوت بوو.

"نیچە" کە لەئێستادا جیهان یادی لەدایکبوونی سەدساڵەی دەکاتەوە، وەک باوکە کەشیشەکەی سەرەتا تیۆلۆژیای خوێند. پاش ئەوە روویکردە خوێندنی فیلۆلۆژیاو فەلسەفە لەزانکۆ،

Scanned by CamScanner

بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە، نەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر کاربکات.

لەتەمەنی بیست و چوارساڵیدا بووە مامۆستای زانکۆ، بەڵام زۆری نەخایاند خۆی خانەنشین کردو تەواوی کاتەکانی تەرخانکرد بۆ نووسین. هەرچەندە تیۆلۆژیای خوێندبوو، بەڵام بەگژ ئایین و کڵێساو رەفتاری پیاوانی ئاینیدا چووەوەو پێیوابوو ئەوانە مرۆڤ کۆیلە دەکەن. رەخنەگرتنی زۆری لەمۆراڵی ئایینی و زانستی و خواستی زۆری بۆ ئازادکردنی ئەقڵ و جەستە، موحافیزکارو ئەقڵە دۆگماکانی کرد بەگژیدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هانی خەڵکیدا تابیروبۆچوونەکانی بخوێننەوە.

ئەمەش وایلێکرد ببێتە یەکێک لەبیریارە دەگمەنەکانی سەدەی نۆزدە. ئەو تێزەو تیۆرانەی هێنایە ئارا، وایلێکرد ببێتە باوکی بونگەراکان و بۆچوونەکانی کاریگەری روون و رەوان لەسەر "ژاپۆن سارتەرو میشێل فۆکۆو تۆماس مان و جۆزێف کۆنرادو ئەندرێ ژیدو جۆرج باتای و مۆریس بلانشۆو.. جوبران خەلیل جوبران"، جێبهێڵێت.

ساڵی 1960 "پۆل ریکۆر" بەفەیلەسوفی (گومان) ناودێری کردو لەریزی "مارکس و فرۆید"دا داینا. ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کە "نیچە" شوێن دەست و کاریگەری خۆی، لەسەر هزری سەدەی بیست بەجێهێشت. هەندێجار تەرێز لەبۆچوونەکانی دەکرێت و هەندێ جاریش بۆچوونەکانی تەقدیس دەکرێن، بەڵام بەردەوام دیدو

Scanned by CamScanner

تێڕوانینەکانی جێی پرسیارو مشتومڕ بوون. ئەوە ئەوە کەباس لەمەرگی یەزدان دەکات و هەر ئەویشە کەبتەکان دەشکێنێت.

"نیچە" لەپرۆژە فەلسەفیەکەیدا تاوتوێی چەمک گەلێکی وەک: (مۆراڵ و پێشکەوتن و زانست و زمان) دەکاتو رەخنەی توند ئاڕاستەی ئەو وتازایانە دەکات. تێزە سەرەکییەکانی پرۆژە فیکرییەکەی وەک: (ئیرادەی هێزو گەڕاندنەوەی هەمیشەیی و باڵا مرۆڤ)، دەبنە بابەت و تەوەری سەرەکی پرسە مەعریفییەکان. پرۆژە فەلسەفییەکەشی، وەک (کۆدێتاکردن بەسەر هزری ئەفلاتۆنی و تێپەڕاندنی میتافیزیک)، بوو بەخاڵی دەستپێکی پرۆژەی فەلسەفی هەریەک لە "هایدگەرو فۆکۆو دێریداو دۆلۆز".

لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە، "نیچە" لەناوەندی فەلسەفی فەرەنسیدا نێوو نێو بانگی لەهەڵکشاندایەو بایەخی نۆدی پێدەدرێت. یەکێک لەدەستکەوتە گرنگەکانی، پێشکەشکردنی تیۆریای پۆزەتیڤانەیەی لەسەردەم و رۆژگارێکدا کەئایدیۆلۆژیاکان تارومارییان کردووە.

"نیچە" بەردەوام ئەو پرسیارەی دەکرد کەئاخۆ فەلسەفەی خۆرئاوا لەرۆژگاری "ئەفلاتۆن"ەوە، چ شتێکی نوێی لەبەرامبەر هێزە نائەقڵانییەکاندا هێناوەتە ئارا. هەروەها پێیوابوو چێژو ئازار، دووشتی نەگۆڕو بەردەوامن و دواتر "فرۆید" ئەو دوو چەمکە دەخوازێت و کاریان لەسەر دەکات.

Scanned by CamScanner

"فرۆید" وەک دامەزرێنەری زانستی دەرونشیکاری، لەرێی یەکێک لەکچە خوێندکارەکانییەوە "لۆ ئەندریاس سالۆمی"، بە "نیچە" ئاشنابوو. "لۆسالۆمی" کەخانمێکی روسی بوو، بەهۆی "پۆل رێ"ی نووسەرەوە کەهاورێی بوو، "نیچە"ی ناسی. لەنامەکانی "نیچە" بۆ "فرانز ئۆفەربیک"ی هاورێیدا دەردەکەوێت کە "لۆسالۆمی"، تەنها خۆشەویستی بووەو زۆربەوە دڵگران بووە کە "لۆ" "پۆل رێ"ی پەسەندکردووە. بەتایبەت دوای ئەوەی "ئەلیزابیس"ی خوشکی توانی لەیەکتریان دووربخاتەوە، وەک "نیچە" خۆی لەیەکێک لەو نامانەیدا باسی دەکات.

ئەوە هەر "ئەلیزابیس"ی خوشکیشی بوو کەبووە مایەی ئەوەی، بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندی "نیچە" بەنازیزمەوە لەمێشکی خەڵکدا بچەسپێت. دوای مردنی "نیچە"، "ئەلیزابیس" دەستیکرد بەچاپکردنی کتێبی (ئیرادەی هێز)و پێشکەشی کرد بە "ئەدۆڵف هتلەر". بەلای "ئەلیزابیس"ەوە ، "هتلەر" ئەو کەسە بوو کەدەیتوانی خەونی باڵادەست بوونی نەتەوەی ئەڵەمان بەرجەستە بکات. زۆربەی ئەوانەی "نیچە" بەوە تاوانبار دەکەن کەدژە —سامی بووە، لەوە بێئاگان کەپەیوەندی لەگەڵ "ئەلیزابیس"ی خۆشکیدا لەبەرئەوە تێکچوو کاتێک شوی بەپیاوێک کرد کە دژە سامی بوو. راستە "نیچە" دژایەتی یتەواوی ئایینەکانی دەکردو رەخنەی ئاراستەی هەموویان دەکرد، بەڵام جیاوازی لەنێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی تردا نەدەکرد.

لەکتێبی (مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە)دا کە لەنێوان ساڵانی 1886-1887دا نووسیویەتی، چەمک گەلێکی وەک دەسەڵات و هێز بەکاردێنێت، بۆ شرۆڤەکردنی هەندێ دیاردەی کلتوری و دەروونی و تێیدا باس لەوە دەکات کەمەسیحیەت دەیەوێت دنیا وێران بکات. کاتێکیش دێتە سەر باسی چەمکی دەوڵەت، زۆر بەتوندی سەرکۆنەی شەڕو ڕۆحی نەتەوە پەرستی دەکات. ئەم باس و خواسانە لەکتێبی (ئەنتی- مەسیح)یشدا دووبارە دەبنەوە کە لەساڵی 1894دا بڵاوبووەوە. لەم کتێبەیدا، "نیچە" ڕەخنەی توند ئاراستەی مۆدێرنەو مەسیحیەت و پیاوانی ئایینی و فەلسەفە دەکات و پێیوایە، مەسیحیەت ئاینێکی عەدەمیەو دەبێتە مایەی داوەشان. لە (زانستی شاد)یشدا کە لەساڵی 1882دا نووسیویەتی، باس لەچەمکی هێزو دەسەڵات دەکات و ڕەخنەی زۆر ئاراستەی فەیلەسوفانی بەر لەخۆی دەکات. لەبەرئەوەی کوێرانە ئایینی مەسیحییەتیان پەسەندکردووەو هیچ ڕەخنەو گازندەیەکیشیان لەدەسەڵات نەبووە.

"نیچە" لەتەمەنی چوار ساڵیدا بێ باوک دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات لەناو کچان و ژنانی بنەماڵەکەیدا گەورە بێت. ئەمە ناچاری دەکات بەدوای باوکێکدا بگەڕێت کە لەخەیاڵدانی ئەودا سۆپەرمان و باڵا مرۆڤ بوو. یەکەمین کەس کە لەڕووی فیکرییەوە کاریگەری لەسەر "نیچە" بەجێهێشت، "شوپنهاوەر" بوو. "شۆپنهاوەر" لەنووسینەکانیدا باسی لەمیوزیک دەکردو

Scanned by CamScanner

ئەمەش باوکی بەبیر دەهێنایەوە کە پیانۆژەن بوو، "نیچە"ش بۆ خۆی پیانۆی دەژەندو ئاوازی دادەنا.

ئەو کاتەشی گوێ بیستی (تریستان وایزۆلد)ی "ریچارد ڤاگنەر" بوو، ئیتر ئالودەی "ڤاگنەر" بوو. لەکتێبەکەیدا (گورانی تراژیدیا) کە لەساڵی 1872دا چاپکرا، "ڤاگنەر" بووە ئەو کەسەی ئومێدی ئەوەی پێی هەبوو کە سەر لەنوێ کلتوری یۆنانی سەردەمی پێش "ئەرستۆ" زیندو بکاتەوە. بەلای "نیچە"وە قۆناغی بەر لە"ئەفلاتۆن" و "ئەرستۆ"، ترۆپکی شارستانیەتە.

"نیچە" وەک ئەڵەمانیەکی رەسەن و بوێر، سەیری "ڤاگنەر"ی دەکردو پێیوابوو دەزانێت چۆن چۆنی بیروبۆچوونەکانی بگەیەنێتە خەڵک. هەروەها هەمان دیدگای "شوپنهاوەر"یشی هەبوو بۆ تاکە کەس و پێیوابوو مرۆڤ خۆی فریادرەسی خۆیەتی، بەڵام سەروەختێک "نیچە" بۆی دەرکەوت کە "ڤاگنەر"یش وەک خەڵک و خودای دیکەیە، کەوتە کێشەو ناکۆکی لەگەڵیداو پێیوابوو خەریکە بەرە بەرە دەستبەرداری بۆچوونە تایبەتیەکانی دەبێت و کارە مۆسیقیەکانی بەو شێوەیە پێشکەش دەکات کە جێی رەزامەندی هەموو لایەک بێت.

هاوکات دنیابینیەکانی دەربارەی ژن هێنان و بێباوەڕی و ترادسیۆن و مۆراڵی تەقلیدی لەبەرهەمە مۆسیقیەکانیدا رەنگیان نەدەدایەوە، بۆ ئەوەی، نەبنە مایەی وروژاندن و راچڵەکانی جەماوەری کۆنسێرتیڤی ئەڵمانی. بەمجۆرە

"نـیچە" لە "ڤـاگنەر" دوورکەوتەوە، لەبەرئەوەی نەیـدەتوانی سـازش لەسـەر بیروبۆچوونەکـانی بکـات و بەدڵـی کەسـانی رووکەش بنوسێت.

دوای لەدنیـا دەرچـوونی "ڤـاگنەر"، "نـیچە" دوو بەرهەمـی نووسـی (نـیچە بەرامـبەر ڤـاگنەر) و (کێـشەی ڤـاگنەر)و لەهەردووکیانـدا "ڤـاگنەر" کرابـووە سـیمبولی داوەشـان. بەلای "نـیچەوە"، "ڤـاگنەر" بریتـی بـوو لە ئەڵەمانیـای سـەدەی نـۆزدەهەم و نـوێنەری ئەو کلتـورەی گەرقـی لـێ دەبـووەوە. مۆسیقای "ڤـاگنەر" بەلایەوە ئەو سـەنگ و قورسـاییەی نەمـاو میـوزیکە جـوان و قەشـەنگەکەی جـاران نەبـوو، لەبەرئەوەی دەیویست ئەوە فێـری خەڵـک بکـات کەچـۆن دەگەنە ئەخلاقـی بەرزو هەروەهـا ئیشکردنەکانیشی، بوونە شتێکی کـاڵ و کـرج و بێ رۆح.

لەسـاڵی 1888دا لای "نـیچە"، "جـۆرج بیـزێ" شـوێنی "ڤاگنەر"ی گـرتەوە، بەتـایبەت ئۆپێرای (کـارمن) کە ئەو کـات بەمەزنترین ئۆپێرای ئەژمـار دەکـرد. سـەروەختێک کە لەشـاری تۆرینۆ بوو بۆ پشودان و دوای ئەوەی باری تەندروسـتی خـراپ بوو، هەموو شەوێک دەچووە بینینی ئەو ئۆپێرایەی "بیزێ".

سـەرەڕای ئەو ناوبـانگە زۆرەی کتێبـی (زەرادەشـت وەهـای وت) بەدەسـتی هێنـا (لەسـاڵی 1885دا چـاپ بـوو) کەتیایـدا رەخـنەی لەئەخلاقـی بـاو گرتبـوو، هەروەهـا تێڕوانینـی خـۆی سـەبارەت بەبـاڵا مـرۆڤ خـستبووەڕوو، بەڵام زۆرێکـی زۆر پێیانوایە گرنگـترین کتێبێـک "نـیچە" نووسـیبێتی (ژینالۆژیـای

مۆراڵ)ە کە ساڵی 1887 نووسیویەتی. لەم کتێبەدا باس لەپەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی چەمکی مۆراڵ دەکات لەخۆرئاوادا، دواتریش دەبێتە ژێدەرو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ فەیلەسوفانی دیکە.

ڕۆژنامەی (الاخبار)ی لوبنانی.

Scanned by CamScanner

"نیچە" لە ئاوێنەی فیکری فەرەنسیدا



هاشم ساڵح

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

ئەم کتێبە باس لە نیچەو چۆنیەتی پێشوازی لێکردنی دەکات، لە لایەن ڕۆشنبیرانی فەرەنساوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ. نوسەری کتێبەکە "جاک لۆریدێر"ە. "لۆردێر" مامۆستایە لە زانکۆی سۆربۆن و ئەندامی پەیمانگای زانکۆییە لە فەرەنسا و یەکێکە لە پسپۆرە گەورەکانی فیکری ئاڵەمانی. بیرۆکەی سەرەکیِ کتێبەکە تایبەتە بە پرسی هەماهەنگی کلتوری و فیکری نێوان ئەڵەمانیا و فەرەنسا، ئەویش لە ڕێیی لێکۆڵینەوە لە فیکری تاکە بیر یارێک.

کاریگەری "نیچە" لەسەر سەدەی بیستەم و بە تایبەتیش لەسەر فیکری فەرەنسی، زۆر بەهێزو کاریگەر بوو. "نیچە" یەکێکە لەو سێ یا خود چوار گەورە بیر مەندەی، کاریگەریان لەسەر سەدەی بیستەم بەجێهێشت: "هیگڵ، مارکس، نیچە، فرۆید" . دەکرێت کەم تا زۆر "هایدگەر" یشیان بۆ زیاد بکەین. ئەوەی مایەی سەرسورمانە ئەوەیە "نیچە" ئامادەگی لە فەرەنسا زیاترە، نەک لە ئاڵمانیا کە وڵاتی خۆیەتی. فەرەنسیەکان بەجۆرێک هۆگری بوون و بەجۆشن بۆی، وەک ئەوەی یەکێک بێت لە خۆیان. دەتوانین بڵێین داخڵبونی فیکری "نیچە"بە کایەی ڕۆشنبیری فەرەنسی، بەچوار قۆناغدا تێپەڕبووە:

-قۆناغی "ئەندرێ جید" و "پۆل ڤالێری"، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

-قۆناغی "جۆرج باتای"، لە سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا.

-قۆناغی هەڵکشان و گەشەکردنی باس و خواس دەربارەی "نیچە" لەسەر دەستی "میشێل فۆکۆ" و "جیل دولۆز" و "جاک دێریدا"، لە شەستەکان و حەفتاکانی هەمان سەدەدا.

-لەگەڵ قۆناغی ئێستادا کە ئەنتی "نیچە"یەو پۆلێک فەیلەسوفی گەنج کە پێکهاتوون لە "لۆک فێری" و "ئالان رینۆ" و "ئەندرێ کۆنت سبۆنڤیل"، ڕێبەرایەتی دەکەن.

لێرەوە دەبینین کاریگەری "نیچە" لەسەر فەرەنساییەکان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە. لە هەندێ قۆناغ و سەردەمدا زیاد دەکات و پەلدەهاوێت، هەندێ کاتیش کاڵ دەبێتەوەو پاشەکشە دەکات. هەندێ جار ستایشی دەکەن و هەندێ جاریش دەکەونە سەر کۆنەکردنی. هەموو ئەمانەش بە پێی چۆنیەتی قۆناغە مێژووییەکەو بە پێی پێداویستیە فیکری و خواستە فەلسەفیەکانی.

نوسەر لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا دەڵێت: (سەدەیەک دوای تێکچونی ئەقڵی نیچە ساڵی 1889 و پاشان مردنی لە ساڵی 1900 دا، دەبینین پرۆسەی گواستنەوەی کلتوری بیروبۆچونەکانی بۆ ئێمە تەواو بووەو بە ئەنجام گەیشتووە. بۆ نموونە تێکستەکانی چەندین جار وەرگێردراونەتە سەر زمانی فەرەنسی و هەزاران جار لە لایەن نوسەرانی فەرەنساوە،

Scanned by CamScanner

شرۆڤە کراوە و بەم پێیەش لەیەک کاتدا بۆتە سەرچاوەیکی گرنگ بۆ کایەی ئەدەبی و فیکری و ئاکادیمی زانکۆکان). هەر لەدرێژەی قسەکانیدا نوسەر دەڵێت: (نیچە هەر بە تەنها بیریارێکی قوڵ نەبوو، بەڵکو نوسەرێکی مەزنی کەم وێنەش بوو. بگرە دەتوانین بڵێین: گەورەترین نوسەری زمانی ئەڵەمانیە، گەر هاتوو مارتن لۆتەرو گۆتەو هەندێکی کەمان هەڵبوارد... بیری نیچە لە کەلتوری فەرەنسیدا، ئامادەگی زۆر زیاترە لە بیری ئەو ڕۆشنبیرە فەرەنسیانەی هاوسەردەمی ئەوبوون. ئێمە پێی ڕاهاتوین و خۆشماندەوێت و زیاتر لە هیبۆلیت تین و ئەرنێست ڕینیان دەیخوێنینەوە).

ئایا "نیچە" زیاد لە فەرەنسیەکان بۆتە فەرەنسی؟ ئەی چۆن توانی بەو ئاستە کاریکاتە سەر ڕۆشنبیری فەرەنسی؟

ڕەنگە گرینگیدانی زۆری "نیچە" بە کەلتوری فەرەنسی و بەڵگە هێنانەوەی بە بیریارانی فەرەنسی لە زۆر ئان و ساتدا، یەکێک بێت لەو هۆکارانە. فیکری "نیچە" بەڕونی پێیەوە دیارەکە سەرچاوەکەی فەرەنسیەو بەمەش فەرەنسیەکان دەگەڕێنێتەوە لای خۆیان، بەڵام بێئەوەی فەرەنسیەکان بتوانن بڵێن: ئەمە هی خۆمانە و پێمان دەفرۆشنەوە، چونکە فیکری ئەو هەر ئەڵمانیە و بەناخی کلتوری ئەڵمانیدا ڕۆچووە. سەرەڕای ئەوەش، جوانی و قەشەنگی ستایلی نوسینەکانی "نیچە" بەدرێژایی مێژوو، یەکێکە لە گەورە نوسەرانی زمانی ئەڵەمانی. دەوترێت نوسەرانی ئەڵمانیا دوای ئەو بەڕادەیەک ئاڵۆز بوون، وایان لێهات و نەزانن چۆن و بە چ ستایلێک دەنوسن.

Scanned by CamScanner

ڕاستە "نیچە" فەیلەسوفێکی قوڵ و گەورەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شاعیرێکی گرنگەو بەناچاری بە جوانی شێوازەکەی ئەوقەت دەکات. ئەوەندە بەسە بەراوردی بکەین بە "ئیمانوێل کانت" کە خاوەنی ستایلێکی وشک و خاڵی یە لە هەموو شیعریەتێک، تا لەوە دڵنیا بین. فەرەنسیەکان چونکە وەک عەرەب کوشتەی بەیان و ڕەوانبێژین، نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم سیحری نوسینەکانی "نیچە"دا ڕابگرن. ئەوەی لە زەمین لەرزەی فیکری "نیچە" بێئاگابێت، شتی زۆری لەدەست دەچێت.

ڕەنگە لە زۆر بۆچون و وتەزدا لەگەڵ "نیچە"دا ناکۆک بیت، بەڵام ناتوانێت لە سیحری نوسینی خۆت لابدەیت. هەندێ جار کەبە زمانی فەرەنسی ئەیخوێنمەوە، دەمەوێت سەما بکەم و بەسەر سورمانێکی زۆرەوە دەپرسم: (ئەگەر شێوازی نوسینی بە زمانی فەرەنسی ئەوەندە بەهێز بێت، ئەبێت بە زمانی ئەڵەمانی چۆن بێت؟!).

بەڵام ئاخۆ "نیچە"ی فەرەنسی هەمان "نیچە"ی ئەڵەمانیە؟

نوسەری ئەم کتێبە پێیوایە جیاوازیەکی ڕون وڕەوان لە نێوانیاندا هەیە. پێویستە ئەمەشمان زۆر بەلاوە سەیر نەبێت، چونکە هەر نوسەرێک کاتێک لە زمانێکەوە دەچێت بۆ زمانێکی دی یا خود لە ژینگەیکی کلتوریەوە دەچێتە ژینگەیەکی کلتوری دیکە، هەندێ گۆڕانکاری بەسەردادێت و وای لێدێت دەبێتە کەسێکی دی. کێ دەتوانێت بڵێت "سارتەر"ی عەرەبی هەمان "سارتەر"ی فەرەنسیە؟ کێ دەتوانێت بڵێت "مارکس" لە تایپە عەرەبیەکەیدا، هەمان "مارکس"ە ئەسڵیە ئەڵمانیەکەیە؟

Scanned by CamScanner

کەس هەیە زات بکات شتی وا بڵێت؟ ڕاستە لێرەدا پرسی وەرگێران و ئاستی وردی و ئەنجامدانی بە ئەمانەتەوە دێتە پێش، بەڵام دەست بەجێ دەبێت جیاوازی بکەین لە نیوان بارودۆخی وەرگێران لە فەرەنسا لەگەڵ بارودۆخی لە وڵاتانی عەرەبیدا. بەداخەوە بەراوردێکی لەو جۆرە نابێت بکرێت و ئەگەر بشکرێت، هەرگیز لە بەرژەوەندی ئێمەدا نابێت.

وەکی لە سەرەتا باسمان کرد، کتێبەکانی "نیچە" لە فەرەنسا زیاد لە جارێک وەرگێردراون و ئەوانەشی سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیەیان کردووە، پسپۆڕی گەورەو ناسراو بوون. هەر بۆیە کاتێک وەرگێرانێکت بەدڵ نەبێت، دەتوانیت دەستبەرداری بیت و وەرگێرانێکی دیکەی بخوێنیتەوە. بەمەش دەتوانیت بگەیتە "نیچە"ی ڕاستەقینە، واتە بگەیتە "نیچەی"ی ئەڵمانی، لە ڕێی زمانی فەرەنسیەوە، بەڵام ئەستەمە بتوانیت بگەیتە "سارتەر و مارکس و کانت و هیگڵ"، لە ڕێیی زمانی عەرەبیەوە. لێرەوە فێربوونی زمانێکی بیانی بۆ ڕۆشنبیری ئێمە شتێکی پێویستە، گەرنا ئەوا نەخوێندەوارێکی لێدەردەچێت.... لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی لای ئێمە لە چاکترین حاڵەتدا، یەک وەرگێڕانی تێکستی گەورە بیریارێکمان هەیەو زۆر جار ئەو وەرگێڕانەش خراپەو پشتی پێنابسرێت. جیاوازی نیوان کایەیەکی ڕۆشنبیری پێشکەوتوی پڕ جوڵەی وەک ڕۆشنبیری فەرەنسی و ئەڵەمانی، لەگەڵ کایەیکی ڕۆشنبیری دواکەوتوی سست و تەمبەڵی وەک کایەی ڕۆشنبیری عەرەبی لێرەدایە.

زۆر جێی داخە کە دەڵێن ئێمە خاوەنی هیچ وەرگێڕانێکی نۆرماڵ و باوەڕپێکراو نین، دەربارەی بیرمەندگەلێکی مەزنی

Scanned by CamScanner

وەک : "کانت، هیگڵ، فرۆید، نیچە، مارکس و....هتد". با واز لەم مەسەلانە بێنین و بێینەوە لای "نیچە"و ئەم پرسیارە بکەین: (نیچە ڕای لەسەر کلتوری فەرەنسی چی بوو؟).

لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا (لەو دیوی چاکەو خراپە)وە دەڵێت: (تا ئێستاش فەرەنسا مەڵبەندی شارستانیەتی ئەوروپیە و هەروەها فێرگەی گەورەی سەلیقەی بەرزو جوانیە). سەبارەت بە "شارل بۆدلێر"یش دەڵێت: (ئەم بۆدلێرە ڕەشبینە بەزیندەوەرێکی خورافی ناو ئاو دەچێت و چەند پاریسیە ئەوەندەش ئەڵەمانیە. زۆر شتی فاگنەر لە بۆدلێردا هەیە. هیچ کەس هێندەی بۆدلێر لە ڕۆحی فاگنەرەوە نزیک نەبووە).

ئێمە لێرەدا ناتوانین باس لە هەموو ئەو قۆناغانە بکەین کەتیایدا "نیچە" کاریگەری لەسەر فەرەنسا جێهێشتووە، بەڵام دەکرێت لە ئاست هەندێکیاندا بووەستین و ئێستێک بکەین. بۆ نموونە دەتوانین هەڵوەستە لەئاست ئەو شەڕو ململانێیەدا بکەین کەلە نێوان "یۆرگن هاپرماس" و ئەو فەیلەسوفە فەرەنسیانەدا ڕویدا کە زۆربە "نیچە" سەرسام بوون، وەک: "میشێل فۆکۆ، جیل دولۆز، جاک دێریدا....".

هەندێک لەوانەی نەیاری "نیچە"ن، فیکری ئەو دەبەستنەوە بە نازیزم و فاشیزمەوەو دەڵێن: (هتلەر بەیانیان هەر لەخەو هەڵبستایە، لاپەڕەیکی لە کتێبەکانی نیچە دەخوێندەوە). ئەمەش بۆ خۆی شتێکی زۆر سەیرە و ئەگەر واشبێت، مانای ئەوە نیە "هتلەر" توانای ئەوەی هەبووە لە فیکری "نیچە" تێبگات. ڕاستە "هتلەر" دەیویست فکری "نیچە" بەکار بهێنێت

Scanned by CamScanner

و بیکاتە پاساوێکی ئایدیۆلۆژی، بۆ سیاسەتە هەڵەشەو قێزەونەکانی. ئەوەش ڕاستەکە "هتلەر" لەسەر دەمانی حوکمڕانی نازیزمدا، سەردانی ماڵی "نیچە" ی کردووەو چاوی بە "ئەلیزابیس"ی خوشکی کەوتووە. لەو سەردانەدا دوای ئەوەی "هتلەر" سەری ڕێز لەبەردەم پەیکەرەکەی "نیچە"دا نەوی دەکات، "ئەلیزابیس" گۆچانەکەی براکەی دەکاتە دیاری بۆ "هتلەر". هەروەها ئەوەش ڕاستەکە "هتلەر" کاتێک بۆ یەکەمجار چاوی بە"مۆسۆلینی" کەوت، سەرجەم بەرهەمەکانی "نیچە"ی پێشکەش کرد...

بەڵام هەموو ئەمانە چییدەگەیەنن؟

"نیچە" ئەو کاتە ساڵانێکی زۆر بوو دنیای جێهێشتبوو، واتە نەیدەتوانی ڕێ لە دیکتاتۆرێکی ستەمکار بگرێت کە دەست بەسەر میراتیە فیکریەکەیدا بگرێت. "هتلەر"ێک کە دەستی بەسەر تەواوی ئەڵمانیادا گرتبوو، ئایا نەیدەتوانی دەست بەسەر میراتی فیکری ئەودا بگرێت و شۆرەت و نێو بانگی ئەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار بێنێت؟

مەسەلەکە هەر چۆنێک بێت، ئەم شتە بەڕادەیەکی زۆر بووە مایەی لەکەدار کردنی فیکری "نیچە"و وایکرد لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، ڕۆشنبیرانی ئەڵەمان تەرێزی لێبکەن و لێی دووربکەونەوە، یەکێک لەوانەش "یۆرگن هاپرمارس" بوو.

دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێین کە گرێی نازیزم لای سەرجەم ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا هەیە، بەڵام ئەم شتە لای ڕۆشنبیرانی فەرەنسا بونی نیە. هەر بۆیە "فۆکۆ و دولۆز" و

Scanned by CamScanner

تەنانەت "دێریدا"ش کەبە ڕەچەڵەک جولەکەیە، سەرسام بن بە "نیچە"و بەئاشکراش باسی بکەن، بێ ئەوەی هەست بە هیچ ڕوگیریەک بکەن. بە پێچەوانەی "هاپرماس" و ڕۆشنبیرانی دیکەی ئەڵەمانەوە کەلە تۆمەتی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ نازیزمدا تۆقیون. لەبەر ئەمە ئەوان زیاد لە پێویست هێرش دەکەنە سەر "مارتن هایدگەر" و "فردریک نیچە" و هەندێ جاریش ئەو هێرشکردنانەیان بە بێ هیچ هۆیەکە، تەنها بۆ ئەوەیە تۆمەتی نازی بوون لە خۆیان دوور خەنەوە.

خاڵی جیاوازی و ناکۆکی سەرەکی نێوان ڕۆشنبیرانی ئەڵەمان و ڕۆشنبیرانی فەرەنسا، لەسەر هەڵسەنگاندنی "نیچە" لێرەدایە. هەموو کلتورو کایەیەکی ڕۆشنبیری تایبەتمەندی و کێشەو گرفتی خۆی هەیە، لەبەر ئەم هۆیەشە "هاپر ماس" لە کتێبەکەیدا (گوتاری فەلسەفەی مۆدێرنە)، زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو فەیلەسوفە فەرەنسیانەی بە "نیچە" سەرسامن. وەک ئاشکرایە "هاپرمارس"، "نیچە" بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت لە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنەو هەوڵدان بۆ وێرانکردنی، بەهۆی هەڵچون و هەڵوێستی نا ئەقڵانیانەیەوە. هاوکات پێیوایە سەرجەم فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن، وەک :"میشێل فۆکۆ و جیل دیلۆز و ژاک دێریدا و ژان فرانسوا لیوتارد"، درێژکراوەی ئەون و کاریگەری ئەویان لەسەرە. بەم پێیەش "نیچە" یەکەم فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنە، نەک "جان فرانسوا لیوتارد" یان "فۆکۆ" یا خود "دێریدا".... لێرەوەیە "هاپرماس" دەیەوێت بەگژیاندا بچێتەوەو بەربە کاریگەرێیان

Scanned by CamScanner

بگرێت، لەسەر هزری ئەورووپی و تەنانەت جیهانیش.

"هاپرماس" ئەمەی کردوو لە کارەکەشیدا سەرکەوتوو بوو.

یەکێک لە لێکۆڵیارەکان دەڵێت: (هاپرماس بە جۆرێک باس لە نیچە دەکات، وەک ئەوەی ڕێخۆشکەربێت بۆ لادانی فەلسەفی)، بەڵام چۆن؟ وەک ئاشکرایە "هیگڵ" دەیوت: (هەرچی شتێک واقعی بێت، ئەقلانیە)، واتە پاساوی بونی هەیە، ئەگەر نا نەدەبوو. بەڵام "نیچە" ئەو قسەیەی ڕەتدەکردەوەو پێیوابوو دەبێت سەرکۆنەی ئەو شتانە بکەین کە واقعین، لەبەر ئەوەی ئەقلانین!

بەمجۆرە "نیچە" لە ئەقلانیەت یاخی دەبێت و دەیەوێت وێرانی بکات، ئەو ئەقلانیەتەی "هیگڵ" دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بنەماکانی دانا. ئەمەش تا ئەو پەڕی "هاپرماس" جاڕس دەکات و پێی ماندوو دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم کارە بە هەڵوێستێکی ئاژاوەگێڕی و پوچگەرایی دەزانێت. بەڵام بۆچی؟

لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانیت بەناوی هیچ شتێکی ترەوە جگەلە ئەقڵ خۆی، ڕەخنە لە ئەقڵ بگریت.."نیچە" دەیەوێت بەناوی (شیعرو سەرمەستی و دێوانەییەوە)، واتە بەناوی "دیۆنیسۆس"ەوە، ڕەخنە لە ئەقڵ بگرێت. وەکی ئاشکرایە لە میتۆلۆژیای یۆناندا "دیۆنیسیۆس" خواوەندی (مەستی و مەی و سەمایە)..."نیچە"ش بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقلانیەتی "سوکرات"، بەکاریدێنێت و دەیەوێت بیکاتە ئەلتەرناتیڤی. ڕەنگە ئەم مەسەلەیە وایکردبێت کە هەندێک فیکری "نیچە" بە

Scanned by CamScanner

دێوانەیی "هتلەر"ەوە گرێ بدەن، بەڵام ناکرێت فیکری "نیچە" بۆ ئەو کورت بکرێتەوە، چونکە فیکری ئەو فرە رەهەندەو هەمەلایەنە.

"نیچە" داخ لەوە دەخوات کە "پلاتۆ" شاعیرانی لە کۆمارەکەی کردە دەرەوەو لەگەڵ "سوکرات"یشدا، میتۆلۆژیالە ئەقڵ جیا بووەوە. بەر لەوە لەیۆناندا شیعرو فەلسەفە یا خۆد میتۆلۆژیاو ئەقڵ، پێکەوە دەژیان و لەیەک جیا نەبوون. واتە مرۆڤ تا ئەوکاتە یەکگرتووکۆکراوەبوو، دوای ئەوە دابەشبوو، بەمەش هۆشیاری مرۆڤ دوچاری پەژموردەی و دەردەسەری بوو. لێرەبەدواوە مرۆڤ ئیسراحەتی لێبڕا، لەبەر ئەوەی ئەقڵیان لە لایەک بوو، دڵیشیان لەلایەکی دی. هەربۆیە "نیچە" لە کتێبە زۆر دانسقەکەیدا (گورانی تراژیدیا)، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی فەیلەسوفەکانی پێش "سوکرات"، وەک "هێرا کلیت" و "پارامنیدس" و.... هتد. لێرەوە تورەیی خۆی بەسەر "سوکرات" و "ئەفلاتون"ی قوتابیدا خاڵی دەکاتەوەو هەندێ جاریش ئەو کارە زۆر بەتوندی و زبری ئەنجام دەدات.

هەر چۆنێک بێت "هاپر ماس" خۆی کردۆتە داکۆکیکار لە کەلەپوری ئەقڵانیەتی خۆرئاوا کە "کانت و هیگڵ" و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، بەشێوەیکی گشتی نوێنەرایەتی دەکەن. بێگومان "هاپرماس" لەگەڵ ئەو داکۆکیکردنەشدا، ڕەخنە لە کەموکوڕی و لادانەکانی ئەقڵانیەتیش دەگرێت. فەلسەفەی ئەقڵانی بەجۆرێک لە جۆرەکان، درێژەپێدەری ئەقڵانیەتی یۆنانیە کە "سوکرات" و "پلاتۆ" و "ئەرەستۆ" دیارترینیانن.

"هابرماس" لەبەر ئەوەی نایەوێت جارێکی دی ئەزمونی مالوێرانکەری نازیزم دوبارە بێتەوە، بۆیە ناچار دەبوو بەر فەیلەسوفانی فەرەنسی بکەوێت، ئەوانەی تەنها سوێند بە "نیچە" دەخۆن و جگەلە لێکشیتاڵکردنی ئەقلانیەت و میتافیزیکای خۆر ئاوا، خەریکی هیچی دیکە نین. لێرەوە گەورەترین مشتومڕی فەلسەفی دروست بوو، مشتومڕێک کەلە ئێستادا و لەخۆرئاوا لە نێوان هەوادارانی "نیچە" و نەیارانی "نیچە"، یان لەنێوان ئەقلانیەکان و نا ئەقلانیەکاندا، یا خود لە نێوان کانتیەکان و نیچییەکاندا لە ئارەدایە. تەوەری سەرەکی ئەم مشتومڕانەش: (هەڵسەنگاندنی میراتی مۆدێرنەی خۆر ئاوایە)، چی لێوەرگرین و دەست بەرداری چیشی بین؟... چۆن بتوانین مۆدێرنە بژار بکەین، بەجۆرێک لایەنە پۆزەتیفەکانی بهێڵینەوەو هەرچی لایەنە نێگەتیڤ و خراپەکانیشیەتی، وەلاوەی بنێین؟

سالی 1991 لە پاریس چەند فەیلەسوفێکی لاو، هەستان بە کۆدیتا کردن بەسەر "نیچە" و خوێندکارە فەرەنسیەکانیدا وەک: "فۆکۆ، دێریدا، دیلۆزو...هتد". ئەو فەیلەسوفەلاوانە پێکەوە کتێبێکیان بلاوکردەوە، بەم ناونیشانە: (ئێمە بۆچی نیچەیی نین؟). لە پێشەکی ئەو کتێبەدا هاتووە : (ئێمە سەربەو نەوە خوێندکارەین کەلە شەستەکاندا فیکرو فەلسەفەیان خوێندووە... لەو سەردەمەدا مامۆستاکانمان ئەو ناوە دیارانە بوون کە کایەی ڕۆشنبیری فەرەنسیان کۆنترۆڵ کردبوو، وەک: فۆکۆ، دیلۆز، دێریدا، ئالتۆسێر، لاکان. ئەمانە

Scanned by CamScanner

بەجۆرێک لە جۆرەکان پێیان دەوتین: فەلسەفەی ڕۆشنگەری جگە لە ئەفسانەیەکی ڕەش و چاوبەستەکی، شتێکی تر نیە. هەروەها لایەنگەرانی فەلسەفەی هیومانستی و ئەقلانی وەک: مۆریس میرلۆپۆنتی، بوو بوونە شتێکی کۆن و بەسەر چوو. دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی سارتەر بڵێین، ئەو بیریارەی زۆربەمان کاتی خۆمان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تەرخان دەکرد. لە کایەکەدا ئەوانەی کەمابوون تەنها فەیلەسوفە بەدبین و بەدگومانەکان بوون، واتە مارکس و فرۆید و هایدگەرو ئەڵبەتە نیچەش. ئەمە ئەو سەرچاوە فیکریانە بوون کەلەو ئان و ساتەدا کۆنترۆڵی زانکۆکانی فەرەنسەیان کردبوو)... فەلسەفەی گومانکاری و بەدبینی کە "فۆکۆو دێریداو دیلۆز" لەژێر کاریگەری "نیچە"دا پەیرەویان دەکرد، یانی چی؟

بەمانای متمانە نەکردن بەپاکێتی هیچ کەس و هیچ دەقێک. ئەم فەلسەفەیە کاتێک لەبەردەم دەقێکدا دەوەستێت دەپرسێت: (کێ ئەم دەقەی نوسیووە و بۆچی نوسیویەتی؟ یان بەرژەوەندی شەخسی ئەو کەسە لە نوسینی ئەو دەقەدا چییە؟ چی هانی داوە ئەوە بنووسێت؟). بەمجۆرەو لەناو فەزایەکی پڕ لە گومانکاری ئاوادا، هیچ بوارێک بۆ بیرکردنەوەی بابەتی نامێنێت. کەواتە هەموو شتێک جێ گومان دەبێت و ناچار دەبین، هەموو تەمەنی خۆمان لە لێک شیتاڵکردنی تێکستە فەلسەفیەکانی پێشتر دا بەسەر بەرین، بێ ئەوەی بیر لە بونیاد نانی فەلسەفەیەکی نوێ بکەینەوە، فەلسەفەیەک

Scanned by CamScanner

لەسەر ئاوەدانی دروست بوو‌بێت نەک وێرانکاری، ئیجابی بێت نەک سلبی.

لە شوێنێکی تری ئەو کتێبەدا، ئەو پۆلەفەیلەسوفە لاوە دەڵێن: (نابێت فەلسەفەی مۆدێرن هەمووتەمەنی خۆی لە لێک شیتاڵکردنی فەلسەفەکانی پێش خۆیدا بەسەر بەرێت، بەڵکو دەبێت پەیوەندی لەگەڵ کەلەپوری ئەقلانیدا گرێ بدات، واتە کەلەپوری گەورەو گرانی ڕۆشنگەری و کانت و هیگڵ و سەرجەم هەوادارانیان.. بێزار بووین لە لێکشیتاڵکردنی ئەو کەلەپورەو تارومارکردنی لە لایەن فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن و نیچەویە ئانارشیستەکانەوە. ئێمە نابێت لەمرۆ بەدواوە بە هیچ شێوەیەک شەرم لەو کەلەپورە ئەقلانیە گەورەو گرانە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم کەلەپورە ئەقلانیە بووە مایەی دروستکردنی شارستانیەتی نوێی ئەورووپی. ئەو شارستانیەتیەی دەتوانین بڵێین مەزنترین شارستانیەتە لەسەر گۆی زەوی، بە هەموو کەم و کورِی و پۆخڵەواتەکانیەوە، چونکە تەنها شارستانیەتێکە بە شێوەیەکی بێسنوور ڕێگەبە ئازادی بیرکردنەوەو ڕەخنەگرتن بدات. هەر ئەویشە بەتەنها توانیویەتی کۆتایی بە فێندە مێنتالیزمی ئایینی و دادگاکانی پشکنین بهێنێت و بنەماکانی تۆلێرانس و ئازادی دیموکراسی دابمەزرێنێت کە ئەمرۆ لێیان بەهرەمەندین).

بێگومان لەبەریەک هەڵوەشان، واتە لەبەر یەک هەڵوەشانی میراتی کەڵەکەبوی مۆدێرنە، دوای ئەوەی لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا لە مەبەستە پیرۆزەکانی خۆی لایدا، کارێکی

Scanned by CamScanner

پێویست و گرنگ بوو، بەڵام نابێت هەر بە دیار ئەوەوە دابنیشین، بەڵکوو دەبێت دورتر بڕۆین و بگەینە دوای ئەویش. کاتی ئەوە هاتووە فەلسەفەیەکی نوێ بێنینە ئارا، فەلسەفەیەک "فردریک نیچە" و قۆناغەکەی و هەوادارانی و تەواوی ڕەخنەگرانی مۆدێرنە تێپەڕێنێت.

ئەم فەیلەسوفە لاوانەی کە داکۆکی لە میراتی ڕۆشنگەری دەکەن، هەموویان لایەنگری "یۆرگن هابرماس"ن، واتە لایەنگری ئەو فەیلەسوفە ئەڵەمانیەن کە ئێستاکێ لە خۆرئاوا، بە یداخی ئەقڵ و ئەقڵانیەتی بەرز کردۆتەوەو دەیەوێت بەگژ ئەو ئاقارە نهلستی و ئانارشیستیانەدا بچێتەوە کە هەرەشەن بۆ سەر دەسکەوتە گرنگەکانی مۆدێرنە، لەپێش هەمووشیانەوە دەوڵەتی یاساو دامودەزگا دیموکراسیەکان.

هیچ کەسێک بایەخ و گرنگی یاسا نازانێت، گەر لە کۆمەڵگەی جەنگەڵستان و گورگەکاندا نەژیابێت، کۆمەڵگەیەک کە مۆڵگەی زوڵم و زۆرو ستەمکاری و بەرتیل خۆری و گەندەڵی ئیداری و بێیاسایی بێت... بۆیە دەڵێین: (ئەی فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن لەسەر خۆبن و نەکەن دەسکەوتەکانی مۆدێرنە لەناو بەرن، ئەو دەسکەوتانەی تا بەدی هاتن بە درێژایی سێ سەدە، چەندین نەوە قوربانیان لە پێناویدادا، دوای ئەوەی شەقامەکانی پاریس و تێکڕای پایتەختەکانی ئەوروپا چەندین جار خەڵتانی خوێن کران).

Scanned by CamScanner

"نیچە"و ڕوناکی

پیاتریس کۆمۆنگی

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

بەرایی:

سـالانێک بەرلەوەی ئەقڵـی گەش و درەوشـاوەی لەدەسـت بدات، "نیچە" بەبەردەوامی دادوبێـدای بوو لەدەست تاریکی و سـەرما و سـۆڵەی زسـتانی دوور و درێـژی ئەڵمانیـا. زۆر بە تاسـەی گەرمـا و رووناکی کەنارەکـانی دەریـای ناوەراسـتەوە بوو.. هەربۆیە زنجیرە شـاخەکانی ئەلبـی بڕی بەرەو ئیتاڵیا و باشووری فەرەنسا، بۆ ئەوەی قوتاری بێت و ئازادی و زیـاتر و زۆرتری دەسگیربێت.. سـەروەختێک خۆری باشوور بەتیشکە پرشـنگدارەکانی سەرشـاری کـرد، "نـیچە" هەسـتی کـرد بەیەکجاری لە دەست ئەقلیەتی رەق و سـەختگیری جێرمـانی و هەروەها لە چنگ سانسۆرو مۆرالی مەسیحییەت ڕزگـاری بووە. بەم جۆرە و شەڵاڵ بەتیشکی خۆر، ڕووە و ژیانێکی دروست و پڕ جۆش و خـرۆش دەروات. لە دامێنـی ئەو چیایەی لە کەنار دەریـاچەی (سـیلفا بلانکـا) دایە لە (سـیلیس ماریـا)، "نـیچە" لەبەر تاریک داهاتنی چاوە مانـدووەکانی و لە ماندوێتی شـەوە سپیەکانی و لە دەسـت سەرئێـشە و هـاتوچۆی بەردەوامـی لە سەرماو سۆڵەدا، لە پڕێکدا ئێستێک دەکات و دەوەستێت، ئیتر لێرەدا (زەرادەشت، سـەما کەر) لە دایـک دەبێـت. لەو کـاتەوە ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیدا دەچەسپێت و بەری نادات. لەگەڵیـدا دەبێت لە (سیلیس ماریا) وە بۆ (جەنەوا)، لە (جەنەوا)شـەوە

Scanned by CamScanner

بۆ (نیس). لەم هاتوو چووەشیدا بۆ ئاسمانێکی پاک و بێگەردتر و لە ئاوو هەوایەکی سازگارتر دەگەڕێت. ئەم نووسینەی لێرەدا دەیخوێنینەوە، بەشێکە لە کتێبی (سەماکانی نیچە) کە لە نووسینی خاتو "پیاتریس کۆمۆنگی"یە بە ناونیشانی (نیچە و ڕۆشنایی).

"پیاتریس کۆمۆنگی" ساڵی 1949 لە وڵاتی جەزائیر لە دایکبووە، ئەم کتێبەی لە ساڵی 1988دا بەچاپی گەیاندووە و لەلایەن خانەی (گالیار)ەوە بڵاوکراوەتەوە.. بەشێوەیەکی شاعیرانەی نەرم و نیان، باس لە ساڵانی ڕۆشنایی "نیچە" دەکات.

*** *** ***

ئاخۆ بۆچی ئەو پایزە، پایزی ساڵی 1882، وەرزێکی زۆر سیاچارەو شێدار بوو، لەوێ لە کەنارەکانی خۆرهەڵات؟ ڕوناکی کوێوە چووبوو؟ ئەی کەشو هەوا بۆ وا سارد و باراناوی بوو؟ ئەوە چەند هەفتەیەکە و "نیچە" لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی خۆردایە.. ڕۆژی 23/تشرینی دووەم "نیچە" (جەنەوا) جێدێڵێ و ڕوودەکاتە (ڕابالۆ)، لەوێ لە ئوتێلێکی بچووکدا کە ناوی، (Albrgo della posta) بوو، ئۆقرە دەگرێت.. ژوورێکی بە نسیب دەبێت کە کورەیەک و بالکۆنێکی تێدا دەبێت و بالکۆنەکەشی بەسەر دەریادا دەڕوانێت.. ئەو ئاگرەی هەموو شەوانێک بۆی خۆش دەکەن، تۆزقاڵێک وەهمی گەرمایی دەداتێ. لە ناو جێگاکیەوە شەوانە گوێ بیستی شەپۆلەکان دەبێت. شەوانی بێ ئەستێرە و بێ مانگە شەو و بەتەنهایی

Scanned by CamScanner

خەون بە بەرزاییەکـــان و بە ڕوونـــاکی و بە کەش و هەوای مەکسیکەوە دەبینێت، چونکە ئەوانە دەتوانن تەندروستی لە دەستچووی بۆ بگێرنەوە. هەموو ڕۆژێک بە هیوای ئەوە بوو، بتوانێت وەک جاران بەباشی بخەوێت، بەڵام ئەوە مەیسەر نابێت و دەستی پێی ناگات. ئیتر ناچار چەند دەنکێک لە (کلۆرال) دەکاتە کوپێکەوە و دەیخواتەوە، ئەو کات بەبێدەنگی نوقمی بێهۆشی دەبێت. بەیانی کە هەڵدەستێت سەیر دەکات ئاسمان هەر وەک دوێنێ وایە هەورو هەڵاو تاریکیە.. ئەمەش پەست و خەمباری دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەپشت ئوتێلە کەیەوە چیای (Allegro) هەیە واتە چیای بەختەوەری و لەوێدا ترووسکای ئومێدێک هەیە.

ئەی لە شاری (جەنەوا)ش پەی بە (زانستی شاد) نەبرد. هیچی لە بیر ناچێت.. سەرباری سەرماو سۆڵە، لە گەڕان و هاتوچۆکانی بەردەوامە. سەرەڕای ئەو بێدەنگیە قوڵەش، هەر دەڕوات و ڕاناوەستێت. بڕیاری داوە وەها ژیان بکات کە سڵ لە هیچ نەکاتەوە و بەوپەڕی هێزو بڕوا بەخۆبوونەوە، لە سەرپێی خۆی بوەستێ. گالۆکەکەی هەڵدەگرێت و لەژێر نمە باراندا و بەو ڕێگەیەی بەرەو (زواگلی) دەچێت، دەست بە ڕۆیشتن دەکات. ئاسۆ پەڵەهەوری زۆر گرتوویەتی و ئومێد نیە لا بچێت و خۆر دەر کەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا "نیچە" درێژە بە ڕۆیشتنی خۆی دەدات. ڕێگاکە بەسەر دەریادا دەڕوانێ و کە دەڕوات هەوڵدەدات، پێی نەکەوێتە گۆم و گۆلەکانی سەر ڕێگا. یەک ڕەنگ لەو ناوەدا نیە، ڕەونەقێ بە پیاسەو هاتوچۆکانی

Scanned by CamScanner

بدات. سروشت وەک ئەم، چاوەڕێی خۆرەتاوە تا بگەشێتەوە. ئەو دار سنەوبەرانەی بەسەرگردەکانەوەن، وێنەیەکی ڕەشیان لە ئاسماندا کێشاوە و دار زەیتونەکانیش وەک باران خۆڵەمێشی دەچنەوە. "نیچە" لەو ڕێیەدا هەر خۆییەتی، بە تەنها و بە خێرایی هەنگاودەنێت. سەرباری ئەو قوڕەی لە هەندێ شوێندا، زەوی لوس و خلیسک کردووە. بەلای ئەوەوە جوڵە فریاد ڕەسە، هەر بۆیە خۆی داوەتە دەست ڕێتمی هەنگاوەکانی سەر ئێشەو ژان و ژاری شەو، تەواو بوو.. ئەوە تانێ وەها دەڕوات، وەکی ئەوەی بارێکی قورسی لەسەر شان نەمابێت. لە خواری ڕێگاکەوە، دەریا نائارامە و هیچ کەشتیەک دیار نییە.

هەموو شتێک تێکەڵ بە دیمەنێکی خۆڵە مێشی دەبێت.. درەختەکان ناوی خۆیان بزرکردووە . سەرباری ئەوە، باران خۆش دەکاتەوە و لەڕێ ڕۆیشتن زۆر ئاسانتر دەبێت. جەستە هەست دەکات تا کەش و هەوا گەرمتربێت، بە ختەوەری زیاتر دەکات. ئەو ئایدیا و بۆچونانەی تا ئەوکاتە کۆت کراوو مت بوو بوون، هەنوکە بە ئاگادێن و ڕاست دەبنەوە. ئەو بێدەنگیەی تەوقی داوە، ترسی نیە.. وا بۆسەعاتێک دەچێت، دەڕوات و ڕێگە دەبڕێت. هیچ دەنگێک نییە، جگە لە دەنگی ئەو شەپۆلانەی بەرتاشەبەردەکان دەکەون.

"نیچە" نایەوێت گوێ بیستی ئەو دەنگە بێت، چونکە شەوە درێژ و ناخۆشەکانی بیردەێننەوە.هەنگاوەکانی خاو دەکاتەوە و هێواش دەڕوات، وەک ئەوەی بیەوێت دڵنیا بێت لەوەی کە جەستەی لە دۆخێکی باشدایە. (گەران و هاتوچۆی دورودرێژو

Scanned by CamScanner

بەردەوام، شێوازی ژیانکردنێکی زۆر سادە و ساکار، پشێویەک لە ئامێزی سروشدا، ماندوێتی نەبراوە). ئایا ئەمە ئەو ئامزازانە نییە کە "قەیسەر" بە کاری دەهێنا، تا خۆی لە نەخۆشی و پەتا پێ بپارێزێت ؟ ماندوکردنی جەستە، بۆ خاتری ئازادکردنی هزر و بیرکردنەوە. "نیچە" لە گەران و هاتوچۆکانی ئەمەی دەویست، بەڵام پێدەچێت هەر ئەمە بەس نەبێت. سەرباری نەبونی روناکی، دەیویست ئاسمانیش لەو تیشکە تەڵخ و رەشباوە رزگاری بێت. ئایدیا و بیروبۆچون، لە مێشکیدا جمەیان دەهات، سەرەرای ئەوەش نەیدەتوانی دەقێکیان لێ دروست کات. ئەوە چەند مانگێکە لەم شوێنەیە، بەڵام نەیتوانیوە تەنها رستەیەک بنوسێت. لە نێوان هەموو دووشەوێکی سپیدا، تێبینی و سەرنجەکانی کەڵەکە دەبن. کە ناتوانێت بنوسێت، تەنها هەر گوناهی ئاسمان نیە کە خۆڵەمێشیە. یان دنیا ساردە یاخود گەدەی ئازاری هەیە، نەخێر، تارمایی دەموچاوی خانمێکی روسی بەدوایەوەیەتی (دەموچاوی لۆسالۆمی) کە لە بەهاردا لە شاری رۆما پێی ئاشنابوو..

ساتەوەختێ پێی وابوو فریشتەیەک ئەو خانمەی بۆ ناردووە، تاکو لە ئازار و باری قورسی تەنهایی کەم کاتەوە.. پێکەوە چوون بۆ (ئۆرتا) لەسەر کەناری دەریاچە و لەسەر (چیای پیرۆز) پێکەوە گەڕان، ئەمەش لە سەرەتای مانگی ئایار دا بوو.چونە سەرگرد و تەپۆڵکەکان و بە رێگایەکی تونا و تون زۆر قەشەنگ و دڵرفێندا رۆیشتن و ئەو رێگایەش بەرە و کلێساکان دەچوو کە دەکەوتنە پشتی گۆرستانێکەوە.بێ پەروا لەم کڵێساوە دەچوون بۆ ئەو کڵێسا . ژمارەی کڵێساکان

Scanned by CamScanner

بیست دانەیەک دەبوو ."نیچە" لەوکاتەدا حەزی دەکرد نەک بیست،بگرە هەزار کلێسا ببینێت.

لە بەرزاییەکان و لە بەردەم کڵێسای (San Nicolqo) پێکەوە وەستان بۆ ئەوەی لە دوورگەی (San Giulio) رامێنن، دوورگەیەک کە شوێنێکی سەیری هەیە لە ناوجەرگەی دەریاچەکەدا. زۆر نزیکە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دوور دیارە و ناتوانن بیگەنێ. لەوکاتەدا بە "لۆ" دەڵێت: (ئەمە خۆشترین خەونە لە ژیانماندا) و "لۆ"ش باوەری پێدەکات، بەڵام "نیچە" زۆر لەوە زیاتری دەویست و حەزیدەکرد هەرگیز بەجێی نەهێڵێت. کەچی "لۆ" رازی نەبوو شوی پێ بکات. لەگەل ئەوەشدا ماوەی سێ هەفتە لە مانگی ئابدا و لە (Tautenburg)، لەلای " ئەلیزابیس"ی خوشکی مانەوە.

"نیچە" پێیوابوو میراتگرێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئایا ئەوە خەیاڵ بڵاونەبوو؟

"نیچە" گوندی (زواگلی) بەدی کرد، ئەو گوندە سنوری خواروی شانشینەکەی ئەوبوو. هەرگیز لەوە دوورتر ناروات و ناچێت بۆ ئەودیوی ئەو گوندە .ئەو رووبەرە بۆ ئەوگونجاوە و هێزوتوانای ئەویش هەرئەوەندە بردەکات. هەرچی "لۆسالۆمی"یشە، ئەوا هەڵەیەکە . ویستگەیەکی هەڵەیە، لە رێگە عارفێکی وەک ئەو دا و نابێت لە رێگەی خۆی لابدات. دەبێت تەنها بێت،گەر بیەوێت ئەفراندن بکات و شتی نوێ بخولقێنێ . لە خواریەوە دەریا رەنگی زەیتونێکی زیویی پۆشیبوو. هەواش هێندە سارد بوو، رێگەی وەستانی نەدەدا.. کواتیشکی (ئۆرتا) و کەی دەگەرێتەوە بۆلای؟ ئەی کەنگێ ئەو مندالە دادەنێ کە بۆماوەی هەژدە مانگە لە هەناویدا

Scanned by CamScanner

هەڵیگرتـوە ئەوە لە مـانگی ئـابی سـاڵی 1881 دابـوو لە (سیلیس ماریا)، و لە ڕۆژێکدا بوو کە شەش هەزارپێ لە سەر و مرۆڤ و زەمەنەوە راوەستابوو. ڕۆژانە لە بەیانیەوە بەتەنها لە (ڕابالو)وەوە دەکەوتەڕێ، هێندەی نەمابوو بگاتە (سۆرلاچ) کە دەکەوتە ئەوبەری دەریـاچەکە، دەریـا چەیەک شـین وەک ئاسمانی وەرزی هاوین.

گوێی لە هـاژەی ئەو ئـاوە دەگـرت کە بەلاپـاڵی شـاخەکان و بەنـاو دارسـنەوبەرەکاندا و دەهـاتە خـوار . لە کەنـار ئـاوەکە و لای چەپیەوە تاشـەبەردێک لە شـێوەی هەرەمێکدا راوەستاوە، چەندین جار بەبەردەمیدا ڕۆیشتووە، بێ ئەوەی بیبینێت. خۆر لە ئاوابووندا بوو، هەواش پـاک و بێگەرد بـوو. گەر چاوەکانی دابخـستایە، وای بە خەیاڵـدا دەهـات کەلەسـەر بەرزاییەکـانی مەکسیکە لەسـەر کەنارەکـانی زەریـای هـێمن (بۆنمـوونە: لە ئەواکساکا)، یان لە هەر جێیەکی بەرزوبڵنـدی دیکە کە.مـرۆڤ لەو جێگایانەدا لەدەست دۆش دامان و بێ حەوسەڵەیی قوتاری دەبێت و دواجار دەتوانێت سەما بکات!

بەڵام"نیچە" نەک هەر چاوەکانی دانەخـست، بەڵکو گەربـۆی بکرایە هەمـوو جەسـتەی دەکـرد بە چـاو، تـا وێـنەی تەواوی وردەکاریەکـانی ئەو چرکەسـاتە ئەبەدیە بگرێـت. تـۆبلێی لەوکاتەدا لەنـاخی خۆیـدا هـاواری کردبێتـو وتبێتـی: (باشـوور ئەبەدیەت). نەخێر، بە هۆی واق وڕمانیەوە نەیتوانی . هەروەها بەهۆی ئایدیایەکی نوێـوە کە لەداڵـغەی دابوو، نەیتـوانی (ئەو ئایدیا نوێیەی ژیانی دەگۆڕێت)، نەیتوانی.

ئەوەتـانێ دواجار دەسـت بەفـڕین دەکـات و دەچێـتە سـەرو زەمەنەوە، تـا بەرە و ئەبەدیەت بچێـت. لەوسـاتە وەخـتەدا

Scanned by CamScanner

هەستدەکات بەختەوەرە و ژیانێکی پراوپڕ ژیاوە ئەگەرچی بەدڵ و بەجەستەش ئازاری چەشتووە (ئەی جەستەی هەمیشە ڕێ نیشاندەری نەبووە؟ ئەی جەستەی بەنەخۆشی و دەردەداری بەردەوامیەوە، ناچاری نەکرد لە خەڵک و خوا دوورکەوێتەوە و وای لێبێت لەماوەی دووساڵدا ببێتە فەیلەسوفێکی و یڵگەرد.. لە بال دەریکرێت، وەک چۆن ئەمبا دۆکلیس لە ئەگریگانت شاربەدەرکرا؟ ئەی ئەوە هەر جەستەی نیە کە هەست دەکات لەوێدا و لە ژێر خۆری هاوینێکدا و لە بەرزایی شەش هەزار پێ لەسەر و مرۆڤایەتییەوە، رزگاری بووە؟).

ئەبەدیەت لەشوێنێکی دیکە نیە، ئەبەدیەت بریتیە لە ژیانی خۆمان و لەوەی ئێستا و لێرەدا دەیگوزەرێنین.. ئەوە بۆیەکەمین جارە ئەم دنیایە کامڵ دەبێت.. گرنگ ئەوەنییە بزانین، گرنگ ئەوەیە بژین.. پێویستە لەسەرمان بە ژیان بڵێین بەڵێ و بەڵێ بۆ خۆشی و تەندروستی بکەین. (کێ پێغەمبەری گەڕانەوەی هەمیشەیی دەبێت؟ کێ دەتوانێت مرۆڤی باڵا بپارێزێت، ئەو مرۆڤەی نایەوێت تەنها بەوە رازی بێت کە هەیە، بەڵکو دەخوازێت سەرلەنوێ شتەکان وەک خۆیان ببینێت؟).

لە ڕێگای (زواگلی)، هێشتا هەر باشوور نادیارە.. لە تەم و مژی سارد و سڕی مانگی کانونی یەکەمدا کە سەرما نەک هەرگۆشت ئێسقانیش دەسمێت، تیشکی خۆر زۆر کز و لاوازە و بە هۆی سەرما و سۆڵەشەوە، بۆی ناکرێت لەسەر لقی درەختێک دابنیشێت. ناتوانێت قەڵەمەکەی دەربهێنێت.

Scanned by CamScanner

دەستەکانی شین و مۆرهەڵگەراون.. سەرلەنوێ دەست بەری ڕۆیشتن دەکاتەوە.. کات نیوەڕۆیە و ئەو هەر لەسەر ڕۆیشتن بەردەوامە. دەڕوات و لە مێشکی خۆیدا شت دەنوسێت. هەنوکە هەست دەکات، زۆر زیاتر بەگوڕترە و متمانەی زیاتری بە خۆی هەیە.

ئەوەتا دارستانەکەی تەی کردو ڕووە و (رابالو) دەچێت. هەندێ جار بەردێک لە ژێر قاچی دەترازێت و تۆزێک هاوسەنگی تێک دەچێت.باران خۆشی کردۆتەوە، بەڵام زەوی هەر تەڕە، بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی بە درێژایی ئەو پایزە باری. لە ڕێدا، کەسی توش نەهات.. هەر خۆیەتی بە تەنها، تەنها لەگەل ئاسمانی زستانێکی بێدەنگدا کە چاوەڕێی بارانی بەفری لێدەکرا.. "نیچە" تەنها بوو وەکی "هیراکلیس" کە ڕووی لە شاخەکان دەکرد تا رابمێنێ و بیربکاتەوە. تەنها بوو، وەک "ڤیلۆکتات"، ئەو حەکیمەی مارپێوەی داو میللەتە کەشی لە دورگەیەکی قات و قریدا فەراموشیان کرد و نەچون بەلایەوە.

تەنها و تەنها وەکی "پرۆمیسیۆس" بەسەر بەردەکەیەوە. تەنها وەکو " ئەمبادۆکلیس" لە کوچە و بانەکانی تاراوگەدا.لەو کاتانەدا وشەکانی "ئەمبارۆکلیس"ی بیردێتەوە کە دەڵێت: (لەم لوتکەوە بۆ ئەو لوتکە.. وتار و ڕێنوماییەکانم نابێت یەک ڕێگا بگرن). یان ڕەنگە وێنەی "زەرادەشت"ی پەیامبەری لەخەیاڵدا بێت، باوکی مۆراڵ و ئایین و چاکە و خراپە.. وا بۆ هەژدەمانگ دەچێت چاوەڕوانی یەکێکە پێی بلێت (بەڵێ)، لەوکاتەی کە سەما دەکات. چاوەڕوانی کەسێکە وشەکان

بگۆرێـت بـۆ نـۆته و ئـاواز، یەکێـک بتوانێـت پێبکەنێـت و بەختەوەربێت. کەسێک که به هەوای پاک و بێگەردی لوتکه بەرزەکـان بـژی و هەمـوو رۆژێکـیش لەگەڵ هەڵاتنـی خـۆردا، سەرلەنوێ له دایک بێتەوە.

به تەنها له چێشتخانەی ئوتێلەکەدا نان دەخـوات و هەندێ جاریش که سەرئێشه زۆری بۆ دێنێـت، خـواردنێکی سـوک داوا دەکات و له ژورەکەیدا ئۆقره دەگرێت.. دوای نیوەرۆ دەست به گەران دەکـاتەوه به درێژایـی کەنارەکـانی کەنـداوی (سـانتا مارگریتا).دا دارخورماکانی ئەو ناوه یارمەتی دەدەن تاخەون به ئاسـمانی خـۆرهەڵاتەوه ببینێـت، دوور له ئەوروپـای تاریـک و نوتەک و تەومژاوی و دڵتەنـگ. هەر ئەوەنـدەی دوایـن خـانوی (سانتا مارگریتا)ی بەجێهێشت، ئیتر "نیچه" تەنها هەرخـۆیەتی و ملی رێگا دەگرێت. رێگاکه تەختـه و رۆیـشتن بەوێـدا، زۆر له رۆیشتن به رێگـای (زواگلـی)دا خۆشـتره. ریتمـیِ هەنگاوەکـانی یـارمەتی دەدەن، رابمێنـیٚ و بیربکـاتەوه. گەر شـەودانەهاتایه، لەسـەر رۆیـشتن و گەرانـی خـۆی بەردەوام دەبـوو.. تۆزقاڵێـک کات ماوه، بۆ ئەوەی بگاته گونـدی (بۆرتۆفینـۆ).. ئەم گونـده خانووەکانی زەرد و سەوز و سورن. وەها دێنەپێش چـاو، وەک ئەوەی شانیان به شانی یەکەوه نابێت و حەز بکەن شوێنێکیان له دەوری بەندەر بچکۆلەکه هەبێت .

لەوێدا سـەرلەنوێ ئـاوێزانی زینـدەگی دەبێـتەوه.. بۆ چرکه ساتێک گوێ له هات و هاوار و قیژەقیژی منـداڵان رادەگرێـت و له هەنـدێ لەو راوچیـانه رادەمێنـیٚ که تۆرەکانیـان هەڵـدەدەن.

دوای ئەوە دریـژە بە رۆیـشتنی دەدات، لەو ریگـایەی تادیـت تاریکتردادیـت. بـاران نمەنـم دەباریـت. هەنگاوەکـانی خیراتـر دەکـات، بـۆ خـاتری ئەوەی بگـاتەوە ژوورەکەی و نزیـک لە ئاگردانە بچوکەکەی دابنیـشیت. هەرچەنـدە بـاش دەزانیت کە شەویکی سپی دیکە چاوەریی دەکات. لەو وەرزانەشدا شەو دریـژە، دریـژە تـا ئەو رادەیەی نـا بـریتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا دانبەخۆیدا دەگریـت و تەسلیم نابیـت. وا راهـاتووە، بەرامبەر گشت شتی خۆی رابگریت. بەرامبەر بە سەرماو تەنهایی و ئازار و بیتاقەتی. هەست و سۆزی دەیسوتینن و چەندین نـامە بـۆ " لۆسالۆمی" دەنوسیت، بەڵام هەرگیز بۆی نانیریـت. لەونامـانەدا دەیەویت حاڵی خۆی بۆ باسبکات: (هەمـوو رۆژیک هەست بە نائومیدی قـوڵ دەکەم و لەخـۆم دەپرسم چۆن دەتـوانم ژیـان بگوزەرینم؟ من هەرگیز ناخەوم.. ئاخۆ ئەبیـت هەشت سەعات لە پی رۆیشتن لە رۆژیکدا، کەڵکی چی بیت!).

هەمـوو شـەویک بـری خـواردنی (کلۆرالەکـان) زیاددەکـات، رەنگە بەو هیوایە بیت کە جاریکی تر هەڵنەستیتەوە و بە ئاگا نەیەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـیکی هەر لەململانـی و خۆشویـستنی ململانـی ناکەویـت. لەبەر ئەوەی ململانـی چاوەروانییە. کرسمس دیت و ئەو هەر خـۆراگرە، هیچ شتیک کـوڵی پینـادات . دەردونەخۆشـی ئـامرازیکی دیـکەن، بـۆ تیگەیشتن و قوڵبونەوە لە ژیاندا. رەنگە باشـترین ئـامرازیکیش بیت، چونکە بەناو جەستەدا گوزەر دەکـات. لەیەکەم ئیـوارەی ساڵی 1882 دا بۆ " ئۆفەربیک"ی هاوریی دەنوسیت : (ئیـستا

Scanned by CamScanner

چی روودەدات؟ لە راستیدا بازدان بەسەر خۆمدا، بەلای منەوە گەورەترین هێزە بۆم. لەم رۆژانەدا من بیز لە ژیانم دەکەمەوە، بەخۆم دەڵێم: هەتا ئێستا من هیچ شتێکی دیکەم نەکردووە.. کەواتە با ساڵی تازە پیرۆز کەین و بائەمساڵیش سەر شار بێت یان بە خۆشی یاخود بە ناخۆشی، گرنگ ئەوەیە بژین و تەواوی هێز و توانای خۆمان بەگەڕخەین).

زستان هاورێیەکی مەلولە، بەڵام دواجار هەر رووناکی سەردەکەوێت.هێندە بەسە کە هەموو رۆژێک بچین لە جێگا زۆر بە رزو بڵند و لە شوێنە زۆر دوورەکاندا، سۆراخی کەین.

تەنهایی "نیچە" زیاتر و زیاتر دەکات و چاوەڕێی ئەوەیە کە خۆری کانونی دووەم، ئەو گەواڵە هەورانە راماڵێت. (من تا هەنوکە ئەژیم و بیردەکەمەوە.. پێویستە بژیم، لەبەر ئەوەی دەبێت بیربکەمەوە). هیچ نەگۆڕا، پاشان بەفردایکرد و ئەوەتانێ لەبەر سەرما، لە پەلوپۆکەوتووە. مەحاڵە ئاگردانێک دەستکەوێت و رێگای (بۆتۆڤینۆ)ش کەڵکی نەماوە. شەوانە دەنگی شەپۆلەکان دەگاتە ئاستێک، ناتوانێت سەرخەوێک بشکێنێ. هەرچەندە حەبی خەویشی خواردبێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر خۆراگرە و بەرخورد دەکات. (بۆ پێشەوە، بەرە و لوتکە بەرزەکان). لە رۆژی 10ی کانوونی دووەمی 1882 دا نامەیەک بۆ "پیتەر گاست"ی هاورێی دەنوسێت و دەڵێت: (زەمین و ژیان تەحەمول ناکەن، تەنها بەمەرجی ئەوە نەبێت بەرە و لوتکە بەرزەکانیان بەریت. ئەم پەیجورەش تەنها لە دەست خوایەکی سەماکاردێت و منیش وێڵم بە دوای ئەوخوایەدا !).

Scanned by CamScanner

کەواتە ئەو چاوەڕێیە، بەدڵنیایی و پشودرێژیەوە چاوەڕێیەوە و دەشـزانێت ئـازادی سـەروکاری لەگەڵ تەنهایـدا هەیە. نـا نومێدانە لەو نهێنیە کیمیـاییە دەگەڕێت کە یـارمەتی دەدات، بـۆئەوەی ئەو قـوڕە بکـات بە ئـاڵتون. شـەو و ڕۆژ خەون بەو زێرەوە دەبێت کە هێشتا بێناوە و ڕەنگە تەنها ناوێکی هەبێت، ئەویش "زەرادەشـت"ە. ناوێـک کەلە مـانگی کـانوونی دووەمی ساڵی 1882دا درا بە گوێیـدا. بـۆچی وەڵامـی ئەو پێغەمبەرە فارسـە نەداتەوە؟ وەڵامـی دەداتەوە، بەڵام وەک پەیامبەرێـک نەک وەک فەیلەسوفێک.

بە سرودێک یـان بە چامەیەک یـاخود بە سەمایەک وەڵامی دەداتەوە. یەکەم شت میوزیک پاشان وشە.هەمـووان گوزارشت لە سەمای ژیان و لە (بەڵێ)ی گەورە دەکەن... هاوسـەنگی لە نێوان سروود و لە نێوان چامە و سەمادا، تەواو وەک ئەوەی لە تراژیـدیای یۆنانیـدا هەیە. لە میـانەی گەڕان و هـاتوچۆ خۆڵەمێشیەکانیدا، لە کەنارەکـانی کەنداوی (سـانتامارگریتا)، تۆبلێی بەخەونی ڕەنگـی شـینی دورگەیەکی یۆنـانیەوە نەبینی بێت؟

ئەوا تەمەنـی گەیـشتە سـی و هەشـت سـاڵان و لە تەمەنـی کاملێدایە.. تەمەنی "ئەمبـادۆکیس" کاتێـک کە (ئەگریگانـت)ی بەجێهێشت، بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەسـت پـێ بکـات. ژیـانی پەیـامبەرێکی وێڵـگەرد (شـایەنی باسـە ئەگریگانـت زێـدی لەدایکبونی ئەمبادۆکلیس بـووم). بەگشتی لەوهـاوینی 1870دا کاتێـک (گـورانی تراژیـدیا)ی نووسـی، هـیچ شـتێک لە ژیـانی "نیچە"دا نەگۆڕابوو.

Scanned by CamScanner

له مانگی کانوونی دووه‌می 1882دا، ده‌توانێت سه‌رله‌نوێ ئه‌م رستانه بنوسێته‌وه: (به‌م سرودانه و به‌م سه‌مایانه، مرۆڤ هه‌ست ده‌كات سه‌ر به گروپێكی به‌رزو بالآده‌سته. ئه‌و مرۆڤه له رێ رۆیشتن و قسه‌كردنی بیرنامێنێت.. هه‌ر بۆیه خۆی سازده‌دات تا به ئاسمانه‌كاندا له شه‌قه‌ی بال بدات و سه‌ما بكات).

پاشان به‌یانییه‌ك ناتوانێت بزانێت چی له ده‌وریدا رووده‌دات. تیشكی خۆر ره‌نگه‌كان به ئاگادێنێت. ده‌ریاش ره‌نگی زیوینی دارزه‌یتونه‌كانی نه‌ماوه، به‌ڵكو شین ده‌چێته‌وه، وه‌كو ئه‌وه‌ی له خه‌ون و خه‌یالدا هه‌یه. زۆرشین باوتر ده‌چێته‌وه، هه‌رچی زیاتر رووه و ئاسۆ سه‌رهه‌ڵبرێت. رێگاكان وشك بوونه‌ته‌وه و له رێ رۆیشتن ئاسانتر بووه. دره‌ختی میمۆزا كه شێوه مردوویه‌ك بوو، ژیاوه‌ته‌وه و ره‌نگی زه‌ردی پۆشیوه. كانوونی دووه‌می پیرۆز، رۆژانێكی پاك و ئارام. ئه‌وه‌تانێ وشه‌كان سه‌رله‌نوێ له ژێر نوكی قه‌ڵه‌مدا سه‌ماده‌كه‌ن: (سه‌روه‌ختێك زه‌راده‌شت ته‌مه‌نی گه‌یشته 30 سالان، شاره‌كه‌ی و ده‌ریاچه‌ی ورمێ به‌جێهێشتو چوو بۆ ناو شاخه‌كان. ته‌نیا ناوی ده‌ریاچه‌كه بزر ده‌بێ. "نیچه" ژیان نامه نانوسێت. زه‌راده‌شت ته‌نها ده‌مامكێكه. روانین به‌ره و خۆرهه‌لات.. ئه‌و نایه‌وێت ژیان بكاته‌وه به‌ر په‌یامبه‌ری Mazda كه له سه‌ده‌ی حه‌وته‌می پ.ز دا ژیاوه، به‌ڵكو ده‌خوازێت ئه‌ستێره‌یه‌كی سه‌ماكار بۆ ژیان زیندوبكاته‌وه).

مووده‌تێكی زۆر "نیچه" هه‌ر ده‌روات و به‌رێوه‌یه. ئیتر له‌وكاته‌وه هه‌موو به‌یانییه‌ك، چه‌ند لاپه‌ره و قه‌له‌مێك

Scanned by CamScanner

هەڵدەگرێت و بە دەگمەن کتێبی پێیە. نیوەڕۆ کاتێک گەرما تاو دەسەنێ و تیشکی خۆر تۆختر دەبێت، ماوەیەک پاڵ دەکەوێت و چاو لێک دەنێت، ئەو چاوانەی بە هۆی زەبری تیشکی خۆرەوە نەخۆش و بیمار دەردەکەون. وشەی تری بە بیردا دێت و دەمارەکانی لەشی خاودەبێتەوە. جەستە یارمەتی هزر دەدات تا پەی بەخۆی بەرێت، ئەمەش پەندە گەورەکەی ژیانە. لە بنەڕەتدا ئەمە پەند و وانەی نەخۆشی و دەردەسەری بەردەوام و تەنهاییە.. ئایا دەبێت دووچاری هەموو ئەمانە بین، بۆ ئەوەی لە مانای تەندروستی تێبگەیی؟ لە رێگای (بۆرتۆفینۆ)، "نیچە" بەباشی نازانێت کە سەما دەکات یان گۆرانی دەڵێت یاخود دەنوسێت. ئاخۆ دەستی بە هارمۆنیەتێکی تەواوی میوزیکی یۆنانی گەیشت، واتە پەی بە هاوسەنگی نێوان شیعر و میوزیک و سەما برد؟

ئەو دەیەوێت وەکی میوزیک شیعر بچرێت و هەروەها وەک سەما، وشەکانی خەڵک و خوا راچەنن. ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەردەم دارسنەوبەرێکی کەنار دەریادا رادەوەستێ و دەپرسێ: (با چەند ساڵێ خەریک بوو تا ئەم درەختە لەم کەنار دەریایەدا هەڵکێشێ؟، بەڵام ئەم درەختە کۆڵی نەداوە و خۆی راگرتووە و ساڵ بەساڵ لق و پۆپی زیاتر و زۆرتر دەردەکات. ئەوەتا دەژی و گەورە دەبێت و لەو کەنارەدا رێک وەستاوە).

دەمەو نیوەڕۆ "نیچە" دەست بە رۆیشتن دەکاتەوە، بەڵام وەک ئەوە وایە جەستەی پەیوەندی بە زەویەوە نەمابێت. ئەو

Scanned by CamScanner

بۆ خۆی ئەو شتانە نابینێ کە خەڵکانی دیکە دەیبینن. ئەو وەکی باڵندە بە ئاسماندا دەفرێت و بەرە و دوور و دوورتر دەچێت..ئەوەی قسە دەکات جەستەیەتی، نەک عەقڵی.

ئەوەتانێ خۆی ئامادە دەکات بۆ بازدان و بۆ سەما و تەنانەت بۆ نوسین بە قاچەکانیشی. هێواش هێواش ئێوارە لە (بۆرتۆفینۆ) دادێت و "نیچە" تا رۆشنایی مابێت هەر دەروات. لەوێ لە پشتی گوندەکەوە خۆی لەبەردەم دیمەنی گشتی کەنداوی (رابالۆ)دا دەبینێتەوە و لەناو دار سنەوبەرەکاندا فرمێسکی خۆشی دەرێژێت، وەک چۆن لە (سیلیس ماریا) و لەبەردەم تاشە بەردەکانیدا، توشی هەمان حاڵەت بوو. ئێستا دەیەوێت رووناکی و ئەودیمەنانەی بوونە فریاد رەسی، لە یادەوەریدا هەڵبگرێت.. لە ساتەوەختی وادا هەموو شتێک رەنگی دەریا دەگرێت، تەنانەت دەریاش. ئیتر ئەو "نەفیلۆکتات"ە و نە "ئەمبادۆکلیس"، بە کورتیەکەی ئەو "دیۆنیسۆس"ە. لێرەدا روناکی و رەنگی "زەرادەشت"ی دەست دەکەوێت و پێشتریش، دەستی بە میوزیک رادەگات.

"نیچە" پێی وایە میوزیک لە باریدایە وێنە دروست بکات، بەڵام هەرگیز وێنە ناتوانێت میوزیک بەرهەمبهێنێ. لە رێگای (بۆرتۆفۆنۆ)دا ئاواز و نۆتەکانی سەرەتای سەمفۆنیای نویەمی "بتهۆڤن" دەڵێتەوە، تا یارمەتی وشەکان بدات سەما بکەن.. سوک و لەسەر خۆ رێ دەکات و قاچەکانی دەبنە شاعیر (ئازاد و بوێر و باوەر بە خۆ بوو)، قاچەکانی دەبنە سەماکار.

لە سەماکردندا، جوڵە نابینێت و پێی وایە سەما ژیانە، سەما بە لێکردنە بۆ زیندەگی . ئەگەر جوانییەکی راستەقینە

هەبێت، ئەوا ئەو جوانیە تەنها لە هارمۆنیەتی نێوان جەستە و فیکردا لە دایک دەبێت.

لە بەر رۆشنایی کانوونی دووەمدا، دەتوانین هەست بە بۆن و بەرامەی بەهار بکەین کە بە شەرم و خاوو خلیچکیەوە لە رێی نەسیمی نادیاری باوە، لێمان نزیک دەبێتەوە. شاعیر خەون بە دنیایەکەوە دەبینێت کە خەڵکەکانی بزانن، چۆن بە ئەمەک دەبن بۆ زەوی کاتێک سەما دەکەن و سەرلەنوێ و لە رێی جەستەیانەوە پەی بە ژیان دەبەنەوە.

"زەرادەشت" لە رێی شیکاری و بەڵگە هێنانەوەوە لە دایک نەبوو، بەڵکو لە رەنگی ئاسمان و پاکژی هەواوە سەرچاوەی گر ت. لە ئەنجامی ئەو تالێهاتن و سەرئێشانەوە لە دایک بوو کە "نیچە" یان بەرنەدا .لە پیاسەی رێگاکان و توناوتونی جەنگەڵەکان و لە بێزاری و نائومێدی ناو ژوورێکی تاریک و نوتەکی رۆژێکی باراناویدا لە دایک بوو. لە ئەنجامی ئەو سەرما و سۆڵانەوە لە دایک بوو کە دەمارەکانی لەشی دەتەزاند و دەست و پەنجەی لە گۆدەخست. هەمووشتێک پێویستە بە جەستەدا گوزەر بکات. ئەو تەنیا کەسێکە، ئەم رێگایەی کەشف کردبێت.

ئەوەی دەزانێت چۆن گوێ لە دەنگی جەستەی دەگرێت، دەزانێت چۆن رێ دەکات و دەزانێت وەچەی لە سروشت بێت؟ تەنها سەماکارە. کێ دەتوانێت لەیەک کاتدا سەر بە زەوی و سەربە ئاسمانیش بێت، ئازاد و سوکەڵەش بێت؟ ئەوە تەنها سەماکارە. کێ دەزانێت چۆن دەبێتە خاوەنی میوزیک؟

سەماکار. کێ دەگاتە حاڵەتی وەجد؟ ئەویش هەر سەماکارە. ئایا ژیان کاتی پێویست بە "نیچە- زەرادەشت" دەدات تا لەگەڵ مەردومدا بدوێت؟ بەقەد پێویست رووناکی و دەریا و شاخ و رێگای تەنهایی پێ دەبەخشێت، تا پێیەکانی لەسە لاپەرەکان سەما بکەن؟

"نیچە" بێئاگا بوو لەوەی کە کاتێک گەیشتە (رابالو) تەواو شەو داهاتبوو.. ئوتێلەکە تاریک و نوتەک.. تەنها تروسکاییەک لەودیو پەنجەرەکانەوە دەبینرا. ڕاڕەوە تاریکەکە دەبرێت و رێک و راست دەچێتە ژوورەکەی خۆی. وشەکان ساز و ئامادەن.. دە رۆژ بەسە بۆ نوسینی یەکەم کتێب.. بیست چامە بە میوزیکی نادیار، هۆشداریەک بۆ هەموو ئەوانەی بە چاوی سوک سەیری جەستە دەکەن.. ئایا هەموو شتێک لە جەستە نەخۆش و بیمارەکەیەوە فێرنەبوو؟ (ئێش و ئازار هیچ کاتێک بەهانەنیە بۆ دژایەتیکردن و بە گژاچونەوەی ژیان). نەخێر دەرد و ئازار خاوەنەکەی ناچار دەکەن، بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و بەرە و بەرزاییەکان بچێت.. واتە وەک سەماکارێک و وەک خواوەندێکی زیندوو، بەرە و ئاسمانەکان بداتە شەقەی باڵ و لەوێدا بژی.

متاهات (نصوص و حوارات في الفلسفة و الادب)، ترجمة: حسونة المصباحي- دار الشؤون الثقافية العامة.

کاتێک "نیچە" خۆی دەلاوێنێتەوە

هاشم سالح

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

"نیچە" کتێبێکی بچوکی هەیە، بەدەگمەن نەبێت کەس باسی ناکات. ئەو کتێبە تەنها کتێبێکە تیایدا باس لە ژیانی خۆی بکات. واتە کتێبەکە بەبایۆگرافیایەک دەچێت. ناونیشانەکەی ئەمەیە: (ئەوەتانێ مرۆڤ، چۆن دەتوانیت ببیت بەخۆت). لەم کتێبەدا کە بەستایلێکی شیعری زۆر بەرز نووسراوە، "نیچە" دەگەڕێتەوە دواوەو سەرنج لەڕابردووی خۆی دەگرێت، بۆ خاتری ئەوەی کارو بەرهەمو دەسکەوتەکانی هەڵبسەنگێنێ. ئەم کتێبەی چەند مانگێکی کەم بەر لەوە نووسی کە دێوانە بێتو هەشت ساڵ دوای مردنیشی واتە لە ساڵی 1908دا بڵاوکرایەوە.

شایەنی باسە تارماییەکانی دێوانەیی بەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبەوە دەبینین، بەتایبەت کاتێک "نیچە" بێحەد ستایشی خۆی دەکاتو مەزنی خۆی نیشان دەدات، لەکاتێکدا دەبوو ئەم کارە بۆ کەسانیتر جێبهێڵێت. "نیچە" چەمکو دەستەواژەی وا بەکاردێنێ کە بەڵگەی ئەوەن، دووچاری پارانۆیا بووەو پێشتر بەو زەقیەی لە نووسینەکانی دیکەیدا نەبووە.. ئەمە وەک ئەوە وایە لە هەرێمە زۆر ترسناکەکان نزیک بوو بێتەوەو بەرەو کۆتایی خۆی بڕوات.

کاتێک پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ یەکەمجار ئەم کتێبەم خوێندەوە، لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتبووم، بەڵام لەبەر

Scanned by CamScanner

خۆشـــیو پێکەنـــین، زوو زوو هەڵدەســـتامو دەکەوتـــمەوە بەپـشتا. کتێـبەکە لەنـاخەوە هەژانـدمی، چـونکە بەژیـانم ستایلێکی نووسینم بەو هێزو جوانییەوە نەبینبوو. ئەگەر هـونەر مەسـتت دەکـاتو لە چەشـەی دەق بێبەشـی وەکـی "ڕۆلان پارت" دەڵێت، ئەوا من مۆجیاری تـۆو خۆشـم دەکەم کە بچین ئەم کتێبەی "نیچە" بخوێنینەوە. گرەنتی ئەوەشت دەدەمـێ کە هەرگیـز لێـی جـاڕس نابیـت، بگـرە کە لە خوێنـدنەوەی بـویتەوە، خەم دات دەگرێـت. چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبەر هەسـتم کـرد تینـوی شـیعرم، بـۆیە سـەرلەنوێ چومەوە سـەر ئەم کتێـبەو وەک جـاری جـاران سەرمەستی کردم. لەدڵی خۆمدا وتـم: (بـژی سـتایل! بـژی هونەرمەنـد! بژی فردریک نیچە). بەڵێ من ئەو نووسـەرانەم خۆشـدەوێت کە دەزانـن چـۆن دەنووسـنو لەبەرزاییەکانـدا دەفـڕن، بەڵام ئەوانە ژمارەیان چەندە کە بەرەو لوتکە بەرزەکانت دەبەن؟ داخۆ ئەوانەی هاوشێوەی "نیچە"ن، لە مێژوودا ژمارەیان لە پەنجەکانی دەستێک یان دوودەست تێپەڕ دەکـات؟ ئەڵـبەت "دێستەیەڤسکی"و "جـان جـاک ڕۆسـۆ"و چەنـد کەسـانێکی دیکەش هەن.

بەهەرحـاڵ، گەر ئـێمە بـاس لە فەیلەسوفەکان بکەیـن، ئەوا یەک فەیلەسوف شک نابەم بتوانێت لەڕووی جوانی ستایلەوە، شـان لەشـانی "نـیچە" بـدات. مـن کە ئەمە دەڵـێم وەرگێـڕانە فەرەنـــسیەکەیم خوێنـــدۆتەوە، ئەی ئـــاخۆ دەبێـــت دەقە ئەڵمانییەکەی چۆن بێت!.

فەیلەسوفی زۆر مەزنو ئۆغر هەن، بەڵام ستایلی نووسینیان ئەوەندە وشکو زبرە، بڕستت لەبەر دەبڕن. نموونەکانیان وەک: "ئیمانوێل کانت" لە ڕابردوودا و "یۆرگن هابرماس" لە ئێستادا. "نیچە" تەواو پێچەوانەی ئەمانە. ئایا دەکرێت بڵێین "نیچە" شاعیری فەیلەسوفەکانو فەیلەسوفی شاعیرانە؟ بێگومان ئەوە وایە.. وەک چۆن پێشتر ئەوەشیان بە"ئەبوعەلای مەعەڕی" دەوت یان "ئەبو حەیانی تەوحیدیان" بەئەدیبی فەیلەسوفانو فەیلەسوفی ئەدیان وەسف دەکرد؟

دواجار دەتوانم بڵێم بەم کتێبەی "نیچە" زۆر سەرسام بووم، لەبەرئەوەی ئاوازێکی دڵفرێنی تێدایە، ئاوازێک هەندێ جار لێوان لێو لە خەمو مەزنیو هەندێ جاریش پڕ لە تەنزو گاڵتەجاڕی. هەرچەندە ئەو بیریارێکی تراژیدییە، وەلێ دەتوانێت گاڵتەجاڕی بەخۆیو بەتەواوی مرۆڤایەتیش بکات.

"نیچە" دەتباتە ترۆپکی بەرزاییەکان، پاشان لە پڕێکدا فڕێت دەداتە خواری خوارەوەو چۆنی بوێت وا گەمەت پێدەکات. لە یەکەم لاپەڕەوە هەستم کرد خۆی دەلاوێنێتەوە، وەک ئەوەی ڕوخسەت خوازیمان لێبکاتو بڵێت: ماڵئاوا. ماڵئاوا، لەبەرئەوەی ماندووبوومو ئەرکی خۆم تەواوکرد، بەڵام ئاخۆ دەیزانی کە دوای چەند مانگێک شێت دەبێت؟ هەرچۆنێک بێت ئیتر دوای لاواندنەوەی خۆی، تووڕەیی خۆی بەسەر هاوسەردەمەکانیدا خاڵی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی نەیانتوانیووە بیناسنو لێی تێبگەن.

Scanned by CamScanner

"نیچە" بەپێچەوانەی ئەوەی ئێمە پێمان وایە، لەماوەی ژیانی خۆیدا ناوبانگی دەرنەکردو کەس نەیدەناسی. ئەو وەک "دێستەیەڤسکی"و "ڕۆسۆ"و "گۆتە" نەبوو. گەورەترین نووسەری ئەڵمانیا بوو، بەڵام تا مرد کەس درکی پێنەکرد! لەلاپەڕەی یەکەمی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: (بەوپێیەی ویستی من ئەوەیە کە لە کورتترین ماوەدا، گەورەترینو مەترسیدارترین شتێ لە مێژوودا بەمرۆڤایەتی بڵێم، ئەوا پێویستە خۆم بناسێنمو پێتان بڵێم کە من کێم. دواجار من کێم؟ لەڕاستیدا دەبوو خەڵکی بزانن من کێم، چونکە من لەوانە نیم کە دەژینو دەمرن، بێ ئەوەی شوێن دەستێک لە پاش خۆیان جێبهێڵن. جیاوازی گەورەی نێوان شکۆو مەزنی ئەرکی منو بستە بالآیی هاوسەردەمەکانم لەوەدایە کە: کەس ناوی منی نەبیستو کەس نەیبینیم! من تەنها لەسەر ئەو بڕواو متمانەیە دەژیم کە بەخۆمم هەیە. ڕەنگە بونم خۆیشی بریتیی بووبێت لەوەهمو خەیاڵ پلاوێک؟ من کەسێکم هەرگیز نەبووم. هێندە بەسە کە قسە لەگەڵ هەر ڕۆشنبیرێکی ئەڵمانیدا بکەم کە دێت بۆ سویسرا، تا دڵنیابم لەوەی من بوونم نییە. کەس ناوی نەبیستوومو کەس نازانێت فردریک نیچە کێیە! لەبەرئەوە پێویستە من پێتان بڵێمو ورياتان بکەمەوە کە: نەکەن بەهەڵەدابچنو منتان لەگەڵ خەڵکو خوای تردا لێ تێک بچێت!).

سەروەختێک "نیچە" ئەمانەی دەنووسی، ئایا پێشوەخت دەیزانی کە بەهەڵە تێی دەگەن؟ ئایا دەیزانی بەشێوازێکیتر

Scanned by CamScanner

نووسینەکانی دەخوێنرێتەوەو لێکدانەوەی دیکەی بۆ دەکرێت؟ ئایا ئەو پێشبینی ئەم شتانەی کردبوو، بەرلەوەی ڕووبدەن؟ لەڕاستیدا دواتر ئەمە لەگەڵ نازیزم و فاشیزمدا ڕوویدا.. ئەو مەسەلەیە هەموولایەک دەیزانێت کە چۆن "هتلەر" بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا، دوای مردنی "نیچە" سود لە ناو نێوبانگ وەرگرێت. وەک دەزانرێت "هتلەر" سەردانی ماڵەکەی "نیچە" دەکاتو لەبەردەم پەیکەرەکەیدا دەنووشتێتەوەو سڵاو لە "ئەلیزابیس"ی خوشکی دەکات. لەو سەردانەدا "ئەلیزابیس" گۆچانەکەی "نیچە" دەبەخشێتە "هتلەر"، ئەو گۆچانەی لەگەڕانو پیاسە دوورودرێژەکانیدا لەئامێزی سروشتدا بەکاریدەهێنا. وەک لای هەمووان ئاشکرایە، "نیچە" کوشتەی گەڕانو هاتووچۆبوو بەناو دۆڵو چۆمو شاخەکاندا. ئەوەی "ئەلیزابیس" کردی، گەورەترین خیانەت بوو دەرهەق بەو بیرمەندە مەزنەی کە ڕەنگە لەزۆر شتدا لەگەڵی ناکۆک بین، بەڵام نابێت بۆ چرکەساتێکیش گومان لەوە بکەین کە چەند عاشقی هەقیقەت بووە.

ڕاستە ستایلی نووسینی ئاگرینو گڕکانی بووەو ڕەنگە "هتلەر"یش لەوتارە ئاگرینیەکانیدا، ئەو جۆشو خرۆشە نیچەییەی بەرجەستەکردبێت. ئەمە هەقیقەتێکەو نکوڵی لێناکرێت. ئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی بەدحاڵیبوونێکی زۆر، بەڵام "نیچە" بۆ سۆراخکردنی هەقیقەت، ڕویکردە بنەمای شتەکانو کەوتە پشکنینی بنجو بناوانی مەسەلەکان. بۆیە لەو باوەڕەدا نین کەسێکی وەک "هتلەر" یان کەسانی هاوشێوەی

Scanned by CamScanner

ئەو، بتوانن لە "نیچە" حاڵی بن. سەرەڕای ئەوەش "نیچە" هەرگیز ئەڵمانییەکی ڕەگەزپەرست نەبووە، بەڵکو بەردەوام ڕەخنەی لە ئەڵمانەکان گرتووەو سەرکۆنەی کردون. ئەوەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد ئاوێتەکردنی ڕەگەزو میللەتان بوو، بۆ خاتری گەیشتن بەچاکترین ڕەگەز، بۆ گەیشتن بەسوپەرمان. هاوکات جەختی لە چەمکی ئیرادەی هێزو باڵادەست بوون دەکردەوەو پێی وابوو، ئیرادەی هێزو ململانێ دینامۆی مێژووی سیاسی گەلانو تەنانەت تاکەکەسیشە. ئەمە لە کاتێکدا "کارل مارکس" پێیوابوو، ململانێی چینایەتی بزوێنەری مێژووەو لای "سیگمۆند فرۆید"یش، لیبیدۆ یان ئارەزووی سێکسی ئەنگێزەو دانیامۆی هەموو شتێکە.

ڕەنگە "نیچە" قوڵترین بیریارێک بێت کە مێژووی فەلسەفە بەخۆیەوە بینیبێت، بەتایبەت ئەو پرسو پاسانەی لەسەر چەمکی (ژیانو مردنو بوون گۆڕینو ئامانجدارێتی مێژوو) هێنانەیە ئارا، بەڵام بەداخەوە هەندێ تێزەو تیورەی دەربارەی هەژارانو خەڵکانی دەردەدارو لاواز یان بۆچوونەکانی دژی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو مۆدێرنە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ "هتلەر"و نازیستەکان یان "مۆسۆلینی"و فاشیستەکان، تا بەئاسانی دەست بەسەر میراتی فیکری ئەودا بگرنو بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن.

مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە داکۆکی لە"نیچە" بکەم، من دەزانم هەندێ بیروبۆچوونی هەیە ئاڵۆزو ناڕۆشنە، بەتایبەت ئەوانەی زۆر بەتوندی پەلاماری "سوکرات"و "مەسیح" دەدات،

Scanned by CamScanner

هەروەها کاتێک هێرش دەکاتە سەر "کانت"و "هیگڵ"و تەواوی کەلەپووری ئەخلاقی فەلسەفەی ئەورووپی. هەر لەبەرئەمەیە کە لە ریزی فەیلەسوفە نائەقلانیەکاندا پۆلێن دەکرێت، یاخود بەیەکەم مەرجەعی فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن ئەژماردەکرێت کە دیارترینیان بریتین لە: "مارتن هایدگەرو میشێل فۆکۆو جیل دولۆزو جاک دێریداو فرانسوا لیوتاردو...هتد". "نیچە" بەهێنانە ئارای ئەم ئاقارە فەلسەفییە، یەکەمین کۆدیتای لەدژی مۆدێرنەی لیبرالیزمی دیموکراسی ئەنجامدا، ئەو لیبرالیزمەی "جۆن لۆکو ئیمانوێل کانتو هیگڵ"و چەندانیتر، بەدامەزراندنو سەرپێخستنیەوە ماندووبوونو بوو بەیەکێک لە دەسکەوتو شانازییەکانی خۆرئاوا.

من بۆ خۆم گەر ناچاربکرێم لە نێوان "نیچە"و "کانت"و "رۆسۆ"دا هەڵبژێرم، ئەوا بێ هیچ دوودڵییەک "کانت"و "رۆسۆ" هەڵدەبژێرم. "نیچە" بەو پەرگیریەیو بەهۆی بەکەم سەیرکردنی گەل یاخود (مێگەل)و ستایشکردنی ئۆرستۆکراتیەتو ئاقاری دەستەبژێری، دەمترسێنێو دووچاری فۆبیام دەکات، بەڵام ناتوانم خۆم لەبەردەم سیحری ستایلی نووسینەکانیو لەبەریەک هەڵوەشاندنی بۆ سەرجەم ئایدیۆلۆژیا دۆگماکان رابگرم. لەمەدا کەس شان لە شانی نادات.. باگوێی بۆ بگرین کاتێک بەرزدەفرێت: (ئەوەی بزانێت چۆن هەوای نووسینەکانم هەڵدەمژێت، تێدەگات کە ئەوە هەواو نەسیمی لوتکە بەرزەکانە، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی بۆ حازرکات، گەر نا ئەوا رەق دەبێتەوە.. شەختەو سەهۆڵبەندان نزیک بۆتەوەو

Scanned by CamScanner

تەنهایش تۆقێنەرە، بەڵام شتەکان چەند جوانن لەناویاندا، کاتێک لەناو دەریایەک لەڕوناکیدا مەلە دەکەن!.. مرۆڤ چەند دەتوانێت بەئازادی تیایاندا هەناسە بدات! یان هەست بەچەندین شت دەکەیت کەوا لە خوارتەوەن!).

سەبارەت بەتێگەشتنی بۆ فەلسەفەو چۆنیەتی مومارەسەکردنی دەڵێت: (فەلسەفە وەک ئەوەی من هەمیشە تێیگەیشتووم‌و ئەزمونم کردووە، ئەوە دەگەیەنێت کە لەبەستەڵەکێکدا بەسەر لوتکە بەرزەکانەوە بژیت. ئەوە دەگەیەنێت لەبووندا بۆ هەموو ئەو شتانە بگەڕێیت کە وات لێدەکەن لەخۆت نامۆ بیت‌و پرسیار لەخۆت‌و لەقەناعەتە نەگۆڕەکانت بکەیت. بەکورتیەکەی فەلسەفە واتە گەڕان بەدوای هەموو ئەو شتانەدا کە مۆراڵی تەقلیدی پایەماڵی کردون. من لەڕێی پرکێشیکردنم بۆ ناوچە یاساغ‌و قەدەغەکراوەکان‌و ڕۆچونم بەناخی شتەکاندا، چونم بۆ ئەو جێگایانەی کەس بۆیان ناچێت‌و سەرکێشی وا ناکەن، ئەزموونێکی گەورەم دەسگیربووەو ئێستا دەزانم ئەو هۆکارانە چین بەدرێژایی ڕۆژگار مرۆڤیان ناچارکردووە، ئەم‌و ئەو پیرۆزبکەن‌و بیان گەیەننە پلەوپایەی ئایدیالی ئەخلاقی، ئەوکات بۆم دەرکەوت هەقیقەتی ژیان لای فەیلەسوفانیش ونەو لەویژدان‌و کارەکتەری فەیلەسوفان حاڵی بووم. دواتریش بۆم دەرکەوت کە پێودانگی ڕاستەقینەی بەهاکان بەمجۆرەیە: بڕی ئەو هەقیقەتە چەندە کە فەیلەسوفێک بتوانێت تەحەمولی بکات، یان پرکێشی لە پێناویدا بکات؟ ئەمە پرسیاری سەرەکییەو جگە لەمە هەرچی

Scanned by CamScanner

مەیە شتی لاوەکییە). "نیچە" لەم قسانە مەبەستی چییەو چۆن دەتوانین لەم پێناسە سەیروسەمەرەیەی فەلسەفە تێبگەین؟

ئەوەی ڕاستی بێت "نیچە" ڕێگە بەخۆی دەدات، گومان لە هەمــوو شــتێک بکــاتو بــاجی ئەم گومانکردنانەشــی بــدات. باجەکەشی ئەوەبوو ئەقڵی لەدەست داو شێت بوو. ئەو گومانی لەهەمــوو ئەو بیــروڕاو ئایــدیۆلۆژیانە کــرد کە مرۆڤــایەتی لە کۆنەوە تا ساتەوەختی خۆی، بڕوای پێیــان هەبوو. ئەو پێیوا بــوو هەمــوو ئەوانە ڕێژەیــیو مێــژوین، ئەگەرچــی خۆیــان وەک هەقیقەتــی ڕەهــاو پیــرۆزو ترنــسندنتالی نیــشان دەدەن. ئەفلاتۆنیزم یەکەمجار وایکردوو دوای ئەویش مەسیحیەت، ئەو مەسیحیەتەی هەر لە منــداڵییەوە دەرگیــری بــوو، لەبەرئەوەی باوکی قەشەیەکی پرۆتستانتی بوو، هەروەها باپیریشی. وەکی ئاشــکرایە "نــیچە" لە دەســتەواژەیەکی زۆر بەناوبانگیــدا بــاس لەمەرگی خواوەند دەکات، مەرگی خواوەنــدی کــۆنی مەســیحی. مەبەســتی لەو دەســتەواژەیە ئەوەیە کە خواپەرســتی تەقلیــدی مەسیحی لەئەوروپا کۆتایی. هــات، بەتــایبەت دوای ســەرکەوتنی زانــستو شۆڕشــی پیــشەسازیو فەلــسەفەی پۆزەتڤــستی لەسەدەی نۆزدەهەمدا (واتە لەو سەدەیەدا کە نیچە خۆیی تێدا ژیاوە).

کەواتە "نــیچە" بەوپەڕی بــوێریو قارەمــانێتیەوە، دەســتی بەگەورەتــرین ڕســکو سەرکێــشی فیکــری کــرد، ئەویــش لەبەریەکهەڵوەشــانی خــودو بیروبــاوەڕە موقەدەســەکان بــوو. مەزنــیو گەورەیــی "نــیچە"ش لێــرەدایە. ئەو تــوانی تــادواپین

Scanned by CamScanner

چرکەساتو تا دوایـن دڵـۆپو تـا خـاڵی کۆتـایی، شـەڕی ڕاستگۆییو هەقیقەت لەگەڵ خۆیدا ئەنجام بدات. ئەو دەڵێت: (بڕی ئەو هەقیقەتە چەندە کە دەتوانیت شانی بدەیتە بەر، یاخود لە پێناویدا سەرکێشی بکەیت؟). هیچ بیریارێکی دیکە بەوێنەی "نیچە" نەیانوێراوە، پەردە لەڕووی بیروباوەڕەکانی ڕابردوو هەڵماڵنو لەبەریەکیان هەڵوەشێنن یاخود قودسیەتیان لە بەردامـاڵن. ئەو دەیویـست ئەو بتـانە بـشکێنێت کە مـرۆڤ خۆی دروستی کردبوونو دەشی پەرستن. لەم ڕووەوە بڕوانە کتێـبەکەی (ئـاوابوونی بتەکـان). ڕەنـگە "نـیچە" گەورەتـرین بیریـاری ڕەخنەیـیو لێـک شـیتاڵکردن بێــت، لە مێــژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو فەلسەفە لەسەرزەمینێکی سوتاودا دەکات کە هیچ شتێک لە پێشو پاشی خۆی نابوێرێت.

ئەو گەورەتـرین کۆدێتـای لە مێـژووی فەلـسەفەدا ئەنجامـدا، کۆدێتـایەک کە هەرچـی پـێش خـۆیەتی دەیـسڕێتەوەو هەرچـی لەبەردەمیـدا بێـت ڕای دەماڵێـت. نـائەقلانیەتو ڕادیکـالیەتی وێرانکەرانەشـی لێـرەدایە، بەڵام بەمەش دەتوانێـت بەمیتـۆدە جینـالۆجیەکەی بەنـاخی شـتەکاندا ڕۆبچێـتو فەلـسەفەکەی خەسڵەتێکی ڕادیکالانەی هەبێت.

"نـیچە" بـڕوای وابـوو قبـوڵکردنی هەقـیقەت ئەسـتەمەو لەخواردنەوەی ژەهـر زەحمەتـرە! ئەو شـتانەی ئێمە باوەڕمـان پێـی هەبـوو لامـان وابـوو ئایـدیالیو ترنـسندنتالیە، بۆمـان دەرکەوت مێژوویيو مرۆییە. کتێبە بەناوبانگەکەشـی (مرۆڤـانە، زێدە مرۆڤانە)، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەلـبەت ئەم قسانە

Scanned by CamScanner

تووشی شۆکمان دەکات، لەبەرئەوە "نیچە" دەڵێت: (گەڕان بەدوای هەقیقەتدا، چەند پەیوەندی بەمەعریفەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بەبوێریو ئازایەتییەوە هەیە). ئەو پێیوایە تەنها بیریارە مەزنەکان دەتوانن سەرکێشی بکەنو پەی بەهەقیقەتە قورسو گرانەکان بەرن، لە کاتێکدا خەڵکانی دی لەو مەسەلەیە خۆیان بەدزنەوەو قەرەی ناکەون. هەر لەبەر ئەمە بوو "فرۆید" دەیوت: (من نە زاناو نە ڕۆشنبیرمو نە بیریار، بەڵکو فاتیحم). کەواتە هەقیقەتە گەورەو گرانەکان، تەنها خۆیان ڕادەستی بیریارانی مەزنی وەک: "دیکارتو سپینۆزاو ڕۆسۆو کانتو هیگڵو نیچە" دەکەن.

لێرەوەیە "نیچە"دەڵێت: (پێویستە هەقیقەت بەش بەشو کەم کەم، بدرێتە خەڵکو خواو میللەت، بۆ ئەوەی بتوانن هەزمی بکەن. ئەم پرۆسەیە تەواو وەک دەرمان دانە بەنەخۆش، گەر هەر هەموویت بەسەریەکەوە پێدا، لەبری ئەوەی شیفای بدات دەیکوژێت). هەقیقەت ڕەنگە خەڵکو خوا بەهەژێنێو ئەقڵیان بشڵەقێنێ، دەرهەق بەمەش بەپەرچەکردارێکی توند وەڵامت دەدەنەوە کە لەوانەیە بتکوژێت. نموونەش بۆ ئەمە ئاشکراکردنی مێژوویی بوونی بیروباوەڕە ئاینییو یاخود تێکەستە موقەدەسەکانە، لە ئاینی مەسیحیو یەهودیو ئیسلامدا. بەهۆی ئەمەوە لەئەوروپاو لەسەدەکانی ڕابردوودا، خوێنێکی زۆر ڕژاو بیریارگەلێکی زۆریشی ناچارکرد ڕابکەنو خۆیان بشارنەوە یاخود کتێبەکانیان بەناوی خۆیانەوە بڵاونەکەنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو

Scanned by CamScanner

هەقیقەتانەی پەییان پێ بردو ئاشکرایانکرد، ترسناک بوون یاخود دژ بە قەناعەتو بیروباوەڕی باوبوون. لەوانە کەسانێکیان تیرۆرکران، وەک "جۆردانۆ برۆنۆ". هەروەها دادگایکردنی کەسانی وەک "گالیلۆ گالی"، لەبەرئەوەی سەلماندی کە ئەوە زەویە بەردەوری خۆردا دەسوڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە.

بڕوابوون بەو تێزەیەی کە زەوی چەقی گەردوونە، لەلایەن "ئەرستۆ"و "بەتلیمۆس"و بیروباوەڕی تیۆلۆژی مەسیحیەوە پێکەوە، پشتیوانی لێدەکراو بوو بووە هەقیقەتێکی موقەدەس. هەر کەسێکیش گومانی لەو هەقیقەتە موقەدەسە بکردایە، بەشێتو کافرا دەدرایە قەلەمو دەبوو بەتوندترین شێوە سزا بدرێت، بەلام پێشکەوتنی زانست بووە مایەی ژێرەوژوورکردنی ئەم هەقیقەتە گەورەو پیرۆزەو ئاشکراکردنی درۆیەکی گەورە، لەسەردەستی "گالیلۆگالی". قبولکردنی ئەم هەقیقەتە نوێیە لەلایەن خەلکو خواوە، ماوەی دوو سەدەی ویست، تا بووە هەقیقەتێکی کۆنکرێتیو شوێنی هەقیقەتی کۆنی گرتەوە کە لە ڕاستیدا هەلەبوو، بەلام بەدرێژایی چەندین سەدە وەک هەقیقەتێکی ڕەها خۆی سەپاندبوو.

هەروەها دەتوانین باس لە چەند نموونەیەکی دیکەش بکەین: (مرۆڤایەتی لەڕێی ڕەخنەی نوێی مێژووییەوە، ئاشکرایکرد کە یەسوع مرۆڤەو کوڕی خوا نییە، بەمەش جیاوازی کرا لە نێوان یەسوعی ئەفسانەو یەسوعی مێژوو. یان ئاشکراکردنی ئەوەی تەورات لەسەردەمی موسادا نەنووسراوە، بەلکو بەماوەیەکی

Scanned by CamScanner

زۆر دوای ئەوە نووســراوە. هەروەهــا ئاشــکراکردنی هەنــدێ هەقیقەتی دیکەی وەک: پەیوەندی لافاوەکەی نوح‌و نووستنی ئەساحب لکەهـف بەئەفسانەی گلگامێشەوە، یان بەگشتی کاریگەری ئایین‌و ئەفسانەو بیروباوەڕە دنیاییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن، لەسەر ئایینە ئاسمانییەکان). ئەم دۆزینەوانە بوونە مایەی ئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان لەو بەرزاییەوە بێنە خــوارێ‌و بێــنەوە ســەر زەمینــی مێــژووی مرۆڤــایەتی، ئەم پرۆسەیەش کاتێک لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویدا، بووە مـایەی هەژانـی هۆشـیاری مەسـیحی‌و یەهـودی. لەبەرئەوە "نـیچە" پـڕ بەدەمی هاواری کرد: (ئەی هەقـیقەت، ئەی گەورەتـرین درۆ لە مێژوودا!!).

مـن کە ئەمــانە دەڵــێم داوای لێبــوردنیش لە ئیمانــدارانی مەسـیحی دەکەم، ئەوانەی زۆر ڕێــز لە بیروباوەڕیــان دەگـرم‌و پێموایە "مەسیح" هێنـدە گەورەو مەزنە گەر خـوایەتی بەمرۆڤ بـدرایە، ئەوا بەنـسیبی ئەو دەبـوو، وەک ئەوەی "جـان جـاک ڕۆســۆ" لەیەکێــک لە دەقە بەرزو جوانەکــانی خۆیــدا باســی دەکات. هەروەها داوای لێبوردن لەئیمانـدارانی دیـکەش دەکەم، لەبەرئەوەی لەهەمــوو ئاینێکــدا هەنــدێ بیروبــاوەڕ هەن کە بەتەواوەتـی لە کـۆنترۆڵی ئەقـڵ دەردەچـن‌و لەڕێـی قەنـاعەتی کوێرانەوە خۆیان دەسەپێنن.

کاتێــک بــاس لەم شــتانە دەکەم، بیــری ئەو وتەزایەم دەکەوێـتەوە کە بـاس لەوە دەکـات قوئـان خـولقێنراو نیـیە، ئەمەش دوای تێکـشکانی موعتەزیلەکــان بەر لە هەزار ســاڵ

Scanned by CamScanner

لەئێستاو سەرکوتکردنیان لەلایەن حەنبەلیەکانەوە. هەروەها بیر لەو چیرۆکە قەشەنگە دەکەمەوە کە بەمنداڵی ئەوقی دەکردینو تووشی دڵەخورپێی دەکردین، هەرچی جارێک باسی ئەوەیان بۆ دەکردین کە "پێغەمبەر" (د.خ)، بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان چووە تا بگاتە لای عەرشی یەزدانو لەوێ بەچاوی خۆی خودا ببینێ. با بۆ ئەمە نموونە بەژیانی ئەمڕۆمان بهێنینەوە، ڕەنگە لەڕوی بایەخو گرنگییەوە لەئاست ئەو شتانە نەبێت کە قسەمان لێکرد، بەڵام هەر دەکرێت باسیان بکەین. ئایا چەندین نەوەی مرۆڤایەتی قەناعەتیان بەوە نەبوو کە کۆمۆنیزم هەقیقەتی ڕەهایە؟ ئایا پارتە عەرەبیو غەیرە عەرەبییەکان پێیان وا نەبوو کە دوای هەرەسهێنانی لیبرالیزمو کەپیتالیزم، کۆمۆنیزم تەواوی دنیا دەگرێتەوە؟ ئایا خەڵکانێک نەبوون دەیانوت مارکسیزم-لینینیزم، بیروباوەڕێکی زانستییەو پشت ئەستوورە بەیاساگەلێکی بابەتی کە هیچی لەیاساکانی فیزیاو کیمیاو ماتماتیک کەمتر نییە؟، بەڵام ئەی دواتر چی ڕوویدا؟ چی بەسەر زانستی "جێرانۆڤ"و ئەفسانەکانی "لیسنکۆ"دا هات، دەربارەی زانستی بۆ ماوە؟ ئەڵبەت هەموومان بینیمان کە چۆن ئەو هەقیقەتە حاشا هەڵنەگرانەی کۆمۆنیزم، دارمانو بەلاداهاتن. ئەی ئەوانەی باوەڕیان بەم شتانە هەبوو چییان بەسەرهات؟ هەندێکیان شێت بوونو هەندێک خۆی کوشتو هەش بوو توانی خۆی بگونجێنێتو بەردەوام بێت، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆرو بێشومار.

کارێکی ئاسان نییە ئەو هەقیقەتەی باوەڕت پێیەتیو عومری گەنجیت لەپێناویدا بەهەدەرداوە، وا بەئاسانی هەرەس بێنیّ.. بۆیە دەکرێت بڵێین سودی "نیچە"و گەورە بیریارە ڕەخنەگرەکانی دیکە، لەوەدایە کە دەتوانن لە خەونی غەفڵەت زەدەیی بەئاگامان بێننو ئاگادارمان بکەن لەوەی، نابێت بڕوا بەهیچ بیروبۆچوونو ئایدیۆلۆژیایەک بێنین، بەرلەوەی تاوتوێی بکەینو بەوردی بیپشکنین، چونکە ڕەنگە ئەو شتەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین هەقیقەت سبەینێ وانەبێ. هەر لەبەرئەوەیە زانایانی بواری ئەبستمۆلۆژیا، جیاوازی لەنێوان دوو جۆر هەقیقەتدا دەکەن، هەقیقەتی سۆسیۆلۆژی (کە ڕەنگە لە چرکەساتێکی مێژووییدا، زۆرترین خەڵک بڕوای پێ بهێنن)، لەگەڵ هەقیقەتی زانستیدا (کە لەڕێی ئەزموونی زانستییەوە دەسەلمێنرێت). هەقیقەتی یەکەمیان لەتەواوی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا هەیەو ڕۆڵو سودی خۆی دەبێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەنها بەهەقیقەت ناژی، بەڵکو بەئەفسانەو فانتازیاو خۆشخەیاڵیش دەژی. مەبەستی پڕاوپڕی "نیچە" ئەوەیە کە مرۆڤ تەنها بە ئەقڵ ناژی!..

کەواتە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، شتێ نییە پێی بوترێت هەقیقەتی ڕەها، بەڵکو ئەو هەقیقەتانەمان هەیە کە دەکرێت ڕاست بکرێنەوەو دەسکاری بکرێن. تەنانەت "گاستۆن باشلار" یەکێک لە گەورە ئەبستمۆلۆژیستە هاوچەرخەکان، دەگاتە ئەوەی بڵێت: (هەقیقەت ئەو هەڵەیەیە کە بەردەوام

Scanned by CamScanner

ڕاست دەكرێتەوە!..)، بەڵام چی بكەین كە مرۆڤ كوشتەی هەقیقەتی ڕەهابێتو تەنها دڵنیایی ڕەها تینوێتی بشكێنێ؟

"غەزالی" دەوستەواژەیەكی جوانی هەیە باس لە چێژو تامی دڵنیاییو یەقین دەكات. ئەوەی ڕاستی بێت مرۆڤ كەسێكی لاوازەو ناتوانێت بەردەوام لەگومانو دوودڵیدا بژی. مرۆڤ بوونەوەرێكی تەنهایەو پێویستی بەدڵنیاییو بیروباوەڕێك هەیە، پابەندبێت پێیەوەو لە ونبوون بیپارێزێت، لەترسو بیمی مردنو فەنابوون پەنای بدات. دەبێت لەوە تێ بگەین كە مرۆڤ پێویستی بەدڵنیاییو بیروباوەڕێكی دامەزراو هەیە، بەڵام نابێت ئەمە ببێتە جۆرێك لە دۆگماو دەمارگیری داخراو، بەڵام ئەفسوس ئەمە ئەو حاڵەتەیە كە زۆربەی جار ڕوو دەدات. كتومت تیرۆری موقەدەسیش لێرەوە سەرچاوەدەگرێت. سەیرێكی دۆخی فێندەمێنتالستەكان بكە، بەهەموو باڵە جیاجیاكانیانەوە، ئەمە حاڵیانە. لێرەوەیە "نیچە" دڵێت: (ئەوەی دەمانكوژێتو جێی مەترسییە گومان نییە، بەڵكو یەقینە).

مرۆڤی گومانكارو میانڕەو گەر ناكۆكیش بیت لەگەڵیدا، ناتكوژێت، چونكە پێیوایە هەندێ لە هەقیقەتیش لای تۆیە، بەڵام ئەوەی خاوەنی یەقینی ڕەهابێت، هەر ئەوەندەی وەك ئەو بیرت نەكردەوەو باوەڕت بەشتەكانی نەهێنا، بەكافرو گومڕات دەزانێتو ئامادەیە بتكوژێت، لەبەرئەوەی لەبۆچوونی ئەودا تۆ كەسێكی تاوانباریت. سەیری ئەو بەدحاڵیبوونە گەورەیە بكەن، لە نێوان فێندەمێنتالستەكانی سەر بەئاینی

Scanned by CamScanner

مەسیحیو جولەکەو ئیسلامدا. هەریەک لەوانە پێیان وایە ئایینی خۆیان هەقەو ئەوانی دی باتڵن. یان تۆ سەیری ململانێی نێوان ئاینزاکانی ناو یەک ئایین بکە، بۆ نموونە سونەو شیعە لە ئیسلامو کاتۆلیکو پرۆتستانت لەمەسیحیەتدا. هەریەکە پێی وایە ئاینزاکەی خۆی تەعبیرە لە ئیسلامو مەسیحیەتی ڕاستەقینەو ئەوانیتر گومڕاو سەرلێشێواون. خۆیان لە بەهەشتدانو ئەوانیتر دۆزەخین.

تەواوی ئەم بیروڕایانە، "نیچە" بەمیتۆدە ژینالۆژیە فیلۆلۆژیە مێژووییەکەی، لەبەریەکیان هەڵدەوەشێنێت، ڕادیکالیەتی "نیچە"ش لێرەدایە. لێرەوە چەمکی هەقیقەت دەخاتەژێر ڕەخنەیەکی فەلسەفی توندوتۆڵو گومان لەبوونی دەکات. ئەڵبەت "نیچە" هەر بەتەنها پەلاماری مەسیحیەت نادات، بەڵکو ڕەخنە لەتەواوی ئەو بیروباوەڕە فەلسەفیانەش دەگرێت کە لەسەردەمی "سوکرات"و "ئەفلاتون"ەوە هەن تا بەئەمڕۆمان دەگات. واتە ئەو فەلسەفانەش لێک-شیتاڵ دەکات کە سەر بەسەردەمی ڕۆشنگەریو مۆدێرنەن. تۆ بڵێی بەم کارەی ویستبێتی پێمان بڵێت، ئەو دەسپێکی ڕەهایە لە مێژووی فەلسەفەدا؟ ئایا هاتنی خۆی بەهاتنێکی نوێ دەزانی، بەراورد بە"سوکراتو مەسیحو کانتو هیگڵ"؟ بێگومان وابوو، بەڵام ڕەتیدەکردەوە کە فەلسەفەکەی ببێتە ئاینێکی نوێو بچێتە ڕیزی بتەکانی پێشترەوە، تەنانەت خوێندکارەکانیشی وریا دەکردەوە لەوەی کە بەشێوەیەکی کوێرانە شوێنی بکەونو

Scanned by CamScanner

پیرۆزی بکەن. ئەوکات هەمان ئەو هەڵانە دووبارە دەکەنەوە کە نەوەکانی پێشتر تێیکەوتن، ترسی گەورەی "نیچە"ش لەمە بوو.

11173 27490

10796

ماڵپەڕی (الاوان).

Scanned by CamScanner

Fridrich Nietzsche

Translated by

Shwan Ahmad

Scanned by CamScanner